ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان
# کوردستان
www.kurdistanukurd.com
ژمارە ٧٩٣ ■ هەینی ١٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ _ ٥ی مارسی ٢٠٢١
دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## وەندی شێرمەن: بایدێن ئیزن نادا ئێران چەکی ناوکیی هەبێ

وەندی شێرمەن، بژاردەی سەرکۆماری ئامریکا بۆ پۆستی جێگری وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە ڕایگەیاند دۆخەکە بە نیسبەت ساڵی ٢٠١٦ـەوە گۆڕاوە و پێویستە ڕێککەوتنێکی بەهێزتر لە بەرجام بکرێ.

شێرمەن کە لە مەجلیسی سێنای وڵاتەکەیدا قسەی دەکرد، پێداگریی لەسەر ئەوە کردەوە کە «جۆ بایدێن»ی سەرۆککۆمار سوورە لەسەر ئەوەی ئیزن نەدا ئێران چەکی ناوکیی هەبێت.

هەروەها ڕۆژی ١٣ ڕەشەمە بەشێک لە نوێنەرانی مەجلیسی نوینەرانی ئامریکا ئامریکا بۆ بڕیاردان لەسەر ڕەشنووسی مەحکوومکردنی «پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و هەوڵە تێرۆریستییەکانی ئێران» کۆ بوونەوە.



لەو کۆبونەوەیەدا ٢٤ نوێنەری لە دوو حیزبی کۆماریخواز و دێموکڕاتەکان سەبارەت بە گرینگیی پشتیوانی لە «ئیرانێکی سێکۆلار و بی چەکی ئەتۆمی» قسەیان کرد.

لەو ڕەشنووسەدا باس لەوە کراوە وڵاتی ئێران لە ڕابردوو و ئێستادا پشتیوانیی لە تێرۆریزم کردووە و دەبێ پێشی پێ بگیردرێ.

# تینوێتیی ڕێژیم بە خوێنی کاسبکارانی کورد و بەلووچ



سەروتار

## دوو هەرێم و یەک چارەنووس

**عەلی بداغی**

ژانی خوێ بە برین داکردن زۆر لە زامەکە بەژانترە. لەو ڕۆژانەدا کە لاوانی بلووچ بە تەقە و دەستڕێژی سپای پاسداران و هێزە چەکدارەکانی دیکەی ڕێژیم وەک گەڵای پاییز هەڵدەوەرن -چییە، چونکە چەند بۆشکە بێنزین و گازۆلیان ئاودیوی ئەوبەری سنوورەکان کردووە- سەرکۆماری بەمشووری! ئێران ڕایگەیاندوە کە بەشێک لە داهاتی سنوورەکان دەبێ بدرێتە خەڵکی ناوچەکە. ئەم قسانە ڕێک خوێ بە بریندا کردنە.

پێشتریش لە کوردستان ڕاست لەو کاتەدا کە کۆڵبەران و کاسبکارانی کورد کەوکوژی دەدرانە بەر دەستڕێژ و گیانیان لێ دەستێندرا، ئاغای ڕەحمانیی فەزڵی، وەزیری نێوخۆی جەنابی ڕوحانی گەلاڵەی بیمەکردنی! کۆڵبەرانی ورووژاند و باسی لە ڕێکخستنی چالاکی و هاتوچۆیەکانی کۆڵبەران کرد. ڕێکخستنەکەش ئەوە بوو کە لە هەموو خێر و بێری دەروازە و بازاڕە سنوورییەکانی کوردستان بۆ زیاتر لەو ٨٠ هەزار کۆڵبەرەی ناوچە، چەند هەزار کارتێکی ”پیلەوەری“ لەبەرچاو بگیردرێ کە ئەویش سپای پاسداران دەستی بەسەردا گرت و ئێستا بەکرێیان دەدا. تەنانەت هەرای پاوانکردنی کارتەکانی پیلەوەری لەلایەن بازرگانانی سەر بە سپای پاسداران -نەک کۆڵبەران و کاسبکاران- گەیشتە مەجلیس، بەڵام کێ هەیە لەوە بپرسێتەوە و ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## بانگکرانی ٣٨ کاربەدەستی ڕێژیم بۆ دادگای لاهە

دادگایەک لە لاهە کە لە کوشتاری خۆپیشاندەرانی خەزەڵوەری ٩٨ی ئێران دەکۆڵێتەوە و قەرار بوو لە مانگی ڕێبەندا و لە ماوەی سێ ڕۆژدا بەڕێوە بچێ، بۆ پووشپەڕی ساڵی داهاتوو دوا خرا. لەو دادگایەدا ٣٨ کاربەدەستی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی سکاڵایان لەسەر تۆمار کراوە کە خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم یەک لەوانە.

دادئەستێنی «دادگای نێودەوڵەتیی خەڵکیی خەزەڵوەر» داوای لە باڵوێزی کۆماری ئیسلامی لە شاری لاهە کردووە کە جگە لە عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم، حەسەن ڕووحانیی سەرکۆمار و، ئیبراهیم ڕەئیسیی سەرۆکی دەزگای داد و، ڕەزا فەزلیی وەزیری نێوخۆ و، مەحموود عەلەویی وەزیری ئیتلاعات ئاگادار بکاتەوە کە تۆمەتبار بە جینایەت دژی مرۆڤایەتی کراون و تاوانی پێشێلکردنی ڕەهای مافی مرۆڤیان لەسەرە و؛ ئەگەر بەڵگەیەکیان بۆ بەرگری لە خۆیان هەیە؛ بۆ دادگای بنێرن.

ئەو دادگایە ڕایگەیاندوە کە تا ئێستا سەدان بەڵگە و دێکیۆمێنتیان لەسەر جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی، کوشتنی ناقانوونی، ئێعدامی سەرەڕۆیانە، گرتن و ئەشکەنجەی بەندکراوان، دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر گیراوەکان و ئازاردانی کەسوکار و بنەماڵەکانیان بەدەستەوەیە.

## لە پیرانشار دوو برا بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپا کوژران

ڕۆژی چوارشەممە ٦ی ڕەشەمە، دوو برای خەڵکی پیرانشار بە ناوەکانی عەبدوڵڵا و عوسمان نادری، کوڕی مارف بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران، گیانیان لەدەست دا.


هێزەکانی سپای پاسداران لە جادەی گوندی «شیناوێ» بۆ گوندی «زێدان»، بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوو تەقەیان لەو دوو کەسە کرد و کوشتیانن. دواتر و پاش ناشتنی بەپەلەی تەرمەکانیان، قەبرەکانیان لە لایەن سپای پاسدارانەوە بە بێتۆن داپۆشرا. هاوکات ئیدارەی ئیتلاعات تەرمی عوسمانی تەمەن ٢٦ ساڵ و عەبدوڵڵای تەمەن ٣٦ ساڵی بە مەرجێک ڕادەستی بنەماڵەکەی کردەوە کە نە قسە بۆ مێدیاکان بکەن و نە پرسە و سەرەخۆشی بۆ ئازیزە بەناحەقکوژراوەکانیان دابنێن.

لە سەرەتای زستانی ئەمساڵەوە تا ئیستا ٤٢ کۆڵبەری کورد بوونەتە قوربانیی سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی کە ٢٥ کەسیان بەر تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم کەوتوون.

هەر لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردووشدا لە بەلووچستانیش ٢٣ کەس بە تاوانی! هاتوچۆی ناوچە سنوورییەکان و بەشداری لە خۆپیشاندانەکانی دژ بە کوشتنی «سوختبەر»ان بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم گیانیان لێ ئەستێندراوە.



٢ ڕێککەوتنی ئاداری ١٩٧٠ و بووژانەوەی حیزبی دێموکرات



٦ جەلیل گادانی وەک کەسایەتییەکی فەرهەنگی



٧ شەڕی ئێران و ئامریکا لە خاکی عێراق و سووریەدا



٨ ئایا مێژوو ڕێسامەندە؟



١١ زمان و دەسەڵاتەکانی

کوردستان
• ژمارە ٧٩٣
١٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ _ ٥ی مارسی ٢٠٢١

◆ دڕێژەی سەروتار

## دوو هەرێم و یەک چارەنووس

... مەگەر خوێنی خەڵکی کورد لەم وڵاتە بایی چەندە؟

چەشنی ئەوە ڕێک لە بەلوچستانیش ڕووی داوە. دوو ساڵ لەوە پێش بوو کە «تەرحی ڕەزاق» بۆ ڕێکخستنی فرۆشتنی سووتەمەنی لە ناوچە سنوورییەکان پەسند کرا، بەڵام جێبەجێکردنەکەی بە سپای پاسداران! درا هەتا ئەو کەسانەی کە سپا بە شیاویان! دەزانێ لەو خێروبێرە بەشیان پێ ببڕێ. بەمجۆرە هەروەک کوردستان، لە بەلوچستانش هەموو داهاتی ناوچە سنوورییەکان کراوەتە پاوانی سپای پاسداران و بەشی خەڵکی هەژار و بێکار و بێدەرەتانی ناوچەکەش ئەم فیشەکانەیە بە سینگیانەوە دەنرێ. کەسیش لەوە ناکۆڵێتەوە کە بۆ دەبڕن، بۆ دەکوژن؟ بۆ مەگەر ناکرێ و ناتوانن ئەو کەسانە بگرن و ئەگەر پێتان وایە تاوانێکیان کردووە بیاندەنە دەستی قانوون و دادگا؟ پاشان ئەگەر ئەو کەسانە تاوانی قاچاغیان دەدرێتە پاڵ، هەر لەبەر ئەوەی چەند گاڵۆن بێنزینیان پێ بووە، ئەدی سپای پاسداران بۆخۆی کێیە و چییە کە دەیەوێ هەموو هێڵی گواستنەوەی سووتەمەنی بە پاکستانی لە پاواندا بێ؟ مەگەر جیا لەوەیە کە «برایانی قاچاغچی» دەیان ساڵە بەو «حوکمی تیر»ەی بۆخۆیانیان بە ڕەوا زانیوە، ویستوویانە هەست و خوست لەو کۆمەڵگەیە ببڕن و خوێنی خەڵک لە شووشە بکەن؟

بارودۆخی کوردستان و بەلوچستان لە زۆر بارەوە لە یەکتر دەچن. لە هەژاریی خەڵکەکەیان، لە بەشمەینەتیی دانیشتووانیان، لە پشکیان لە داهات و بەرنامەکانی ئاوەدانکردنەوەی وڵاتدا، لە بێکاریی زۆر و پەراوێزخرانیان، لە سەرکوتی سیستماتیکی مافە نەتەوەیی و ئایینییەکانیان و، لە زۆر بوار و ڕەهەندی جۆراوجۆری دیکەدا لەتەنیشت یەکتری ناویان دێ؛ هەروەها لە شێلگیری و ڕوحی بەربەرەکانی و خۆ بەدەستەوە نەدانیشدا.

لە کوردستان «قاسم ڕەزایی»یەکان(١) سیفەتی تێکدەری ئەمنیەتی ئابووری دەدەنە کۆڵبەر و بە دەستدرێژکەری سنوور (متجاوز مرزی)یان ناو دەبەن و ڕشتنی خوێنیان بە حەڵاڵ دەزانن؛ لە بەلووچستانیش «حوسێن زولفەقاری»یەکان(٢) تۆمەتی شەڕاشۆیی و تێرۆریستبوون دەدەنە پاڵ ئەو خەڵکە هەژار و بێدەرەتانەی کە بژیوی ژیانی بنەماڵەیان لە ڕێگەی بەکۆڵدادانی چەند گاڵۆن گازۆڵ و بێنزین و فرۆشتنیان لەودیوی سنوورەکانەوە دابین دەبێ و کوژرانیان بە خەزا دەزانن.

ئەگەر بەلووچستان لە چەند دەیەی ڕابردوودا لە تەنیشت وشکەساڵی و ڕقی سروشت، کەمترین پشکیشی لە بەرنامە و پرۆژە ئابوورییەکانی حکوومەت پێ بڕاوە، کوردستانیش بە هەمان شێوە، هەم پەراوێز خراوە و هەمیش ئاو و سەرچاوە سروشتییەکانی بەتاڵان براوە و دەبرێ. ئەگەر کۆڵبەری و کۆڵبەرکوژی یەک لە دیاردە ناسێنەرەکانی ئێستای کوردستانە، ڕۆژ نییە لە بەلووچستانیش لە بێدەنگیی مێدیاکاندا کەس یان کەسانێک کە بە «سوختبەر»یان دەناسێنن گیانیان لێ نەستێندرێ.

ئەو کارەی کە لە ناوچە سنوورییەکان بە «قاچاغ» ناو دەبرێ و وەک پیشە سەرچاوی بژیوی سەدان هەزار کەسی ناوچە سنوورییە پەراوێزخراوەکانی کوردستان و بەلووچستانە، بەرهەمی ڕوانگەی ئەمنیەتی، سیاسەتی مافیایی و داگیرکەریی دەسەڵاتی ناوەندییە کە لەلایەک ئەو خەڵکە لە مافە بنەرەتییەکانی بێبەش دەکا و لەلایەکی دی زاڵبوون بەسەر ژیان و چارەنووسیان بە مافی خۆی و ئەرکی سەرشانی دەزانێ.

سەرکوتی خوێناوی و بێبەزەییانەی ئەو خەڵکەش لەلایەن ڕێژیمەوە لە فۆبیا و نیگەرانییەکی قووڵەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەویش ترس لە لاوازیی پتری دەسەڵاتی ناوەند -بەهۆی بەردەوامیی سزا ئابوورییەکان، نەبوونی ڕەواییەتی سیاسی و کەڵەکەبوونی قەیرانە جۆراوجۆرەکان- و ئەگەری زۆری سەرهەڵدانی بەرینی جەماوەری. لە ئەگەری ئەو هەستان و سەرهەڵدانەشدا خاڵی لاوازی کۆماری ئیسلامی بە پلەی یەکەم کوردستان و دواتر بەلووچستان و ناوچە پەراوێزخراوەکانی دیکەی ئێرانە. چونکی هەم پوتانسیەلێکی زۆری خەباتگێڕی لەو ناوچانە هەیە و هەم خەڵکەکەی خاوەنی حیزبی سیاسیی شوێندانەر و بەڕابردوون و سەرکوتی بێڕەحمانەی خەڵکی کوردستان و بەلوچستان -بە بیانووی جۆراوجۆر- هەمووی بۆ ئەوەیە کۆنترۆڵی ئەو ناوچە هەستیارانەیان لە دەست دەرنەچێ.


ئەوەی ئەو ماوەیە لە سەراوان ڕووی دا و دەیان کەسیان کوشت و، ئەوەی لە پیرانشار بە ڕۆژی ڕوون دوو برا لە بنەماڵەیەک دەدرێنە بەر دەستڕێژ و دەکوژرێن هەر بەوەندە نابڕێتەوە، چونکی مێژووی خەباتی کورد و بلووچ بە تایبەت لە چوار دەیەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا نیشانی داوە کە ئیرادەی ئەو خەڵکە بە سەرکوت و کوشتوبڕ بەچۆکدا نایە. حکوومەتیش کە نە توانای بەڕێوەبردنی وڵاتی هەیە و نە زەرفییەتی گۆڕان لە سیاسەتەکانیدا بەدی دەکرێ، ناتوانێ بۆ مانەوەی تا هەتایی پشت بە هێزی سەرکوت و داپڵۆسێنەری ببەستێ. بە تایبەت کە لە بەرەی دژدا خەڵکێکی مافویست لە سەنگەردایە کە نایەوێ چیدیکە باری قورسی ئەم دەسەڵاتە لە ئەستۆی بێ و ئامادەیە هەموو تێچوویەک بۆ ڕووخاندنی بدات.

***

١) «قاسم ڕەزایی، فەرماندەی هێزە سنوورییەکانی کۆماری ئیسلامییە


٢) حوسێن زولفەقاری، جێگری ئەمنیەتی_ئینتیزامیی وەزیری نێوخۆی ڕێژیمە

# ڕێککەوتنی ئادار (مارس)ی ١٩٧٠ و بووژانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان


عەبدوڵڵا حەسەنزادە

ساڵی ١٩٧٠ی زایینی (١٣٤٨ی هەتاوی) دوای نیزیک بە ٩ ساڵ بەربەرەکانی قارەمانانەی بزووتنەوەی کوردی عێراق بەرامبەر بە پەلاماری بێڕەحمانەی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو وڵاتە، بەعسییەکان بۆیان دەرکەوت کە بە پەلاماری نیزامی و بە زەبری ئاگر و ئاسن ناتوانن ئیرادەی کوردەکان بۆ وەدەست-هێنانی ماف و ئازادییەکانیان تێکبشکێنن و ئەگەر بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆشیان بووە پێویستە ڕێگای ئاشتیخوازانە بۆ جۆرێک چارەسەری مەسەلەی کورد لە عێراق بگرنە بەر. بۆیە بە ناردنی دەستەیەکی نوێنەرایەتی پێشنیاریان بە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد بە سەرۆکایەتیی سەرکردەی ناودار خوالێخۆشبوو مەلامستەفای بارزانی کرد بۆ چارەسەری مەسەلەکە دەگەڵ دەوڵەت بکەوێتە وتوێژەوە. سروشتییە کە ڕێبەریی بزووتنەوەش کە هەمیشە خوازیاری وەدیهاتنی داخوازەکانی گەلی کورد بێ پەنابردن بۆ شەڕ و خوێنڕێژی بوو، ئەو پێشنیارەی قبووڵ کرد.

بەمجۆرە بێئەوەی (ئاگربەس)ێکی ڕەسمی ڕابگەیەندرێ، وتووێژێکی بەردەوام و جیددی دەستی پێکرد کە دەستەی نوێنەرایەتیی دەوڵەت لەلایەن خودی سەددام حوسێن، جێگری ئەحمەد حەسەن بەکر و دەسەڵاتی بەکردەوەی عێراقەوە سەرۆکایەتی دەکرا. هەوڵەکان لە ماوەیەکی کورتدا بە ئاکام گەیشتن و سەعات ٧ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ١١ی ئادار بەیاننامەی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش کە بەرهەمی ڕێککەوتنی نێوان سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد و حکوومەتی عێراق بوو، لەلایەن ئەحمەد حەسەن بەکر، سەرکۆماری ئەو وڵاتەوە خوێندرایەوە.



دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئادار کە مافی ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عێراقی بەڕەسمی ناسیبوو، هەر بۆ کوردانی ئەو بەشەی کوردستان کە داری ڕەنج و ئاواتیان هاتبووە سەر بەر، مایەی خۆشحاڵی و جێژن و شادی نەبوو. بەڵکوو لە هەموو پارچەکانی کوردستان وەک دەسکەوتێکی نەتەوەیی سەیر کرا. بەڵام لەو نێوەدا بۆ کوردی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان نوختەئومێدێکی گەورەتر بوو. لە سەرەتاکانی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوولەوە چارەنووسی ئەم حیزبە بە چارەنووسی بزووتنەوەی کوردی عێراق (باشووری کوردستان) ەوە گرێ درابوو. چونکە لەلایەک تێکۆشەرانی دێموکرات لە گەرمێن بەکردەوە ببوونە بەشێک لە هێزی ئەو بزووتنەوەیە و لەلای دیکەش بەپێی باری ژێئۆپۆلیتیکیی کوردستان و پێوەندیی بزووتنەوەی کوردی عێراق دەگەڵ دەوڵەتی ئێران، حیزبی دێموکرات تێکۆشانی نێوخۆی تا ڕادەیەکی زۆر بەرتەسک کردبۆوە و بەتایبەتی دوای شکانی بزووتنەوە چەکدارییەکەی ساڵانی ٤٧-١٣٤٦ (٦٨-١٩٦٧) بە تەواوی پێشی پێ-گیرابوو.

بۆیە پاش دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئادار بە ماوەیەک شاندێکی حیزبی دێموکرات چوونە سەردانی سەرۆک بارزانی و وێڕای پیرۆزبایی ڕێککەوتنەکە داوایان لێ کرد لەوە بەدوا قەدەغەوقۆرغ لەسەر چالاکیی ئەو حیزبە هەڵگیرێ بۆ ئەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی لە خۆرهەڵاتی کوردستانیش جۆرێک بووژانەوە بەخۆیەوە ببینێ. بارزانی کە پیاوێکی دووربین بوو و دیار بوو لە سەرگرتنی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداریش بەگومانە، نەیەویست بیانوو بداتە دەست دەوڵەتی حەمەڕەزاشا. بۆیە ئەو داوایەی ڕەت کردەوە و بەجێی ئەوە، پێشنیاری کرد کە حیزبی دێموکرات پێوەندی دەگەڵ دەوڵەتی عێراق دامەزرێنێ و لەو ڕێگایەوە چالاکیی سیاسیی خۆی ببووژێنێتەوە.

ئەم پێشنیارە بۆ ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان قورس و بە مانای بێبەشبوون لە پێگەیەکی بەهێزی پێوەندیی ڕێکخراوەیی دەگەڵ خەڵکی نێوخۆی خۆرهەڵاتی کوردستان بوو. بەوحاڵە گرتنەبەری ئەو ڕێگایە دەرفەتێکی زێڕینی بۆ تێکۆشانی حیزب لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا ڕەخساند. پێش هەموو شتێک بە کەلکوەرگرتن لەو دەرەتانە، دەستە و تاقمە پەرشوبڵاوەکانی کادر و ئەندامانی حیزب، کە هەرچەند لە ململانە دەگەڵ یەکتردا نەبوون بەڵام هیچ پێوەندییەکی تەشکیلاتی بە یەکتریەوە نەدەبەستنەوە، کەوتنە دیدار و وتوویژ و توانیان ڕێبەرییەکی یەکگرتوو دروست بکەن و دەلاقەیەکی هیوا بە ڕووی یەکپارچەیی سیاسی و ڕێکخراوەیی حیزبدا بکەنەوە.

میکانیزمی پێکهێنانی ئەو ڕێبەرییە بۆ ئەوە نابێ بەپەلە بەسەریدا تێپەڕین و ئاوڕی لێ نەدەینەوە. چونکە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەو ڕێبەرییە لەسەر هیچ بناخەیەکی ڕێکخراوەیی و ئەساسنامەیی پێکنەهات و تەنیا پێویستیی قۆناغەکە هەموو لایەنەکانی هان دا ئازایەتی و لێبووردەیی لە خۆیان نیشان بدەن و لاپەڕەیەکی تازەی پێکەوەبوون و پێکەوەکارکردن بکەنەوە. لە کۆبوونەوەیەکی شەش کەسیدا کە ماوەی سێ ڕۆژی خایاند و هەرجارەی لە کافەیەکی بەغدای پێتەختی عێراق پێکهات، کۆمیتەیەکی ناوەندی دروست کرا و بڕیار درا پێکەوە کار بکەن تا دەگەنە کۆنفرانس و کۆنگرەیەک کە لەوێدا بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب پەسند بکرێ و ڕێبەرییەکی شەرعی هەڵبژێردرێ. ئەندامانی ئەو کۆمیتە ناوەندییە بریتی بوون لە: دوکتۆر قاسملوو، کەریم حیسامی، ئەمیر قازی، حەمەدەمین شێخولئیسلامی (هێمنی شاعیر)، حەسەن ڕەستگار، عەبدوڵڵا حەسەنزادە، حەمەدەمین سیراجی و یووسف ڕیزوانی. هێمنی شاعیر و کەریم حیسامی لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار نەبوون.

کۆمیتە ناوەندیی (دەستکرد) بە بڕیار و پەیمانەکەی وەفادار مایەوە و هەروەک پێشبڕکە دەگەڵ ڕۆژگار بکا لە هەموو بوارەکاندا چالاکانە کەوتە کار. دەگەڵ ئەوەی چەند ساڵ بوو حیزب خاوەنی ڕۆژنامە و بڵاوکراوەیەکی نێوخۆیی نەبوو کە ناسێنەری سیاسەت و بۆچوونەکانی بێ بەزوویی هەنگاوی بەرەو دەرکردنی ڕۆژنامە و زیندووکردنەوەی «کوردستان»، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی سەردەمی کۆماری کوردستان هەڵێنایەوە و ڕۆژنامەیەکی ئۆرگانی دەرکرد کە هەرچەند مانگێ تەنیا جارێک و ئەویش بە تاقە چوار لاپەڕە و لە تیراژێکی کەمدا چاپ دەکرا، بەڵام زۆر زوو لە نێو کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکان و کەسایەتییە سیاسی و ئەدەبییەکانی کورددا وەک بڵاوکراوەیەکی سەنگین جێگای خۆی کردەوە.

لە حاڵێکدا ماوەیەکی چەند ساڵی بوو ئەم حیزبە کەمترین ڕادەی پێوەندیی دەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانی و ئێرانی و بێگانەکاندا هەبوو، بە کەلکوەرگرتن لە بارودۆخەکە و بەهرەوەرگرتن لە ناسراوی و شارەزایی شەهید د. قاسملوو (بە پلەی یەکەم) و چەند هاوڕێیەکی دیکە (بە پلەی دووهەم) پێوەندییەکی بەرینی دەگەڵ زۆر حیزب و ڕێکخراو و کۆڕوکۆمەڵی کورد و ئێرانی و بێگانە دامەزراند و بەزوویەکی زوو وەک حیزبێکی موعتەبەری سیاسی سەری لە نێو سەراندا بەدەر کەوت.

لەوانە گرنگتر، بەپەلە دەستبەکاری ئامادەکردنی گەڵاڵەی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب و کاردروستایی بۆ گەیشتن بە ڕێبەرایەتییەکی شەرعی و ئەساسنامەیی بوو و کەمتر لە ساڵێک دواتر کۆنفرانسی سێیەمی پێکهێنا کە لەودا بەرنامە و پێڕەو و خەت و ڕێبازی سیاسی پەسند کرا و کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. دوو ساڵ دواتریش کۆنگرەی سێیەمی حیزب بەسترا و بەمجۆرە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک یەکێک لە حیزبە گەورە و بەنفووزەکان پێی نایە گۆڕەپانی سیاسەت و خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی لە کوردستان.

دەسکەوتی زۆر گەورەی دیکەی ئەو دەورانە، دامەزراندن و بووژاندندنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزب نەکهەر لە نێوخۆی کوردستانی ئێران، بەڵکوو لەنێو کوردانی دانیشتووی شارە ئێرانییەکانی دەرەوەی کوردستانیش بوو. بە تایبەتی دەکرێ بڵێین بۆ یەکەمجار بوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە شێوەی ڕێکخراوەیی دەچووە زانستگەکان و توێژی ڕووناکبیر و وشیاری خوێندکارانی لە دەوری دروشم و داخوازەکانی کۆ دەکردەوە.

ئاکامی هەمووی ئەمانە ئەوە بوو کە کاتێک ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پادشایەتی وەڕێکەوت، حیزبی دێموکراتی کوردستان دەگەڵ ئەوەی زۆربەی ئەندامانی ڕێبەرییەکەی لە دەرەوەی وڵات بوون، ئاگاداری تازەترین ڕووداوەکان و پێشکەوتنەکانی ڕاپەڕین بوو و بە بەشی خۆی ئیلهامی لە تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات وەردەگرت و ئیلهامی دەدانێ. خۆ ئەوەشمان لەبیرە کە پاش ڕووخانی ڕێژیمی شا حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند بەخێرایی لە کوردستان گوڵی کرد و جێگای شیاوی خۆی وەک گەورەترین ڕێکخراوی کوردی ئێران بەدەست هێنایەوە.

بەو پێیە بە ئاسانی دەکرێ بڵێین کە دەگەڵ ئەوەی ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و ئێران یارمەتیدەرێکی گەورە بوون زۆربەی پێشکەوتنەکانی دەیەی ١٣٥٠ی ئەم حیزبە بەرهەمی کاروتێکۆشانی ڕێبەرییەک بوون کە لە دەسپێکی کاری خۆیدا بە شێوەیەکی ناسروشتی لەدایک بوو. ئەم قسەیەم بۆ ئەوەیە بڵێم ئێستە کە بەخۆشییەوە هەوڵی وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات لەئارادایە، دروست نییە ڕێبەرایەتیی دوو حیزبی دێموکرات هێندێ وردە تێبینیی ئەساسنامەیی بکەنە کۆسپ یان باشتر بڵێم بیانووی دواخستنی ئەو کارە پیرۆزە کە لەمێژە بۆتە ویستی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەموو دۆستانی گەلی کورد. با ئەوان لەسەر بناخەیەکی پتەو یەکڕیزی بۆ بنەماڵە گەورەکە بگێڕنەوە، ئەودەم دەبینن کە نەکهەر هیچ کەس سەرکۆنەیان ناکا، بەڵکوو هەموو لا و کۆنگرەکانی دواتریش دەستخۆشییان لێدەکەن و مێژووش بە خەتی زێڕین بۆیان تۆمار دەکا.

# پەروەندە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی هەر دێ و قورستر دەبن



عومەر باڵەکی

ڕۆژی ١٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٩ی هەتاوی دادگای جنایی شاری ئەنتورپ لە وڵاتی بلژیک ئەسدوڵڵا ئەسەدی، دیپلۆماتکاری کۆماری ئیسلامیی بە هۆکاری پلانڕێژیان بۆ کردەوەی تێرۆریستی و دانانەوەی بۆمب بە مەبەستی تەقاندنەوەی لە کۆبوونەوەی بەربەرینی ڕێکخراوی موجاهدینی خەلق لە دەوروبەری پاریس لە پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، بە ٢٠ساڵ زیندانی حوکم دا. بێجگە لە ناوبراو سێ کەسی دیکەش لە هاودەستەکانی، ئەمیر سەعدوونی بە ١٥ساڵ، نەسیمە نعامی بە ١٨ساڵ و مێهرداد عارفانی بە ١٧ساڵ زیندان حوکم دران.

لە دوای ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە بەهۆی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە ڕێژیمی پاشایەتی ڕووخا و نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ئێران جومگەکانی دەسەڵاتی گرتە دەست، زۆری نەخایاند ڕاگەیەندرا کە نیزامی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو، واتە کۆماری ئیسلامی دەستی لەو ڕەشەکوژی و کردەوە تێرۆریستیانەدا هەبووە کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران ڕوویان داوە. ئەوە سەرەتایەک بوو کە کۆمەڵگەی جیهانی بزانێ کە لەگەڵ سیستمێکی حکومەتی و دەوڵەتداری لە ئێران تەرەفن کە بنەماکانی خۆی لەسەر قبووڵنەکردنی لایەنی دژ دارشتووە و بۆ سەرکەوتن بە سەریاندا زۆر ئاسان و بەربڵاو لە کەرەسەی قێزەونی تێرۆر و ڕەشەکوژی کەلک وەردەگرێ. لە گەڵ تێپەربوونی ساڵەکان و درێژبوونەوەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی زیاتر و زیاتر نێوەرۆکی ئەو نیزامە بۆ هەموو لایەک ڕوون بۆوە، واتە لەگەڵ تێپەڕبوونی ساڵەکان و مانەوەی پتری ڕێژیم لەسەر دەسەڵات ئەو ڕاستییە زیاتر خۆی سەلماند کە نیزامی کۆماری ئیسلامی نەک پشتیوانی ڕاستەوخۆی تاقم و گروپە تێرۆریستیەکانە، بەڵکوو تێرۆر و پەروردەکردنی تێرۆریست بۆتە بنەمایەکی دانەبڕاو لە مودیرییەتی ئەو نیزامە.

بەپێی یاساکانی کۆماری ئیسلامی ئەو کردەوە تێرۆریستیانە بە ئەمر و دەستووری ڕێبەرانی باڵای ئەو نیزامە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بە دژی دژبەران دەکرێن، بەڵام ئەگەر هەر ئەو کردەوە لە لایەن دژبەرانی کۆماری ئیسلامی بەدژی بەڕێوەبەرانی ئەو نیزامەوە بەڕێوە بچن، واتە ڕووی لە نیزام و کاربەدەستانی ڕێژیم حوکمەکەی (محاربە باخدا) یا (فساد فی‌الارض) دەبێ. لێرەدا دەبینین بۆ یەک کردەوە دوو ڕوانگەی جیاواز و دژ بەیەک حوکم دەدەن بەو مانایە، کردەوەیەک ئەگەر ڕووی لە نیزامی کۆماری ئیسلامی بێت بە پێچەوانەی قانوون و شەرع دادەندرێ، بەڵام هەر هەمان کردەوە لە لایەن دەستپەروەردەکانی کۆماری ئیسلامی بکرێ بە قانوونی وشەرعی دادەنرێ و تەنانەت شانازیشی پێوە دەکەن. ئەوە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە لە سەردەمی ئێستادا کە پێوندییە نێودەوڵەتییەکان نەزمی جیهانیان ڕێکخستووە و سەروەریی هەموو وڵاتان بە قانوون و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان ڕێکخراوە، نیزامی کۆماری ئیسلامی پابەندی هیچ یاسا و ڕیسایەک نییە و قانوون و سەروەریی وڵاتانی دیکەی لا گرینک نییە. بەو مانایە کە ئەوەی ڕوو بە خۆی بە تاوان و حەرامی دەزانێ ڕوو بە خەڵک و لایەنی دیکە بە شەرعی و "مباح"ی دادەنێ و بەپێی ئەو ڕوانگەیە بۆ لەنێوبردنی نەیارانی خۆی لە هەر جێگایەکی ئەو دنیا پان و بەرینەدا هەلی بۆ هەڵکەوێ لە هەموو کەرەسەکانی بەردەستی کەلک وەردەگرێ ودەستی خۆی لێ دەوەشێنێ.

کارنامەی دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامی پڕە لە کردەوەی تێرۆریستی. لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا دەتوانین بە دەیان نموونە باس بکەین کە دیپلۆماتەکانی ئێران لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان بە هۆی دەستهەبوونیان لە کردەوەی تێرۆریستی یا کردەوەی نەشیاو لە شوێنی مەئمورییەتی خۆیان لە لایەن دەوڵەتی خانەخوێوە دەرکراون، لە حاڵێکدا بە پێی پرۆتۆکۆلە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان بەرپرسانی دیپلۆماتیک لە هەموو وڵاتانی دنیا پارێزبەندییان هەیە و ئەو پارێزبەندییە ئەوەیە کە دیپلۆماتکارەکان ئەگەر تووشی خیلاف یا تاوان هاتن لە شوێنی مەئمورییەتی خۆیان لە لایەن پۆلیس و دەزگای قەزایی ئەو شوێنە ناکەونە بەر لێپرسینەوەی قەزایی. بەڵام هەروەک پێشتر باسمان کرد نیزامی کۆماری ئیسلامی پابەندی هیچ یاسا و ڕێسایەک نییە بۆیە لە پارێزبەندیی دیپلۆماتیک کەلکی وەرگرتووە و کردەوە تێرۆریستیەکانی خۆی بەڕێوە بردوون. کۆتا نموونە دەتوانین ئیشارە بە گیران و حوکمدانی ئەسەدوڵڵا ئەسەدی، دیپلۆماتکاری کۆماری ئیسلامی لە بلژیک بکەین کە هەر وەک پێشتر باس کرا بە تاوانی گەلاڵەی بۆمبدانانەوە و کردەوەی تێرۆریستی لە دژی کۆبوونەوەیەکی دژبەرانی ڕێژیم دەسبەسەر و لەگەڵ هاودەستەکانی دادگایی کرا و لە لایەن دادگاوە بە زیندانی هەتاهەتایی حوکم درا.




بەپێی لێکۆڵینەوەکانی دادگا ئەو بۆمبەی کە ئەسەدی دەیەویست لەو کۆبوونەوەیەدا بیتەقێنێتەوە لە ئێران دروست کراوە و لە جانتایەکی دیپلۆماسیدا و لە ڕێگای فڕۆکەوە گواستراوتەوە بۆ ئورووپا. هەروەها بەپێی حوکمی دادگا ئەگەر ئەو تەقینەوەیە لەو کۆبوونەوەدا ڕووی دابا، دەبوو بە کوشتاری بەکۆمەڵ کە خۆی یەکێک لە تاوانە قەدەغەکراوەکانە و بەپێی ڕێککەوتننامە و قانوونە نێونەتەوەییەکان دەچێتە خانەی جینایەتی شەڕییەوە. لە هەمان کاتدا کەلکوەرگرتن لە پارێزبەندیی دیپلۆماسی بۆ ئەنجامی تاوانێکی تێرۆریستی و گواستنەوەی بۆمب لە ڕێگای فڕۆکەوە کە نزیک بە ٢٤٠ موسافیری تێدایە خۆی تاوانێکی دیکەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەژێر ناوی پاریزبەندیی دیپلۆماسی کردوویانە. سەیر لەوەدایە کە هەر کات مۆرە تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لەلایەن دەزگای پۆلیسی ئەو وڵاتەی کە کردەوەی تێرۆریستیان تێدا ئەنجام داوە یا خەریکی ئەنجامدانی بوون، دەگیرێن و دەسبەسەر دەکرێن؛ کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو نیزامە لە دوو لاوە دێنە سەر خەت. هەم بە ئاشکرا و لە ڕێگای دەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆیانەوە ڕادەگەیەنن کە ئەوە دەستی "استکباری جهانی" و ئەمریکا و ئیسرائیل و دژبەرانی ئێرانی تێدایە و دەست دەکەن بە بێتاوان نیشاندانی کۆماری ئیسلامی، و هەم لە لایەکی دیکەوە ڕاست بە پێچەوانەوە بە نهێنی و ژێربەژێر لەگەڵ ئەو دەوڵەتە کە تیمە تێرۆریستییەکەی لێ دەسبەسەر کراوە دەکەوێتە وتوویژ و هەوڵ دەدن لە ڕێگای تەماحوەبەرنان و ئەگەر نەبوو هەڕەشە و تەنانەت بە بارمتەگرتنی خەڵکی ئەو وڵاتە لە لایەن تاقم و دەستەی لایەنگری خۆی، ئەو دەوڵەتە ڕازی بکەن بە دادگایی‌نەکردن و ئازادکردنی تێرۆریستە دەسبەسەرکراوەکان، یا بێبەری کردنی ئێران لە کردەوە تێرۆریستییەکە. هەڵبەت بەداخەوە ئەو ڕێکارەی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی کردەوە تێرۆریستیەکانی بەتایبەتی لە خاکی ئورووپا لە نێوان ساڵەکانی "١٩٧٩ی زایینی هەتا حوکمی دادگای میکۆنووس ١٩٩٧" کاریگەریی لەسەر دەوڵەتەکان هەبووە، و ئەوە هۆکارێکی گرینگ بووە بۆ ئەوەی تێرۆریستەکان بەئاسانی بتوانن لە دەستی قانوون و دادگا دەرباز بن، بەڵام بە گرتن و دەسبەسەرکردنی تاوانبارانی کردەوە تێرۆریستییەکەی ڕێستورانی میکۆنووس ودەستبەکاربوونی دادگای ئەو تێرۆریستانە کە بە دادگای میکۆنووس ناوی دەرکرد، ئەو شێوازە لە مامەڵە لە لایەن دەوڵەتانی ئورووپایی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی گۆڕا و بەخۆشییەوە داوای کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ پەردەپۆش‌کردنی تاوانەکانیان لە دادگا لەسەریان بوو بە بەڵگەی تاوان کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ڕەدەی سەرەوەی دەسەڵاتدا دەستیان هەبووە لە ئەنجامدانی کردەوە تێرۆریستیەکە و نیزامی کۆماری ئیسلامیی بە "سیستمی جینایتکار" بە دنیا ناساند، بە جۆرێک کە لە دوای دەرچوونی حوکمی دادگای میکۆنووس وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا هاودەنگ و هاوهەڵویست بوون لەگەڵ حوکمی دادگای میکۆنووس و بۆ ماوەیەکی باش پێوەندیی دیپلۆماسییان لەگەڵ تاران ڕاگرت. دواجاریش بەو مەرجە پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران ئاسایی بۆوە کە لە خاکی ئورووپادا کردەوەی تێرۆریستی نەکا، کەچی دەبینین دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە بیست ساڵ لە دەرچوونی حوکمی دادگای میکۆنووس و ئەو تەوافوقە، ماوەی چەند ساڵێک دەبێ بێ سڵ کردنەوە ماشێنی تێرۆر و ڕفاندن و بێسەروشوێن‌کردنی دژبەرانی کۆماری ئیسلامی دەست بەکار بۆتەوە. بۆیە دەوڵەتانی ئورووپایی لە لایەک و کۆمەڵگەی جیهانی لە لایەکی دیکەوە دەنگیان بەدژی کردەوە تیرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی لێ بەرز بۆتەوە و لە دوای دەرچوونی حوکمی دادگای ئەنتورپ لە بلژیک حەڕەکەتێکی نارەزایەتی‌دەربرین بە کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی هاوچەشنی دوای حوکمی دادگای میکۆنووس لە نێوان دیپلۆماتکارانی ئورووپایی دەستی پێ کردووە کە داواکارن ئەوانەی کاربەدەستی ئەمنییەتیی ئێرانن لە وڵاتانی ئورووپایی دەربکرێن. لەو ڕاستایەدا دەتوانین ئاماژە بە نامەی ٤٠ ئەندامی پارلەمانی ئورووپا و ٢٠ بەرپرس و دیپلۆماتکاری پێشووی ئورووپا بکەین کە ویستیاری ئەوەن کەسانی سەر بە دامودەزگای ئەمنی وئیتلاعاتیی کۆماری ئیسلامی لەژێر هەر ناوێکدا بن لە ئورووپا دەربکرێن و ئەوە دەرخەری پێگەی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامییە لە دنیای دەرەوەی سنوورەکانی ئێران.

ئەگەر سەردەمانێک بە هۆی پێوەندی و بەرژەوەندییە ئابوورییەکان ئەو کردەوە تێرۆریستیانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە لایەن هێندێک وڵاتی وەک ئوتریش پەردەپۆش دەکران، لە سەردەمی ئێستادا بە هۆی تەریک‌مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە بوارە جیاوازەکانەوە و قەیرانی ئابووریی ئێران بە هۆی گەمارۆکان ئیدی ئێران ئەو سفرە ڕەنگینە نییە بۆ وڵاتانی ئورووپایی، بۆیە بازنەی بەرژەوەندیی ئابووری لە حاڵی ئێستادا ئەو کاریگەرییەی نەماوە کە ببێتە هۆکاری فشار بۆ سەر لایەنی خاریجی و لە هەمان کاتدا بەهۆی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی و بەتایبەتی لە بواری ڕاگەیاندنەوە ئەو دەوڵەتانە ناتوانن وەک ٣٠ ساڵ لەوە پێش تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لەبەرچاو نەگرن و پەردەپۆشی بکەن؛ بۆیە دەبینین وازنەهێنانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆر و تێرۆریست‌پەروەری ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەروەندەی تاوانەکانی ئەو نیزامە ئەستوور و ئەستوورتر دەکا.

***

# بەڕێوەچوونی کۆڕیادێک بۆ نەمر جەلیل گادانی لە ساڵیادی لەدایکبوونیدا



بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە بۆ ڕێزگرتن لە تەمەنێک خەبات و تێکۆشانی نەمر جەلیل گادانی کۆڕیادێکی بەڕێوە برد. لەم کۆڕیادەدا کتێبی «پیری دێموکرات» کە لەلایەن کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بۆ ڕێزگرتن لە تەمەنێک خەبات و تێکۆشانی سیاسیی نەمر گادانییەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە، وەک دیاری بەسەر بەشدارانی کۆڕەکەدا دابەش کرا.

کۆڕیادی نەمر جەلیل گادانی کە ڕۆژی سێشەممە ١٢ی ڕەشەمە و لە ساڵیادی لەدایکبوونی ئەو تێکۆشەری دێرینەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا بەڕێوە چوو، سەدان کەس لە نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و فەرهەنگییەکانی شاری کۆیە و کەسایەتییە ئەدەبی، نیشتمانی و ئایینییەکانی ئەم شارە بەشدار بوون.

ئەم کۆڕیادە کە لەژێر ناوی «یادی کەڵەپیاوێک لێواولێو لە نەهرە» گیرا، بە ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاریی کوردستان دەستی پێ کرد و لە دەسپێکی بەرنامەکانی کاری کۆڕیادەکەدا وتاری بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە لە لایەن بەڕێز «ئارام ساڵح»ەوە خوێندرایەوە. پاشان بەڕێز ڕابەر سەید برایم، سیاسەتمەدار، نووسەر و ڕۆژنامەنووس لە دەقێکی ئەدەبیدا باسی لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسیی کاک جەلیل و خەسڵەتە گرینگەکانی کەسایەتیی نەمر گادانی کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی کۆڕیادەکەدا بەڕێز قادر وریا، مامۆستای زانکۆ و ئەندامی پیشووی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی پێشکێش کرد. ئاوڕێک لە کارنامەی ڕووناکبیریی کاک جەلیل گادانی، گرنگیدان بە نووسین و وەرگێڕان، بایەخدان بە تۆمارکردنی بیرەوەریی پێشمەرگە، ئەمەگناسی لەئاست کەسایەتی و تێکۆشەرانی قۆناغەکانی پێشووی خەبات، هاندان بۆ خوێندن و خۆ پێگەیاندن و، ڕێزگرتن لە قوتابیان و خوێندکارانی سەرکەوتوو، و دیاربوون لەنێو کۆڕ و چالاکیی ڕۆشنبیریی نێو حیزب و شارەکانی کوردستان چەند تەوەرێکی باسەکەی بەڕێز قادر وریا بوو.

هاوسەنگەری لەمێژینەی نەمر جەلیل گادانی بەو دێڕانە کۆتایی بە باسەکەی هێنا کە گرینگە ڕەوشتە جوان و تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەم سەرکردە بە فەرهەنگە و، ئەم خەباتکارە ماندوویینەناسە، هەموو کات لە بەرچاومان بێ، لێیان فێر بین و، بیانکەین بە ڕێنوێنی ژیانی سیاسی و خەباتکارانەی خۆمان و، بەم جۆرە یادی کاک جەلیل گادانیی خۆشەویست هەمیشە بە بەرزی ڕابگرین.

لە بڕگەیەکی دیکەی کۆڕیادەکەدا دوکتور عوسمان دەشتی، مامۆستای زانکۆی کۆیە لە وتارێکدا تایبەتمەندییە شۆڕشگێڕی و هەروەها لایەنی ئەدەبی و ڕووناکبیریی کەسایەتیی نەمر جەلیل گادانیی بەرز نرخاند. بەڕێزیان لە باسەکەیدا تیشکی خستە سەر ئەوەی کاک جەلیل شۆرەسواری نەک یەک مەیدان، بەڵکوو کۆمەڵە مەیدانێکی سیاسی، ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی بوو و لە هەموو سەنگەرەکانی خەباتدا، چ لە خەباتی نهێنی، زیندان، پێشمەرگایەتی و سەرکردایەتی و بواری نووسین و قەڵەمدا خزمەتی گەل و نیشتمانی خۆی کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی کۆڕیادەکەدا ڤیدیۆیەک لەسەر ژیانی کاک جەلیل گادانی پیشان درا. لەو ڤیدیۆیەشدا چەند کەسایەتییەکی وەک بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە، هاوسەنگەری دێرینی کاک جەلیل و سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کورد؛ دوکتور وەلی مەحموود، سەرۆکی زانکۆی کۆیە و دیدەوان یەعقووب، نووسەر و ڕۆژنامەنووس لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی کەسایەتیی نەمر گادانی قسەیان کردبوو.

هەر لەو کۆڕیادەدا پەیامی بنەماڵەی گادانی بەبۆنەی ڕێکخستنی ئەم یادە لەلایەن خاتوو گلارە گادانی، کچی نەمر کاک جەلیل خوێندرایەوە و خاتوو ئامێن شێخ دێگەیی، هاوژینی کاک جەلیل گادانی سەبارەت بە ڕێکخستنی ئەم کۆڕیادە دەستەگوڵی ڕێز و پێزانینی خۆی پێشکێش بە بەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە کرد. لە کۆتایی کۆڕیادەکەشدا تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە بۆ نیشاندانی ڕێز و ئەمەگناسیی خۆیان مەقامێکیان بە دەنگی هونەرمەند هۆشمەند زاهیر پێشکێشی بەشداران کرد.

شایانی باسە لەم کۆڕیادەدا کتێبی «پیری دێموکرات» کە لەلایەن کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بۆ ڕێزگرتن لە تەمەنێک خەبات و تێکۆشانی سیاسیی نەمر گادانییەوە چاپ و بڵاو کراوەتەوە، وەک دیاری بەسەر بەشدارانی کۆڕەکەدا دابەش کرا. بەشی سەرەکیی ئەم کتێبە کۆمەڵە وتارێکە بە قەڵەمی کۆمەڵە کەسایەتییەکی سیاسی، ڕووناکبیری و ئاکادیمیی کورد لەسەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسی و تایبەتمەندییە کەسییەکانی کاک جەلیل گادانی.

***

کوردستان
• ژمارە ٧٩٣
١٥ی ڕەشەممەی ١٣٩٩ _ ٥ی مارسی ٢٠٢١

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی «سیاسی – تەشکیلاتی» بۆ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات



ڕۆژی ٥شەممە ٧ی ڕەشەممەی ٩٩ی هەتاوی، کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی سیاسی تەشکیلاتیدا کۆمەڵێک پرس و بابەتی سیاسیی ڕۆژەڤی کوردستانی لەگەڵ کادر و پێشمەرگەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەکەدا هێنایە بەر باس.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو کۆبوونەوەیەدا سەرەتا باسێکی لە پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دژی بزووتنەوە و خەڵکی کوردستان کرد. دواتر بە ئاماژە بە دارمانی ئابووریی وڵاتی ئێران و گەمارۆ نێونەتەوەییەکان بۆ سەر ئەو ڕێژیمە گوتی: لە ئێستادا کە ڕێژیمی ئێران لە دنیای دەرەوەدا بە ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و دژە مافی مرۆڤ ناسێندراوە، ڕووبەڕووی کێشەگەلێکی زۆر لە نێوخۆی ئێران بووەتەوە و بە کوشتن، سەرکوت و ئازار و ئەشکەنجەی خەڵکی بێدەرەتان و هەژاری ئێران و بە تایبەتی لە درێژەی ڕەشبگیرییەکانی ئەم دواییانەی کوردستاندا، دەیهەوێ بۆ مانەوەی ڕێژیمی ئێران لە هەموو پیلانێک بە دژی نەیارانی خۆی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کەلک وەربگرێ و بەردەوام و بە پیلانی جۆراوجۆری میدیایی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیی هێرش دەکاتە سەر خەڵکی کوردستان.

بەشی کۆتایی باسەکەی کاک خالید عەزیزی، تەرخان کرابوو بۆ پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و کاک خالید لەم پێوەندییەدا گوتی: یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان پێویستییەکی مێژووییە و ویستی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو هەوڵێکی خۆمان بۆ سەریەکخستنەوەی دێموکراتەکان و یەکڕیزیی نێوماڵی کورد وەگەڕ دەخەین.

## ناوەندی هاوکاری:

# نەمانی ڕێژیم تاکە چارەسەری نەهێشتنی کێشەکانی ئێرانە

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، سەبارەت بە کوشتنی کاسبکارانی بەلووچ لە ناوچە سنوورییەکان ڕاگەیەندراوێکیان بڵاو کردەوە.

لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە کە بەکرێگیراوانی بەناو سنوورپارێزی سپای پاسداران، ڕۆژی دووشەممە ٤ی ڕەشەمەی ٩٩ی هەتاوی، لە ناوچەی سنووری «بۆمپەشت»ی سەراوان تەقەیان لە کاسبکارانی بەلووچ کرد و لە ئاکامی تەقەی ئەو هێزانەدا ١٠ کەس کوژران و بە دەیان کەسیش بریندار بوون.

ڕاگەیەندراوەکەی ناوەندی هاوکاری دەڵێ ئەوە یەکەمجار نییە بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەو جۆرە جینایەتانە دەکەن. ئێمە ڕۆژانە دەبینین کە لە ئاکامی جینایەتەکانی ڕێژیم لە کوردستان، کوشتاری کۆڵبەران و باقی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لە ناوچەکانی ئەو وڵاتە بووەتە کاری هەموو ڕۆژێکی دەست و پێوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە. دۆخی تاڵ و ناخۆشی ناوچە و نەبوونی هەلی کار و سنووردارکردنەکان بۆ نەتەوە ژێردەست و زوڵم لێکراوەکانی ئێران بووەتە هۆی ئەوەی کە خەڵک هیچ دەرەتانێکیان نەبێ و بۆ بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان ڕوو بکەنە سەر سنوورەکان و بۆ دابینکردنی نانی شەو گیانی خۆیان دەخەنە مەترسییەوە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، وێڕای مەحکوومکردنی ئەو جینایەتە دژە مرۆڤییە، سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵەی قوربانیان کردووە و هیوای سلامەتی بۆ برینداران خواستووە. هەروەها لەو باوەڕەدایە کە هۆکاری سەرەکیی هەمووی ئەو جینایەت و وێرانکارییانە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و لەنێوبردنی ئەو ڕێژیمە تەنیا ڕێگایەکە کە لە پێش خەڵکی ئێراندایە.


# تراژیدیی سەرکوت و هەڵاواردنی نەتەوە پەراوێزخراوەکان لە ئێراندا



ڕەزا محەممەدئەمینی

ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە کە پێکهاتووە لە فارس، تورک، کورد، بەلوچ و عەرەب و چەند نەتەوەیەکی بچووکی دیکە. ئەو وڵاتە بەدرێژایی مێژوو دەسەڵاتەکەی دەستاودەست کراوە، سنوورەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و، هەربۆیەش هەموو نەتەوەکانی ئێران لە وڵاتانی دراوسێی ئێراندا هەن و سنووورەکانی ئێران وەک سنووری زۆربەی وڵاتانی جیهان بەپێی پێکهاتەی نەتەوەیی دانەندراوە و لەڕاستیدا دەسکردە. واتە شەڕی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە لەگەڵ یەکتر بۆ وێنە دەسەڵاتی سەفەوییەکان لەگەڵ عوسمانییەکان و قاجار و ڕووسەکان نەتەوەکانی دابەش کردووە، وەک نەتەوەی کورد کە بەسەر چوارپارچەی سەرەکیدا دابەش کراوە و لەئاکامدا نەیتوانیوە کیانی سەربەخۆی خۆی هەبێ.

جگە لە فارسەکان کە وەک نەتەوەی زۆرینە بە بەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، (نەک هەموو دانیشتووانی ئێران)، دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە و ستەمی نەتەوەییان لێ نەکراوە، نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەگەڵ ستەمی نەتەوەیی بەرەوڕوون. واتە سیاسەتی دەسەڵات لە ئێراندا لە ئاست نەتەوەکانی دیکە، سیاسەتی سرینەوە و پاکتاوی شوناسی نەتەوەیی بووە. دیارە دەسەڵاتداران لەو هەوڵانەدا تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوون و توانیویانە هەستی نەتەوەیی لەنێو بەشێک لە خەڵکی نەتەوەکانی غەیرە فارسدا سڕ و لاواز بکەن. دەکرێ بۆ نموونە باس لە نەتەوەکانی گیلەک و مازێنی بکەین کە هەموو مەرجەکانی نەتەوەبوون بە زمانی تایبەتیشەوە تێیاندا هەیە، بەڵام خەریکە شوناسی نەتەوەییان بەرەو توانەوە لەنێو نەتەوەی فارسدا دەچێ.



پاش ڕووخانی قاجارەکان و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن ڕەزاخانەوە، سەرکوتی بێبەزەیانەی گەلانی ئێران دەستی پێ کرد و ڕەزاخان کە دواتر بوو بە شای ئێران توانیی هەموو جووڵانەوەکان، وەک جووڵانەوەی جەنگەڵ بە سەرۆکایەتیی میرزا کووچێکخان لە گیلان و جووڵانەوەی شێخ خەزعەل لە خوزستان و هەروەها ڕاپەڕینی سمکۆ لە کوردستان سەرکوت بکا. پاش سەرکوتی ڕاپەڕینەکان، بە چاولێکەری لە مستەفا کەماڵ لە تورکیە، پرۆسەی نەتەوەسازی لە ئێرانی بە پەیرەوی لە تیۆریی دەوڵەت-نەتەوە دەست پێ کرد. دەسەڵات هەوڵی دەدا لە هەموو ئامرازەکان بۆ تواندنەوەی نەتەوەکانی ئێران کەلک وەرگرێ و تێدەکۆشا نەتەوەکان سەرەڕای هەموو جیاوازییەکان لە چوارچێوەیەکی دەسکرد و نامۆ بە ناوی "نەتەوەی ئێران"دا کۆ بکاتەوە. هەوڵێک کە لە تورکیە بە سیاسەتی زەبروزەنگ و کوشتار و کۆچ پێکردنی زۆرەملێ لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا تاڕادەیەکی زۆر سەری گرتووە و جگە لە کوردەکان لە باکووری کوردستان نەبێ کە توانییان سەرەڕای زەبرێکی زۆر کە وەکەسایەتی و شعووری نەتەوەییان کەوت، خۆ لە بەرانبەر تەوژمی فاشیستیانەی بەتورککردن ڕابگرن، زۆربەی نەتەوەکانی دیکە وەک "لاز"، "چەرکێس" و "ئەرمەنەکان" لەتورکییە تەنیا هەر ناویان ماوە لەڕاستیدا لەنێو تورکەکاندا تواونەتەوە.

بەڵام ئەو سیاسەتە لە ئێران سەرەڕای بەردەوامبوونی لەهەموو بوارەکاندا بەهۆی شەڕی جیهانیی دووهەم و داگیرکرانی ئێران لەلایەن یەکیەتیی سۆڤییەت و بریتانیا و ڕووخانی دەسەڵاتی ڕەزاشا نەک هەر سەرکەوتوو نەبوو، بەڵکوو هەستی نەتەوەیی و مافخوازی لەنێو گەلانی ئێراندا بەرز کردەوە. دامەزرانی کۆماری کوردستان لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد و حیزبی دێموکرات و حکوومەتی نەتەوەیی ئازربایجان بە سەرۆکایەتیی جەعفەری پیشەوەری و فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان سەرەڕای تەمەنی کورتیان، وەک دوو دەسەڵاتی هەڵقوڵاو لە ناخی نەتەوەی کورد و نەتەوەی تورک، بەرهەمی ئەو سەردەمە و زیندوومانەوەی کەسایەتیی نەتەوەیی بوون. هەربۆیەش بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی گەشەسەندووی نەتەوەکانی تورک و کورد بە فەرمانی حەمەڕەزاشا هێرش کرایە سەر ئازەربایجان و کوردستان و ئەو دوو دەسەڵاتە نەتەوەییە لەنێو بران و بۆ جارێکی دیکە پرۆسەی نەتەوەسازی لە شکڵی نەتەوەی ئێران وەگەڕ کەوتەوە.

لە درێژەی پرۆسەی هەڵاواردن و تواندنەوەی نەتەوەکانی ئێران کە پاش سەقامگیربوونی حەمەڕەزا شا و دەوڵەتی ناوەندگەرا وەک شەڕی سپی بەردەوام بوو و هەوڵ دەدرا کەسایەتی و شوناسی ئێرانیبوون بەسەر هەموو تاک و نەتەوەکانی ئێراندا بسەپێندرێ، وای لێ هاتبوو کە تەنانەت لە قوتابخانە و دامودەزگا ئیدارییەکانیش لەسەر دیوار نووسرابوو کە بە فارسی قسان بکەن. هەرچەشنە مافخوازی و داوای تەنانەت فەرهەنگییش وەک جیاخوازی سەرکوت دەکرا و لەو نێوەدا کورد زیاتر لە هەموو نەتەوەکانی ئێران هەم خەباتی بۆ وەدیهێنانی مافەکانی کرد و لاپەڕەی زێڕینی لە خەبات و بەرخۆدان تۆمار کرد و هەم زیاتر لە هەموو نەتەوەکانی ئێران سەرکوت کرا و ڕۆڵەکانی بە سێدارەوە کران.

هەرچەند ڕێژیمی پاشایەتی لەساڵی ١٣٥٧هەتاوی و لە پاش ڕاپەڕینی گەلانی ئێران ڕووخا و تۆماری زیاتر لە پێنج دەیە سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەکان و نەتەوەسازی و بەفارسکردن تێکەوە پێچرا، بەڵام خومەینی و ئاخونده تازە بەدەسەڵاتگەیشتووەکان زۆر زوو ڕووی ڕاستەقینە و دزێوی خۆیان دەرخست و نیشانیان دا نەک هەر باوەڕیان بە نەتەوەکانی ئێرانی و مافی نەتەوایەتی نییە، بەڵکوو تەنانەت باوەریان بە چەمکی نەتەوەش نییە و لە سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی و ئەوانیتردا زۆر لە پێشینیانی خۆیان ڕژدترن. ئەگەر ڕەزاشا و حەمەڕەزا شا ڕاپەڕینەکانی گەلانی ئێرانیان بە چەک و پەلاماردان سەرکوت کرد و پاشان شەڕی "سپی"یان بۆ شێواندنی کەسایەتی و شووناسی نەتەوەیی نەتەوەکانی غیرەفارس دەست پێ کرد، ئاخوندەکان هەر لە سەرەتای هاتنەسەر کورسی دەسەڵات سیاسەتی سەرکوتی خوێناویی هەمووگەلانی ئێران و هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دەست پێ کرد و نەتەوەی کورد لەو بەشە لە کوردستان لەو سەرکوتە خوێناویی و جینایەتکارانەدا پشکی شێری بەرکەوت. ئەو سیاسەتە دژی مرۆڤایەتییە زیاتر لە چل ساڵە بەردەوامە و کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی دەسەڵاتی ڕەشی خۆی دەستی بۆ هەموو جینایەت و کردەوەیەکی نامرۆڤانە بردووە. هێرش بۆ سەر کوردستان وەک قەڵای ئازادیخوازانی ئێران، پەلاماری سەر حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، تێرۆری دژبەران، کوشتاری هەزاران زیندانی سیاسی لە بەندیخانەکان، داخستنی زانکۆکان و بەگشتی دەیان و سەدان کردەوەی سەرکوتکەرانە و دژبە مرۆڤایەتی، بەشێکی بچووکن لە پەڕاوی ڕەشی کۆماری ئیسلامی لەماوەی دەسەڵاتی بەسەر ئێراندا.

ئەگەر سیاسەتی هەڵاواردن و سرینەوەی شوناسی نەتەوەیی و بەفارسکردنی گەلانی غیرەفارس لە ئێران لەسەردەمی پاشایەتی کوڵەکەی سەرەکی سیاسەتی دەسەڵات لەبەرانبەر گەلانی ئێراندا بووە، لە ماوەی دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی ئەو هەڵاواردنە نەک هەر لە باری نەتەوەیی، بەڵکوو باری دینی و مەزهەبیشی بەخۆیەوە گرتووە و ئاخوندەکان بەشێوەی فەرمی و بەپێی یاسای بنچینەیی کۆماری ئیسلامی سیاسەتی هەڵاواردنی کەمایەتییە مەزهەبی و دینییەکانیشیان پەیڕەو کردووە. لەوبەینەدا زیاتر لە نیوەی نەتەوەی کورد و هەروەها بەلوچ و تورکمەنەکان هەم لەباری نەتەوەیییەوە و هەم لە باری مەزهەبییەوە لە مافەکانیان بێبەش کراون.

لە سەرەتای ساڵانی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، ئەرتەش و سپای پاسداران بۆسەرکوتی جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد بە فەرمانی خومەینی هێرشیان کردە سەر نەتەوەکەمان و لە شەڕێکی نابەرانبەردا سەرەڕای بەرەنگاربوونەوەی بێوێنەی پێشمەرگە قارەمانەکانی کورد، کوردستانیان داگیر کردەوە؛ ئێستاش هەمیسان شەڕی کۆماری ئیسلامی بەدژی نەتەوەی کورد لە هەموو بوارەکاندا بەردەوامە و ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی بۆ نەتەوەی کورد ڕوانگەیەکی دوژمنکارانە و ئەمنیەتییە و کوردستان وەک وڵاتێکی داگیرکراو سەیر دەکەن کە دەبێ سەروەت و سامانەکەی بەتاڵان بەرن.

هەڵبەت ئەو سیاسەتە تەنیا تایبەت بە کورد نییە و لەو نێوەدا بەلوچ و عەرەبەکانیش ئەگەر نە زۆرتر لە نەتەوەی کورد، بەڵام کەوتوونەتە بەر شاڵاوی هەڵاواردن و زەبروزەنگ و کوشتن و بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانەکانیان. ئەگەر لە کوردستان خەڵکی ناوچە سنوورییەکان ناچارن بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان ڕوو لە کۆڵبەری بکەن و دەکەونە بەر دەستڕێژی چەکی هێزەکانی ڕێژیم و بێگیان دەکرێن و دەبنە قوربانی، لە بەلووچستانیش خەڵکی داماو و بێبەش از سەرەتاییترین مافەکانی ژیان، ناچارن بۆ زیندوومانەوە ڕوو لە هێنان و بردنی سووتەمەنی بۆ دەرەوەی سنوورەکان بکەن و ببنە ئامانجی هێزە سەرکوتکەرەکانی سپای پاسداران و بکوژرێن. نموونەی ئەو جینایەتانە، کوشتار و بریندارکردنی دەیان کەس لە سەراوانی بەلووچستان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بوو. لە خوزستانیش هەر لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی مۆدێرنەوە، سیاسەتی تواندنەوەی عەرەبەکان و گۆڕینی دێمۆگرافیی دانیشتوانی ئەو پارێزگایە، سیاسەتی ڕانەگەیەندراو، بەڵام ڕاستەقینەی دەسەڵاتی ناوەند بووە. لەو پارێزگایە کە زۆربەی نەوت و گازی ئێرانی تێدایە، دانیشتووانە عەرەبەکەی بەتایبەت لە گوندەکان لە سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان وەک ئاوی خواردنەوە بێبەشن و لە شوێنەکانی دیکەڕا بە تانکێر ئاویان بۆ دەچێ.

کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەگشتی بە هۆی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا هەتا هاتووە زیاتر توشی بەشمەینەتی و هەژاری و برسییەتی بوون، بەڵام تەنانەت لە برسیەتی و لە بەشمەینەتیشدا نەتەوەکانی کورد و بەلوچ و عەرەبەکان زۆرتر برسیکراون و پەراویز خراون. بێدەنگی لەئاست هەڵاواردن و پەراوێز خستنی نەتەوەکانی ئێران ئەو جینایەتانەی دەیخوڵقێنێ، وەک گرتنی بەکۆمەڵی چالاکانی مەدەنی و کوشتاری زیندانیان سیاسیی و کۆڵبەران و ئەوانەی سووتەمەنی ڕادەگوێزن؛ لە ڕاستیدا تەسلیمبوونە لە ئاست کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی و، ئەو ڕێژیمە زیاتر هان دەدا بۆ بەردەوامبوون لە سەرکوتکارییەکانی. بێهۆ نییە کە ڕێژیم کوردستان و بەلووچستانی بەوشێوەیە میلیتاریزە کردووە و زۆرترین هێز و قەرارگا نیزامییەکانی لێ داناوە و زۆرترین کوشتار و جینایەتەکان لە دوو ناوچەیە دەکرێ. کۆماری ئیسلامی باش دەزانی لە نێو کورد و بەلوچ دا هیچ جێگە و پێگەیەکی نییە و ئەو دوو ناوچەیە خاڵی لاوازی کۆماری ئیسلامین و لەهەر ئەگەرێکدا دەتوانن لێی هەڵگەڕێنەوە.

کوردستان
• ژمارە: ٧٩٣
١٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ _ ٥ی مارسی ٢٠٢١

# ناسیۆنالیزمی کورد، نەتەوە و مەدەنییەت



شاهۆ مەتین

تێکۆشانی بێوچانی گەلی کورد بۆ پاراستنی گیان و شوناسی نەتەوەیی و نیشتمانیی لە بەرامبەر دەوڵەت نەتەوەی سەردەست کە بە میکانیزمگەلی سیاسی، ئابووری، نیزامی و دینی هەوڵی داگیرکردنی زێد و شوناسی کوردیان داوە، بەردەوام درێژەی بووە. دەسەڵاتە ناوەندە شۆڤینییەکان ویست و ئامانجیان ئەوەیە لە ڕێگای لەنێوبردنی شوناس، مێژوو و... کورد لەنێو خۆیاندا ئاسیمیلە بکەن و تەنانەت لە ژێنۆساید و تاوانی کۆمەڵکوژییش دەستیان نەپاراستوە. لە سەردەمی ئێستاشدا کە بە هۆی خێرایی بڵاوبوونەوەی زانیاری و داکۆکیکردنی ڕێکخراوەکانی ماقی مرۆڤ و گەمارۆی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و دەوڵەتانی لایەنگری مافی بەرحەق و ڕەوای ئینسانەکان ناتوانن بە ڕێگای ڕەقئامێری وەک نەسڵکوژی و هێرشی سەربازی لە ناومان بەرن، بە میکانیزمی نەرمئامێری هەوڵی تێکدانی شوناس و ژیاری زێڕین و دەوڵەمەندمان دەدەن و بە لەنێوبردنی سامانە نەتەوەییەکانمان و لە سێکتەری ئابووری و پەروەردەیی هەوڵی لەخۆنامۆیی و لە ژیان نامۆبوونی تاکی کورد دەدەن .

گەلی کوردیش وەک نەتەوەیەکی زیندوو و ئاگا بۆ بەرێکخستن کردن و دابینکردنی پێداویستی و هێز بۆ ڕزگاری نەتەوەیی، لە ڕەوتی تێگەیشتوویی و پێگەیشوویی خۆیدا، بەرامبەر پرسی نەتەوەیی، ناسیۆنالیزمی کوردی بەرهەم هێنا و بەپێی بواری ئارایی، ناسیۆنالیزمی لە ڕەهەندی نەتەوەیی و مەدەنییەوە بۆ پاراستن، ڕزگاری و ئازادیی خۆی وەک مەیدانی تێکوشان بەرامبەر دوژمن هەلبژاردووە .

## ناسیۆنالیزم چیە؟

دەتوانین بێخ و ڕەگی وشەی ناسیۆنالیزم لە پێش شۆڕشی فەڕانسە لە بریتانیا و سەرەتای سەدەی ١٨ی زایینیدا ببینین، بەڵام بە گشتی لە شۆڕشی فەڕانسەدا و لە ساڵی ١٧٨٩ی زایینی سەری هەڵدا کە لە ڕاستیدا دەرهاویشتەی گەڵاڵە و قوتبوونەوەی چەمکی نەتەوە لە نێو شۆڕش، بە تایبەت لە لایان ڕەوتی ژاکوبۆنیسمەکانەوە بوو .لەم کاتە بەدواوە ناسیۆنالیزم وەک یەک هەست و ڕەوتی سیاسی هاتە ئاراوە و ناسیۆنالیزم بوو بە یەک هزر و جیهانبینی لە چوارچێوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی کە مەبەستیەتی بەرژەوەندی نەتەوە، بەرەو پەرەسەندن و پێشکەوتن ببا .واتە ناسیۆنالیزم جۆرێک لە ئاگایی و وریایی گشتییە کە بە بەردەوامی دەبێتە هۆی بەدیهێنانی هەست، وەفاداری، گوڕوتین و هۆگریی تاک لەسەر بیچمە نەتەوەییەکانی خۆی وەک (خاک، زمان، داب و نەریت، کولتوور، بایەخە کۆمەڵایەتییەکان و...).

ئانتۆنی گیدێنز، کۆمەڵناسی بریتانی، بڕوای وایە کە ناتوانین ئەندێشەی ناسیۆنالیزم لە درووستبوونی دەوڵەت مۆدێڕنەکان یا دەوڵەت-نەتەوەی سەردەم جوودا بکەینەوە و خۆشەویستی بۆ خاک، ڕەچەڵەک، زمان، ڕابردووی هاوبەش، ویستی سەربەخۆیی سیاسی، ئابووری، نیزامی و لەخۆبوردوویی بەرامبەر نەتەوە وەک یەک پارادایم بۆ هەوڵدان و سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی نەتەوەکەی، بە بایەخ و ئەسڵەکانی ناسیۆنالیزم دادەنێ.

بە ئیعتیباری ئەم پێناسەیەی ناسیۆنالیزم کە نەتەوەی کورد هەڵگری هەر سێ توخم و بیچمی کورد، کوردایەتی و کوردستانە و هاوکات بزووتنەوەی ئاگا و دەروەستی بۆ پاراستنی هەر سێ چەمک لە سێکتەرە جۆراوجۆرەکانەدا هەیە؛ هەوڵیش دەدا لە چوارچێوەی دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ گەشەیان پێ بدا.

لەسەر بناغەی ئەم تێگەیشتنەمان بۆ ناسیۆنالیزم دەتوانین ئیدیعا بکەین کە ناسیۆنالیزمی کوردی بە هەموو تایبەتمەندییەکانیەوە لەنێو هزر و ڕوحی تاکی کورددا بوونی هەیە.

نەتەوە، شوناسی کۆمەڵەیەکە کە بە ئێعتیباری کولتووری هاوبەش و بڕوامەندییان بە ڕابردوویەکی هاوبەش لە هەرێمێکی دیاریکراو دەستنیشان دەکرێ و بنچینەیەکی بەهێز و دەوڵەمەند بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی بەدی دێنێ کە بناغەی کارامەیی و لێهاتوویەکەی سەرچاوەگرتوو لە مێژووی هاوبەش و چارەنووسێکی هاوبەشە کە چەمکی نەتەوە بەرهەمی دێنی و دەیپارێزێ.

لە ڕاستیدا نەتەوەخوازی یا ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی وەک ناسیۆنالیزمێکی کاردانەوەیی دژی دەسەڵاتخوازیی ناسیۆنالیزمی دەوڵەتی و نەتەوەی سەردەست، -کە بە ناوی زۆرینەی نەتەوەیی و زاڵێتی لە دەوڵەتدا مۆنۆپۆلی هەموو ڕەهەندە جڤاتی، سیاسی، ئابووری، کولتوورییەکان دەکەن- بەرهەم دێ و کار دەکا.

ناسیۆنالیزمیش هەم دەتوانێ بە شێوەی بگۆڕێک کە بەرهەمی ڕەهەندی سیاسی، کولتووری و ئابوورییە یا بە شێوەی لێکجوودا لە بەرچاو بگرین و بیخەینە ژێر هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە کە لەسەر ئەساسی بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئەم ڕەهەندانە کاریان پێ دەکرێ و پێناسەی وجوودییان پێ دەبەخشرێ کە هەوڵ بۆ ناساندن و پاراستنی نەتەوە دەدەن.

ناسیۆنالیزمی کولتووری بریتییە لە هەستی هۆگری و دەروەستی بۆ فەرهەنگ و بەشە کولتووریەکانی نەتەوەیی وەک زمان، ئەدەبیات، مۆسیقا، جلوبەرگ... و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی داخوازیە نەتەوەییەکان لە بەستەری کولتوورییەوە، کە لە ڕاستیدا ئەم بەشە لە ناسیۆنالیزم لە هەوڵی پاراستن و گەشەی تایبەتمەندییە کولتووری و فەرهەنگییەکانی نەتەوەییدایە.

و ڕێگای ناسیۆنالیزمی مەدەنیش شوناسی بپارێزێ و ماف و ئامانجی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی وەدی بێنێ، چۆن لەسەر ئەم بڕوایەیە کە هەموو تاکەکانی یەک وڵات، شارۆمەندی ئەم وڵاتەن و دەبێ خاوەنی ماف و بڕیاری کۆتایی بۆ سەروەریی یاسا، هەڵبژاردنی بەڕێوەبەرانی خۆیان و... بن.

ئەم پێناسەیە لە ناسیۆنالیزمی مەدەنی لە سەر ئەم گریمانەیە وەستاوە کە نەتەوە، جڤاکێکە کە شارۆمەندانی ئازاد و دوور لە هەر چەشنە جیاوازی و ناکۆکییەکی زاتی، کولتووری و سیاسی بن و هەر نەتەوەیەک دەبێ یەکەی سیاسیی ژێر دەسەڵاتداریەتی سەربەخۆیانەی خۆی لەسەر ئەساسی یاسای بنەڕەتی وڵات هەبێ کە بە ڕووە یاسایی و سیاسییەکەی دیکەی هەمان فێدرالیزمە کە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کورد لە خۆرهەڵات بە پێشەنگایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بە دێموکراسیکردنی ئێرانی فرەنەتەوە، ئایین و کولتوور وەک مانیفێستی کاری سیاسیی خۆی بە ئەسڵی وەرگرتووە.

ناسیۆنالیزمی مەدەنی لەسەر ئەساس و بنچینەی یاسایی، دەروەستی بە ڕێسا و یاسای گشتی و خۆشەویستی بۆ نەتەوە و




ناسیۆنالیزمی سیاسیش، بریتییە لە گەڵاڵە و نەخشەی داخوازییە سیاسییەکانی نەتەوەیی لە حکوومەتی ناوەندی بە مەبەستی بەدەستگرتنی هێزی سیاسی و ئیداری لە هەرێمی نەتەوەییدا .

واتە بە بارودۆخێک دەوترێ کە تێیدا تاکەکانی یەک نەتەوە هەست بە بوونی خۆیان دەکەن و دەیانەوێ دەسەڵاتی سیاسی و ئیدارەی ناوچەی خۆیان هەبێ.

ناسیۆنالیزمی ئابووری، ناسیۆنالیزمێکە لەسەر ئەساسی ئەم ناسیۆنالیزمە تاکەکانی یەک نەتەوە لەسەر ئەو بڕوایەن کە بەشێکی شیاو لە بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان نییە و سەرچاوە و ئیمکاناتی هەبوو لەم ناوچەیە کە گرێدراویی بە ئەوانەوە هەیە، سەرەتا دەبێ بۆ ئاسوودەیی نەتەوەیی دانیشتووانی ئەم هەرێمە بە کار بێت.

بە تێڕامانێک بۆ چەمکی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی و ڕەهەندەکانی دەبینین کە ناسیۆنالیزمی کوردییش بە بنەما وەرگرتنی ئەم چەمکە و کە هەستیشی بە خۆدئاگایی نەتەوەیی کردووە، ئەگەر خاوەنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی بە شێوەی مۆدێڕنیش نەبووبێ، وەک نەتەوەیەکی زیندوو و مافخواز ڕوح و هزری ناسیۆنالیزمی لەوپەڕی باوەڕبەخۆبوونەوە هەڵگرتووە و خۆی پێ ناساندوە و شەڕی مان و نەمانیشی بەرامبەر دوژمن پێ کردووە.

بۆ نموونە: هەموو تاکێکی کورد دەخوازێ گرینگی بە زمان و کولتووری نەتەوەیی بدا، ناوی منداڵەکەی کوردی بێ، مێژوو و فەرهەنگی خۆی بە منداڵەکەی بناسێنێ، بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی ناوچە کوردییەکان بە دەستی کەسانی پسپۆڕی خۆجێیی بێت، هەست بە بەرپرسایەتیی نەتەوەیی و نیشتمانی دەکا، لە کاتی دەنگدان، دەنگ بە بەربژێری کورد دەدا و.. .

ئەوە سەلمێنەری ئەم ڕاستییەیە کە نەتەوەی کورد بە گشتی لە هەموو ڕەهەندەکان هەوڵ دەدا بۆ بەرەوپێشچوونی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی کە لە خانەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەییدا جێ دەگرن و هەموو بوار و دەرفەتەکان لە خزمەتی بە ئاکامگەیاندنی ناسیۆنالیزمی نەتەوەییدا بە کار دێنێ.

بەڵام گەلی کورد بە حوکمی باوەڕمەندبوونی بە تۆلێرانس، پلۆرالیزم و دێموکراتیکبوونی، سەرەڕای بوونی وەک بکەرێکی ناسیۆنالیستی تۆخی نەتەوەیی، خوازیاریشە بە میکانیزمی دامەزراوەکانی نەتەوەیی درووست دەبێ و گرینگیدان بە کولتووری مەدەنی هاوبەش و بەرابەریی یاسایی و سیاسیی تاکەکانی گرێدراو بە وڵات پێداگری دەکا .

بەم پێیە ناسیۆنالیزمی مەدەنی بریتییە لە پێبەندی و بەرپرسیاری بە خودموختاریی گشتیی کۆمەڵانی خەڵک و بە مانای هەستی هۆگری و دەروەستی بە بەرابەری، ئازادی و ماقی شارۆمەندی، جوودا لە هۆگری و گرێدراوی نەتەوەیی و ئایینی.

بۆیە دەتوانیین ناسیۆنالیزمی مەدەنی لە چوارچێوەی ڕەچاوکردنی مافی شارۆمەندی وبڕوامەندییان بە بەرابەریی هەموو تاکەکانی یەک جڤات هەڵسەنگێنین و لە سەر ئەساسی تێڕامان و ڕوانگەی بەرابەر بۆ مافی مەدەنی، سیاسی و کۆمەڵایەتیی تاکەکان تەتەڵەی بکەین.

بۆ نموونە گەر هێندێک توخمی وێژمانە مەدەنییەکانی ناسیۆنالیزمی مەدەنی کورد وەک: بەرابەریی هەموو تاکەکان لە بەردەم یاسا، دەنگی خەڵک وەک گرینگترین پێوەر، ڕێزگرتن لە جیاوازیی نەتەوەیی، ئایینی و کولتووری، دوورکەوتنەوە لە دێماگوژی، بەبنەماوەرگرتنی مافی مرۆڤ لە بری ئێنتیمای ئایینی، سپاردنی ئیدارەی وڵات بە کەسانی پسپۆڕ و لێزان و... بخەینە بەرباس، دەبینین ناسیۆنالیزمی مەدەنی بۆ گەلی کورد لە سەر ئەساسە هزرە دێموکراتیکەکانی بەرانبەر بە هەموو مرۆڤەکان، ئالاهەڵگری ناسیۆنالیزمی مەدەنیشە و بە هەموو جۆرێک هەوڵی بەدامەزراوەکردنی ئەم ناسیۆنالیزمە لە نێو هەرچوارپارچەی کوردستان دەدا.

لە سەر ئەساسی هەڵسەنگاندن بۆ هەر دوو چەمکی ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی و مەدەنی و تێڕامانی خاوەنڕایان بۆ ئەم دوو ڕەهەندە لە ناسیۆنالیزم، دەبینین مێژووی بزاڤی ناسیۆنالیزمی کورد، ناسیۆنالیزمێکە، هەڵگری هزر و کارکردی هەر دوو ناسیۆنالیزمی نەتەوەیی و مەدەنییە و بەپێی بەرژەوەندیی نەتەوەیی شۆڕش بۆ پاراستنی شوناس، وێژمان، مێژوو و... گەلەکەمان دەدا و بەپێی ساختار و سیستمی دەسەڵاتدارەتیی دەوڵەتی ئەگەر بوار و دەرفەتی دێموکراسی بوونی هەبێ، لە ڕەهەندی ناسیۆنالیزمی مەدەنییش هەوڵی بەدیهێنانی مافە نەتەوەییەکان دەدا .

# ویلایەتی فەقیهـ نوێنگەی توتالیتاریزم و دیکتاتۆری



دیاکۆ دانا

دابەشکردنی دەسەڵات میراتی نەریتی بیرمەندی ناسراو (مۆنتیسکیۆ)یە کە لە بەشی هەرە زۆری حکومەتەکان کاری پێ دەکرێ. لەم شێوازەدا هەرسێ هێزی یاسادانەر (قوە مقننە)، بەڕیوەبەری (مجریە)، داد (قضایی) بەشێوەی هاوتەریب و سەربەخۆ پێکەوە کار دەکەن. بەجۆریک دەتوانین بڵێین لەم دەسەڵاتانەدا دابەشکاری، لە یەک تێگەیشتن و پێکەوە کارکردن لەنێو ئەم سێ هێزانە بە مەبەستی نەهێشتنی هەر شێوەیەک پاوانخوازی و سەرەڕۆییە لە هەمان کاتیشدا بە مکانیزمی تایبەت و دیاریکراودا دەتوانن چاوەدێرییان بەسەریەکتردا هەبێ.

بەڵام کاتێک قسە لە دابەشکردنی دەسەڵات هەروەها سەربەخۆ بوون و کاری هاوبەش لە نێوان هێزەکاندا دەکرێ، ناتوانین تەنیا لەسەر ئەوەی پێداگر بین کە ئەو شێوازە لە دەسەڵاتدارییەتییە تایبەتە بەو وڵاتانە کە بەشێوەیەکی دێموکراتییانە بەڕێوە دەچن، بەڵکوو لەو وڵاتانەش کە ئێستاش شێوازی دیکتاتۆری و هاوشێوەکانی بەسەریاندا زاڵە، سیستەمی دابەشبوونی دەسەڵات تێدا بەڕێوە دەچێ، بەجۆرێک کە هەر سێ هێزی یاسادانەر، بەڕێوەبەریی یاسا و قەزایی بوونیان هەیە بەڵام شتێکی ڕواڵەتی و ڕۆتینە. بۆ وێنە لە وڵاتێکی وەکوو ئێران سەرجەم بڕیارە سەرەکی و بنەڕەتییەکان لە "بەیتی ڕێبەری"یەوە دەدرێن و دەسەڵاتەکانی دیکە تەنیا گوێڕایەڵن و حەسارەچۆلی ئەم کۆمارەیە کە تەنیا ناوەکەی وەرگرتووە و بە نێوەڕۆک بەتاڵ و نادێمۆکراتیکە.

ئەم نووسینە هەوڵ دەدا زیاتر لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران وەکوو سیستەمێکی دیکتاتۆر-تۆتالیتر هەڵوێستە بکا کە چۆن "ویلایەتی فەقیهـ" تەواوی بنیات و دامەزراوەکانی دەوڵەتی و حکومەتی لە چوارچێوەی خۆیدا قاڵ کردووتەوە.

لە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە چڕوپڕی (ئەسڵەکانی ١٠٧، ١٠٨، ١٠٩، ١١٠ و ١١١ ) باس لە ئەرک و دەسەڵاتەکانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی دەکا. لە نێوان ئەو ئەسڵانەدا بڕگەی ١١٠ بە تەواوی نیشاندەری ئەوەیە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بەسەر تەواوی دامەزراوەکانی دەوڵەتی و حکومەتیدا زاڵە، یانی دیاریکردنی سیاسەتەکانی گشتیی نیزام، ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتی، فەرماندەیی هێزە چەکدارەکان، چارەسەرکردن و باشترکردنی پێوەندی نێوان سێ هێزی یاسادانەر، بەڕێوەبەری و قەزایی و... لە دەسەڵاتی سەرەکی وەلیی فەقی (ڕێبەریی نیزام) دایە، ئەگەرچی هەرچەند بە ڕواڵەتیش بێ دەسەڵاتێک بەسەر ڕێبەریی نیزامدا هەیە و چاوەدێری ڕەوشی دەکا (مەجلیسی خیبرەگان) و تەنانەت بەپێی پرەنسیپە نێوخۆییەکەی توانای لابردن و دیاریکردنی ڕێبەری هەیە، بەڵام سەیر ئەوەیە کە خودی ڕێبەری دەبێ سەڵاحییەتی ئەو کەسانە دیاری بکات! هەروەها لە سەرووی دەسەڵاتی بەڕێوەبەری (سەرکۆمار) و شوڕای نوێنەرانیش کە بە دەنگی ڕاستەوخۆی خەڵک هەڵدەبژێردرێن (هەڵبەت بە پێی دانپێدانانی لێوەشاوەیی بەربژێرەکان لەلایەن شوڕای نیگابان) دەسەڵاتێکی دیکەش بەناوی ئەنجوومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام لە سەرووی ئەمانە هەیە و سەرجەم یاسا و کاروچالاکییەکانی حکومەت چاوەدێری دەکا. تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا دەبێ ئەو ئەنجوومەنە دانی پێدابنێ، ئەوە بێجگە لە ئەنجوومەنی بەرزی تەناهی (شورای عالی امنیت ملی) و ئەنجوومەنی بەرزی شۆڕشە (شورای عالی انقلاب) کە ئەمانەش هەرچەند لە ژێر ئەمری ڕێبەری دان، بەڵام بەپێی پەیرەوی نێوخۆیان دەسەڵاتی جۆراوجۆریان هەیە.

بەو پێیە هەبوونی دەوڵەت، مەجلیس، ئەنجومەنی پاسەوانی، دەزگایی قەزایی، ئەنجوومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، مەجلیسی خیبرەگان و سەرجەم هێزەکانی دیکە تەنیا شانۆیەکی گاڵتەجاڕییە بۆ ئەوەیکە لە بەرچاوی بیروڕای گشتیی جیهانی ئازاد بڵێن لەنێو سیستەمی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامیدا هەموو جومگەکانی دەسەڵات سەربەخۆن و وەک باقی وڵاتانی دێموکرات حکومەت بەڕێوە دەبەن. لەم نێوەشدا بۆ خۆڵلەچاوکردنی جیهان هەڵبژاردن بە مۆدێلی پێشکەوتوو بەڕێوە دەبەن بەڵام پێشتر هەم موهەندیسی دەکرێ و هەمیش بەربەستی جدی هەیە بۆ بەشی هەرەزۆری چینەکان کۆمەڵگە. بۆ نموونە "ژن" ناتوانێ خۆی بۆ بەربژێری سەرکۆماری یان دەسەڵاتەکانی دیکە بپاڵێوێ، یان تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن خۆیان بەربژێری بەرپرسە یەکەمەکانی ئەو هێزانە بکەن کە "شیعەی ئەسنا عەشەری" بن کەواتە نەتەوەکانی تری نیشتەجێی ئێرانیش تەنیا بۆ نوێنەرایەتیی مەجلیس دەتوانن هەڵبژێردرێن، هەڵبەت ئەگەر لێوەشاوەییان بە پێوەری نیزام بسەلمێندرێ. بەجۆرێک ئەگە کەسێک بۆ نوێنەرایەتیی (مەجلیسی شوورای ئیسلامی، خیبرەگانی ڕێبەری) یان (سەرکۆمار و شوڕای شار) خۆیان کاندیدا بکەن، دەبێ ئیزنی شواری نیگابانی لەگەڵ بێت کە شەش کەس لە مەلاکانی شووڕای نیگابان بڕیاردەری سەرەکین کە گشتیان لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە لەوێ داندراون. یان ئەگەر هەر یاسایەک کە لە مەجلیس پەسند بێ دەبێ لە فیلتەری شوڕای نیگابان تێپەڕی، هەروەها سەرۆکی دەزگایی قەزاییش لەلایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامی هەڵدەبژێردرێ (هەروەها چوار وەزیری بەرگری، دەرەوە، ئیتلاعات و وەزیری نەوتیش هەر ڕێبەری دەستنیشانیان دەکا).

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ڕێبەری ڕێژیم جگە لە ئەرتەش وەک یەکەیەکی نیزامی فەرمی (جیهانی)، فەرماندەی گشتیی هێزی سپای پاسداران و هێزی ئینتزامییە کە هەرکام لەوانە بۆ سەرکوت و چاوترسێن کردنی خەڵکی ئازادیخواز و وەزاڵەهاتوو دەزگایەکی زەبەلاحی زانیاری و ئیتلاعاتییان هەیە.

کەوابوو لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا تەنیا قالبی ڕووکەشی نیزام بەرەوڕووی دەرەوە کە جومگە سەرەکییەکانی دەستەلات لەخۆ دەگرێ جۆرێک ڕواڵەتی دێموکراتیکی پێوە دیارە، بەڵام لەناخەوە سەرجەمیان لەدەستی ڕێبەری نیزامدایە و هەر بۆخۆیشی سەرافەتیان دەکا، هەربۆیە وەک دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و توتالیتەر دەتوانین پێناسەی بکەین.

# جەلیل گادانی وەک کەسایەتییەکی فەرهەنگی

**قادر وریا**




ئەمڕۆ ١٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ی هەتاوی ٧٨ ساڵ بە سەر لەدایکبوونی خەباتکار وکەسایەتیی ناسراو کاک جەلیل گادانی ڕادەبرێ. لەگەڵ ناردنی سڵاوی زۆرم بۆ گیانی پاکی کاک جەلیل لەم ڕۆژەدا، سپاس و پێزانینی خۆم و هەموو خۆشەویستان و هاوخەباتانی کاک جەلیل لە حیزبی دێموکرات، بە بەڕێوەبەرێتیی کتێبخانە گشتییەکانی کۆیە ڕادەگەیەنم کە ئەم ڕێوڕەسمەیان لە ساڵرۆژی لەدایکبوونی کاک جەلیل گادانی‌دا بۆ یادکردنەوە و ڕیزلێنانی ڕێکخستووە. هەروەها سپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی ئەمڕۆ بە وتە و لێدوان و نووسین و، هەر وەها ئامادەبوون لەو کۆڕیادەدا بەشداری ئەم یادەن.

قسەکردن لە بارەی کاک جەلیل گادانی، هەم هاسانە، هەم دژوار. هاسانە، چونکە کاک جەلیل بە خۆشییەوە تایبەتمەندیی باش و بەرزی ئەوەندە زۆر هەبوون کە هەر کەسێک بیهەوێ باسی ئەو کەسایەتییە بکا، بۆ قسە دانامێنێ. دژواریی قسەکردن لە سەر کاک جەلیلیش هەر ڕاست لەو فرەڕەهەندی و زۆری و چەند لایەنەبوونی تایبەتمەندییەکانی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێ. چونکە مرۆڤ بۆ ئەوەی لە دەرفەتێکی وادا پێ ڕابگا شتێک پێشکەش بکا، ناچارە چاوپۆشی لە زۆر وێستگە و لایەنی ژیان و تێکۆشانی بکا و، لەبەر ڕەچاوکردنی کات و درێژنەبوونەی قسەکانی، لێیان بگوزەرێ. لە هەر حاڵدا کاک جەلیل بەو مێژووە درێژەی پڕ لە خەبات و تێکۆشانی، بەو بوارە جۆراوجۆرانەی کۆڵنەدان و نەوەستانی و، بە کەسایەتیی بەرز و ڕەوشتی مرۆڤدۆستانە و جوانی، لە هیچ وتارێکی ئاسایی‌دا جێی نابێتەوە. هەر بۆیە من لایەنی فەرهەنگیی ئەو کەسایەتییەم هەڵبژاردووە تا لەم بۆنەیەدا لەنگەری لەسەر بگرم و ئاوڕێکی بەڕێزەوەی لێ بدەمەوە.

### پێناسەیەک بۆ کەسایەتی فەرهەنگی

جاران لە ئێران بە وەزارەت یا ئیدارەی پەروەردە و فێرکردنیان دەگوت "وەزارەتی فەرهەنگ" یا "ئیدارەی فەرهەنگ". عادەتیش وابوو کەسانێک کە کارمەندی وەزارەت یا ئیدارەی فەرهەنگ بوون، بە تایبەتی مامۆستایانی قوتابخانە، پێیان دەگوترا "فەرهەنگی". من کە لەم بابەتەمدا کاک جەلیل وەکوو کەسایەتییەکی فەرهەنگی ناو دەبەم، پێناسەکەم لەو جۆرە فەرهەنگی‌بوونە زۆر جیاوازە. کاک جەلیل وابزانم هیچ کات کارمەندی ئیدارەی فەرهەنگ نەبووە تا لەو ڕوانگەیەوە بە "کەسێکی فەرهەنگی" ناوی بەرم. کەواتە ناوبردنی کاک جەلیل وەک کەسایەتییەکی فەرهەنگی، بۆ هۆیەکی دیکە دەگەڕێتەوە، بۆ گرنگیدانی کاک جەلیل بە کاری فەرهەنگی، هەروەها بۆ بەفەرهەنگ‌بوونی ئەو کەسایەتییە. کاک جەلیل هەم خاوەنی کارنامەیەکی دەوڵەمەندی فەرهەنگییە، هەم لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت لە مەیدانی جیاوازدا، وەک مرۆڤێکی بە فەرهەنگ دەجووڵایەوە.

هەر بە شێوەیەکی گشتی، بەفەرهەنگ‌بوون و بەهێزبوونی لایەنی ڕۆشنبیری لە کەسایەتیی سیاسی‌دا، کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڕەهەندی سیاسیی ژیان و تێکۆشانی ئەو کەسە دەبێ. ئەم جۆرە کەسایەتییانە، ڕوانینی سیاسییان بۆ هونەر، ئەدەبیات، وەرزش و، هەڵوێستیان بەرامبەر ڕۆشنبیران، نووسەران، هونەرمەندان و نوخبەکانی دیکەی بواری ڕۆشنبیری، کراوەتر و تێکەڵ بە گرنگی‌پێدان و ڕێزلێگرتنە. لەجێدا کەسایەتیی فەرهەنگی لە پرۆسەی خوێندنەوە و بیرکردنەوە و ڕۆچوون بە نێو فەلسەفەی ژیان و، وەسەریەکنانی ئەزموونی جۆراوجۆر و، کامڵبوون لە باری فکری و تێگەیشتنەوە، لە گەڵ ئەمانەش‌دا خۆ سەلماندن لە مەیدانی کردەوەدا دروست دەبێ. کاک جەلیلیش لە پرۆسەیەکی لەم چەشنەدا لە کڵ هاتبووە دەر و ببوو بە کەسایەتییەکی فەرهەنگی و بە فەرهەنگ.

### ئاوڕێک لە کارنامەی ڕۆشنبیریی کاک جەلیل گادانی: گرنگیدان بە نووسین و وەرگێڕان

ئەو کتێبانەی کاک جالیل گادانی نووسیونی، وەری گێڕاون یا ڕۆڵی سەرەکیی هەبووە لە ئامادەکردنیان‌دا، خۆ لە نزیک ٢٠ کتێب دەدەن. کاک جەلیل بە ئاگاداری لەو پێوەندییەی نووسین دەتوانێ لە نێوان نووسەر و بەردەنگ‌دا دروستی بکا، هەروەها بە تێگەیشتن لە ڕۆڵی نووسین لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئازادیخوازی و نیشتمانپەروەری لەنێو خەڵک‌دا، هەر لە بەندیخانەوە گرنگی بە فێربوونی زمانی بێگانە و وەرگێڕان دەدا. بە وەرگێڕان دێتە نێو دنیای نووسین و نووسەری. ئەو بەرهەمانەی وەری گێڕاون، لە ڕاستای باوەڕی پێشکەوتووانە و ئازادیخوازیی خۆی و، دژایەتی لەگەڵ ستەم و دواکەوتوویی و نابەرابەری دان.

نووسینەکانی کاک جەلیل، دەتوانین بکەین بە دوو بەش: یەکەم، ئەوانەی وەک وتار لە چاپەمەنیی حیزبی‌دا بڵاوی کردوونەوە کە زیاتر دەچنە خانەی شیکردنەوە و بەرگری لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب، یا ڕوانگە و بۆچوونەکانی خۆی لە پێوەندی لە گەڵ ئەو سیاسەت و هەڵوێستانەدا بوون. دووهەم، ئەو نووسینانەی وەک کتێب بڵاوی کردوونەوە کە لە نێوان مێژوو و بیرەوەری دان. گادانی لە کتێبەکانی‌دا، تێکۆشاوە بە یارمەتی‌وەرگرتن لە حافیزەی خۆی و دۆکیۆمێنت، مێژوو یا ڕووداوە مێژووییەکان بگێڕێتەوە. بەشێک لە کتێبەکانی، هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەی ئەو کتێبانەن کە لە بارەی مێژووی حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نووسراون.

نامەوێ لەم نووسینەدا، بەرگری یا تەنانەت داوەری لەبارەی نێوەرۆکی کتێبەکانی کاک جەلیل بکەم، بەڵام پێم باشە قامک لەسەر ئەو خاڵە بەهێزە دابنێم کە کاک جەلیل، نووسینەوەی بیرەوەری و نووسین لە سەر ڕووداوە مێژووییەکانی هەڵ نەدەگرت بۆ داهاتوو. ئەگەر ڕەخنەی لە کتێبێک و نووسینی کەسێک هەبا، هەتا کەسەکە خۆی لە ژیان دایە، لەسەری دەنووسی. ئەم نووسینانەی کاک جەلیل دەبوونە هۆی ئەوە، کەسەکان- ئەوانەی پێوەندییان بە ڕووداوەکان هەیە- تا لە ژیان دان، قسەی خۆیان بکەن و، ئەگەر زانیارییەکی نەدرکاو و نەگوتراویان هەیە، یا تێبینی و گێڕانەوەیەکی جیاوازیان لایە، بیخەنە ڕوو.

گێڕانەوە و نووسینی کاک جەلیل لە بارەی ڕووداوەکانی سەردەمی کۆماری کوردستان و، ئەو تێکۆشەر و کەسایەتییە کورد و ئێرانییانەی لە بەندیخانە یا ڕەوتی خەبات و تێکۆشان‌دا ناسیبوونی، یارمەتیدەری توێژەران بووە لە ڕوونکردنەوەی بەشێک لە قوژبن و پەسیوە تاریک و ناڕوونەکانی ئەو مێژووە. بەمەش توانیویەتی خزمەت بە تۆمارکردنی مێژووییەک بکا کە بۆ خۆی تێی‌دا ژیاوە.

### بایەخدان بە تۆمارکردنی بیرەوەریی پێشمەرگە

"خاطرات یک پیشمرگ قهرمان" (بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەیەکی قارەمان) کە یادداشتەکانی فەرماندەری بە ناوبانگی هێزی پێشمەرگەی دێموکرات شەهید شاپوور فیرووزیی گرتووەتە خۆ، لەوانەیە ئەگەر دوای تێرۆری کاک شاپوور نەکەوتبانە دەست کاک جەلیل گادانی، تێداچووبان. ئەگەر ئەم یادداشتانە فەوتابان، بێگومان دۆکیۆمێنتێکی بەنرخ لە بارەی قارەمانەتییەکانی "هێزی بێستوون" و ڕووداوە سیاسی و نیزامییەکانی ناوچەی کامیاران و دەوروبەر (لە ساڵی ١٣٥٨ تا نێوەڕاستەکانی دەیەی ٦٠ی هەتاوی)، لە دەستمان دەچوون. بەڵام کاک جەلیل ئەو یادداشتانەی کە بیرەوەریی ڕۆژانەی ئەو فەرماندە لێهاتوویە بوون، وەک گلێنەی چاوی پاراست و، لە تویی کتێبێکی دوو بەرگییش‌دا، چاپ و بڵاوی کردنەوە. ئەم دوو بەرگە هەر ئێستا بە هیممەتی مامۆستا عاشق ئیسماعیلی، خەریکە لە فارسییەوە دەکرێن بە کوردی.

کاک جەلیل، دەیزانی نووسینەوە و تۆمارکردنی بیرەوەریی شەڕ و تێکهەڵچوونە گەورە و حەماسییەکانی هێزی پێشمەرگە، بایەخێکی تایبەتیان هەیە. بۆیە بەردەوام فەرماندەران و پێشمەرگەکانی بەشدار لە شەڕ و تێکهەڵچوونە گرنگەکانی هان دەدا، ئەم جۆرە بیرەوەرییانەی خۆیان بنووسنەوە. بەڵام چونکە دەیدیت هێندێک لەو هاوڕێیانەی توانای نووسین و ئامادەکردنی بیرەوەرییەکانی خۆیان نییە، کارهاسانیی بۆ دەکردن، کەسانێکی دیکەی ڕادەسپارد هاوکارییان بکەن بۆ ئەوەی هەر نەبێ کاکڵەی ڕووداوەکە بێننە سەر کاغەز، دوایە بۆ خۆی پێیان‌دا دەچووەوە. لە ڕیزی کتێبەکانی کاک جەلیل‌دا، کتێبێک بە ناوی "کەشکۆڵی پێشمەرگە" هەیە کە کۆکراوەی بیرەوەریی چەندین فەرماندە و پێشمەرگەیە. گومانم نییە ئەگەر مردن، کاک جەلیلی لێ نەستاندبایەن، ئەم پرۆژەیەی درێژە دەدا و، زۆر بیرەوەریی بەنرخی دیکەی پێوەندیدار بە حەماسەکانی پێشمەرگەی لە پەتای فەرامۆشکران و لەبیرچوونەوە، ڕزگار دەکرد.

"چرچەی فەرماندە لە بیرەوەریی هاوڕێیانی‌دا" کتێبێکە لەبارەی ژیانی کورت بەڵام پڕ لە قارەمانەتیی فەرماندەری شەهید حەمەدەمین بارام میرزا (ناسراو بە چرچە). ئەو کتێبە بیرەوەریی ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوسەنگەران و هاوڕێیانی ئەو فەرماندە شەهیدەی گرتووەتە خۆی. کاک جەلیل دوای دیتنەوە و دەستنیشان‌کردنی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی شەهید "چرچە"، بیرەوەرییەکانی خۆیان لە بارەی ئەو فەرماندەیەی پێ نووسیونەوە و، دوای پێداچوونەوە و ئامادەکردن، کتێبێکی باشی لێ پێک هێناون. ئەم کتێبە، دوایین بەرهەمی چاپکراوە کە بە هاوکاری و زەحمەتی کاک جەلیل هاتبێتە بەرهەم.

### ئەمەگناسی لەئاست کەسایەتی و تێکۆشەرانی قۆناغەکانی پێشووی خەبات

کاک جەلیل، ڕێزێکی تایبەتی بۆ ئەو کەسانە دادەنا کە لە قۆناغ و بڕگەکانی ڕابردوودا، بەشداری خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازی، نەتەوەیی و حیزبی بوون. بە هەر زەحمەتێک بایە جێگا و شوێنی نیشتەجێ بوونی دەدۆزینەوە و پێوەندیی لە گەڵ دادەمەزراندن. لە هەر دەرفەتێک‌دا سەردانی دەکردن، چەندی بۆی کرابا، هاوکاریی دەکردن و، لە کاتی گرفتاری و لێقەومان‌دا مشووری دەخواردن. ئەوەندەی قسەی ڕۆیشتبا لای دەزگا حیزبی و حکوومەتییەکانی هەرێم، قسەی خێری بۆ دەکردن و، بۆ هاوکاری و ئاگالێبوونیان، هانی دەدان. هاوکات بە بەرپرسان و هاوڕێیانی حیزبیی خۆی دەناساندن کە لە گەڵیان لە پێوەندی‌دا بن و ڕێزی ئەو خزمەتانەیان بگرن کە ڕۆژگارێک پێشکەشی حیزبی دیموکرات و نەتەوەکەی خۆیان کردووە.

شانبەشانی ئەم جۆرە بەسەرکردنەوانە، هاوڕێیانی بەشی ئەرشیڤ و ڕاگەیاندنی حیزبی هان دەدا بچنە دیداری کەسایەتی و تێکۆشەرانی لەو چەشنە بۆ ئەوەی بیرەوەرییەکان و زانیارییەکانی ئەوان لەبارەی ڕووداوەکانی سەردەمانی پێشوو تۆمار بکەن و، بەم جۆرە لە فەوتان و لەبیرچوونە، بیانپارێزن.

### هاندان بۆ خوێندن و خۆ پێگەیاندن و، ڕێزگرتن لە قوتابیان و خوێندکارانی سەرکەوتوو

کاک جەلیل بە هۆی گیران لەسەر کاری سیاسی و مانەوە لە بەندیخانە، هەر لە قۆناغی ناوەندیی خوێندنەوە لە دەرس خوێندن بە شێوەی ئاسایی و چوونە قوتابخانە بێبەش بوو، بەڵام لە بەندیخانەش دەرفەتی بۆ خۆپێگەیاندن لەکیس نەدابوو. بە شێوەی دووراودوو (مکاتبەای) دەرسی خوێندبوو، لە تاقیکردنەوەکان سەرکەوتبوو. جگە لە وەرگرتنی دیپلۆم، توانیبووی لیسانسی زمانی فەرانسە وەربگرێ و، هەر لە بەندیخانە چەند کتێبی لە فەرانسەییەوە وەرگێڕابووە سەر زمانی فارسی. ئەم ئەزموونەی خۆی پاڵپشت بوو بۆ بۆ هاندانی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی، هەروەها هاندانی کچان و کوڕانی بنەماڵە حیزبییەکان کە لە خوێندن و خۆپێگەیاندن لە هەر هەلومەرجێک‌دا، غافڵ نەبن.

لە ژیانی سیاسی و خەباتگێڕانە و لە کارنامەی بەرپرسایەتییە حیزبییەکانی کاک جەلیل‌دا، بایەخدان بە قوتابخانە، خوێندن و پەروەردە، کتێبخانە و خوێندنەوە، چ لە ناوچە ئازادەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، چ لەنێو کەمپ و بنکە حیزبییەکان، جێگەیەکی تایبەتی هەبوو. گرنگیی بە داواکاری و چاوەڕوانییەکانی بەرپرسانی ئەو بەشە و مامۆستایان دەدا، لە سەردانی خوێندنگەکان غافڵ نەبوو. ئەو قوتابی و خوێندکارانەی سەرکەوتووانە پلەکانی خوێندنیان بڕیبوو، بە سەری دەکردنەوە. زۆر جار لە گیرفانی خۆی دیارییەکی سەمبولیکی بۆ دەکڕین. لەم یا ئەو شار و ئیدارە و بنکەی ڕۆشنبیری، ئەگەر کۆمەڵە کتێب یا گۆڤارێکی بەکەلکی دەست کەوتبا، لە گەڵ خۆی دەیهێنانەوە و، وەک خەڵات پێشکەشی ئەو منداڵانەی دەکرد کە زیرەک بوون.

چەندین جار ئاگادار بووم بە پۆل ئەو قوتابی و خوێندکارانەی ئاستێکی خوێندنیان بە باشی بڕیبوو، لە ماڵی خۆی بانگهێشتی دەکردن و جێژنی بۆ دەگرتن. لە پەرەپێدەرانی کولتووری کتێب خوێندنەوە و کتێب پاراستن بوو. لەو پێوەندییانەی لە گەڵ یەکیەتیی نووسەران و هێندێک ناوەندی ڕۆشبیری و دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی هەیبوو، بۆ ئەستاندنی کتێب سوودی وەردەگرت. ئەو کتێبانەی پەیدای دەکردن بە سەر بنکە حیزبییەکان‌دا بڵاوی دەکردنەوە و، بەم جۆرە کتێب و چاپکراوی نوێی دەگەیاندە دەستیان.

### دیاربوون لەنێو کۆڕ و چالاکیی ڕۆشنبیریی نێو حیزب و شارەکانی کوردستان

یەکێک لە پێوەرەکانی ڕۆشنبیربوونی کاک جەلیل و ڕەهەندی ڕۆشنبیریی ژیانی ئەو، گرنگیدانی بوو بە بەشداریی چالاکانە لە کۆڕ و کۆبوونەوە و چالاکیی کولتووری و ڕۆشنبیری لەنێو حیزب و لە دەرەوەی حیزب‌دا. مەبەستم لە بەشداریی چالاکانە، هەم جۆراوجۆریی ئەو چالاکیانەیە کە تێیان‌دا ئامادە دەبوو، هەم ئەکتیڤ‌بوونی بوو لەنێو کۆڕ و چالاکییەکان‌دا. ئەو، لە دەرفەتی گونجاودا بە تایبەتی ئەو کاتەی دەرفەت دەدرا بە بەشداران، سەرنج و تێبینییەکانی خۆی لە سەر ئەو باسانەی پێشکەش دەکران، ئەو بەرنامانەی پێشان دەدران و بەڕێوە دەچوون، دەخستە ڕوو. کەم پێشانگەی کتێب، کۆڕی شێعر، سمینار و فستیڤاڵی ڕۆشنبیری، یادکردنەوەی نووسەران و هونەرمەندان هەبووە لە نێو حیزب یا لە شارەکانی هەرێمی کوردستان پێک هاتبن و کاک جەلیل بانگهێشت کرابێ و، نەچووبێ.

دیارە ئەگەر چالاکی و بەرنامەکان پێوەندییان بە ژنان و منداڵانەوە هەبا، کاک جەلیل پتر خۆی بە ئەرکدار دەزانی کە تێیان‌دا بەشدار بێ. ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ ڕوانینی ئەو کەسایەتییە لە بارەی منداڵان و ژنان و، ئەرکی کەسایەتییە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکان لە پشتیوانیکردنی ئەو دوو توێژەدا.

ڕوویەکی گەشی دیکەی بەشداریی کاک جەلیل لەو جۆرە چالاکی و بەرنامانەدا، ڕێزلێگرتن و هاندانی ڕێکخەرانی بەرنامەکان، کۆڕگێڕان و خاوەن بەهرەکان بوو. کاک جەلیل ڕێزی لێ دەگرتن، دڵگەرمی دەکردن و وای دەکرد هەست بە گرنگیی کار و زەحمەتەکەی خۆیان بکەن و، لەو بوارەدا بەردەوام بن.

### دوا قسە

وەک لە سەرەتاوە ئاماژەم پێ کرد باسکردن لە هەموو ڕەهەندەکانی تێکۆشان و کەسایەتیی کاک جەلیل گادانی و تایبەتمەندییە بەرزەکانی، لە وتارێکدا ناگونجێ و کتێبێک هەڵ دەگرێ. تەنانەت بە تێر و تەسەلی نووسین لەسەر تەنیا ڕەهەندێک لە ژیان و خەباتی ئەویش- ڕەهەندی ڕۆشنبیری، کە لەم نووسینەدا مەبەست بوو- چەندین لاپەڕەی دیکەی پێویستە.

گرنگ ئەوەیە ڕەوشتە جوان و تایبەتمەندییە بەرزەکانی ئەم سەرکردە بە فەرهەنگە و، ئەم خەباتکارە ماندوویینەناسە، هەموو کات لە بەرچاومان بێ، لێیان فێر بین و، بیانکەین بە ڕێنوێنی ژیانی سیاسی و خەباتکارانەی خۆمان و، بەم جۆرە یادی کاک جەلیل گادانیی خۆشەویست هەمیشە بە بەرزی ڕابگرین.

سڵاو لە یادی و، ڕەوانی شاد.

***

* ئەو قسانە لە کۆڕیادی ڕێزگرتن لە کەسایەتیی کاک جەلیل گادانی کە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکانی کۆیە پێکی‌هێنابوو کراون.

# شەڕی ئێران و ئامریکا لە خاکی عێڕاق و سووریەدا



ئامانج زیبایی




سەرەڕۆییەکانی ئێران زۆر زوو وەڵامی خۆی لە ئیدارەی نوێی کۆشکی سپی وەرگرتەوە. ڕۆژی ٧ ڕەشەممە بە بڕیاری جۆ بایدێن، سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، چەند فڕۆکەیەکی شەڕکەری ئەم وڵاتە گرووپێکی میلیشیای سەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە سووریە بوردومان کرد. لە دوای هێرشی فڕۆکەکانی ئامریکا بۆ سەر لق و پۆیەکانی سەر بە سپای پاسداران لە ڕۆژهەڵاتی سووریە کە ٢٢ چەکداری ئەم گرووپەی تێدا کوژران، وەزارەتی بەرگریی ئامریکا لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەم هێرشە وەڵامێک بوو بۆ ئەو هێرشە مووشەکییەکەی ئێران کە کرایە سەر هەولێر!

پرسیار ئەوەیە کە ئەمریکا بۆچی لە خاکی سووریەدا پەلامارەکەی ئێرانی بەرپەرچ دایەوە، لە کاتێکدا کە "کەتیبەی سەیدولشوهەدای" سەر بە حەشدی شەعبیی عێراق ئەم هێرشانەی لە خاکی ئەم وڵاتەدا کردبوو.

ئەم گرووپەی کە لەو وەڵامدانەوەیەدا کراوەتە ئامانج، کەتیبەی حیزبوڵڵایە کە ئەویش بەشێکە لە حەشدی شەعبی و هاوپەیمانی سەرەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و ئامریکا زۆر جار و پێشتریش زەبری کوشەندەی لێوەشاندبوون. ئەو شوێنەش کە هێرشەکەی کراوەتە سەر، لە ڕووی هەڵکەوتەی جوغرافییایەوە شوێنێکی گرینگی ستراتێژییە کە لەژێر چاودێری هێزەکانی نیزیک لە کۆماری ئیسلامی ئێراندایە و لە ڕێگەی ئەم گرووپانەوە ئێران دەسەڵاتی خۆی بە سەر ئەم ناوچە سنوورییانەوە سەپاندووە. هەروەها ڕیسکی ئەوەی لێ دەکرا کە جارێکی تر ئەم گرووپ و ڕێکخراوە تیرۆریستییانە بۆ زەربە لێدان لە بەرژەوەندییەکانی ئامریکا لە ناوچەکەدا خۆیان ڕێک بخەن و تەداروکی هێرشێکی دیکە لە جۆری هێرشکردنە سەر فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر ببینن.

هۆکاری هەڵبژاردنی سووریەش بۆ ئەم جۆرە هێرشانە لە لایەن هەر دوو لایەنی ناکۆکییەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم ناسەقامگیرییەی کە بەهۆی شەڕی درێژخایەنەوە لە سووریە لەئارادایە و ئەم وڵاتە بۆتە مەکۆی تێرۆریستە نێودەوڵەتییەکان. دەستکەوتنی کەرەستەی پێویست بۆ کاری سابوتاژ و هێزی ئینسانیی عەمەلیاتی لەم وڵاتە زۆر ئاسانە و ڕێژیمی بەشار ئەسەدیش هیچ جۆرە دەسەڵاتێکی بە سەر ناوچە سنوورییەکانی خۆیدا نییە و ئەم ناوچانەش بوونەتە مەیدانی تەڕاتێنی سەر بەم گرووپانە کە بارەگا و عەمباری تەقەمەنیی خۆیانی لێ دادەنێن. دیتنەوەی ئەم بنکانە بۆ هێزەکانی ئامریکا و ئیسرائیل ئاسانترە، هاوکات وڵاتی ئیسرائیلیش دەکرێ هۆکاری سەرەکی بێت بۆ هەڵبژاردنی سووریە بۆ هێرش کردنە سەری بۆ دوو مەبەست:

یەکەم، لە ڕووی پێدانی زانیاریی سەربازی و هەواڵگرییەوە. ئیسرائیل لەو ماوەیەدا بە شێوەیەکی بەربڵاو هەر جارناجارێک بەئاشکرا هێرشی کردووەتە سەر گرووپەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەم هێرشانەش بەبێ هەبوونی زانیاریی ورد و درووست لەسەر بنکە و بارەگاکانی ئەم گرووپانە ناکرێ. مووساد لە سووریە چالاکترە لە دامودەزگا هەواڵگرییەکانی تر و بە تایبەتی کە لە سەردەمی ئیدارەی ترامپدا ئامریکا بە شێوەی پێویست گرینگی نەدەدا بە سووریە و ئەگەر گوشاری سێنا و پەرلەمانی ئامریکا نەبوایە، ئەوە ئامریکا ئەم وڵاتەی هەر بەجێ دەهێشت.

دووهەم، بۆیە خاکی سووریە هەڵبژێردرا کە بەرپەرچدانەوەکەی ئامریکا لە خاکی عێراقدا نەبێت و دەستی کازمی، سەرۆک وەزیرانی ئەم وڵاتە ئاوەڵاتر بێ و هێرشکردنە سەر حەشدی شەعبی کاردانەوەی گەورەی لێ نەکەوێتەوە و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئەم گرووپ و ڕێکخراوانە بخرێتە ئەستۆی حکوومەت. وەزیری دەرەوەی عێراق، فوئاد حوسێن پێش سەردانەکەی بۆ ئێران لە فڕۆکەخانە ڕایگەیاند کە لە عێراقدا شتێک بە ناوی بەرەی مقاوەمەت بوونی نییە و ئەوەش خۆی نیشانەیەکی ڕوون بوو کە حکوومەتی کازمی سوورە لەسەر پەکخستنی حەشدی شەعبی و، ئەمریکا نەیویست بە لێدانی گرووپ و میلیشیاکانی سەر بە ئێران لە خاکی عێڕاقدا بارودۆخەکە لە دەستی حکوومەتی کازمی بچێتە دەرێ.

بابەتی گرینگ لەم پێوەندییەدا ئەوەیە لەدوای هاتنە سەر کاری ئیدارەی بایدێن، سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە لەسەر ئەم بنەڕەتەیە کە ئاستی ناکۆکییەکان بێنێتە خوارێ و باشترە کە کاربەدەستانی ئێران ناچار بکا بێنە سەر مێزی دانووستان. لەم پێوەندییەشدا ئامریکا تووشی کێشەی زۆر بۆتەوە، لە لایەک ڕووبەڕووی نارەزایەتیی کۆماریخوازەکان و ئیسرائیل بۆتەوە ولە لایەکی دیکەشەوە نایەوێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران تووشی پێکدادانی ڕاستەوخۆی سەربازی بێ. بۆیە بەم بوردوومانەی هێزەکانی کەتائیبی حیزبوڵڵا ئەو پەیامەی بۆ کاربەدەستانی ئێران نارد کە دڵنیای کا لە ئەگەری مەترسی خستنە سەر بەرژەوەندییەکانی ئامریکا لە ناوچەکەدا ئەم ڕەفتارانە بێ وەڵام نامێننەوە و بژاردەی سەربازی هەر دەم لە سەر مێزی کۆشکی سپی بژاردەیەکی بەردەستە؛ بابەتێک کە وەزیری دەرەوەی ئامریکاش لە دوای هێرشەکە ئەمەی لە لێدوانێکدا پشتڕاست کردەوە.

# کاتێک دەتوانین لە داهاتوودا پێکەوە بژین کە هەر نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەبێ بە زمانی خۆی بخوێنێ

## (ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک)




**کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان!**
**ناوەند و ڕێکخراوە فەرهەنگییەکان!**

مامۆستایانی نیشتمانپەروەر و سەرجەم خەڵکی کوردپەروەری کوردستان!

سەرەتا بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک ئەو بۆنە فەرهەنگی و گرینگە جیهانییە لە سەرجەم خەمخۆرانی زمانی نەتەوەیی و مامۆستایانی دەروەست و فێرخوازانی تینووی زمان و شوناسی نەتەوەیی پیرۆزبایی دەڵێین.

وەکوو ئاگادارن مەبەست لە دیاریکردنی ڕۆژە جیهانییەکان لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەبیرهێنانەوە و گرینگیدان و ئاوڕدانەوەیەکی ڕژد و جیددییە لەو پرسە گرینگانە و یەکێک لەوانیش کە ٢ی ڕەشەمەی بۆ دەستنیشان کراوە ڕۆژی جیهانیی "زمانی دایک"ە و هەربۆیە ئەمساڵیش بە ئەرکی خۆمانی دەزانین کە ڕوو بە خەڵکی مافویستی کوردستان پەیامێکمان هەبێ و پێکەوە ئەو یادە پیرۆزە بەرز ڕابگرن.

ئەمسال لە کاتێکدا پێشوازی لەو بۆنە دەکەین کە لە ڕەشبگیرییەکانی وەرزی زستانی ٩٩ی هەتاوی چەند کەس لە مامۆستایانی فێرگەکوردییەکان دەستبەسەر و چارەنووسیان ناڕوونە و هەروەها یەکێک لە کچانی ئازای نیشتمان تەنیا بە تاوانی فێرکردنی زمانی دایک کە مافێکی دانپێنراو و پەسندکراوە و لە لایەن دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامییەوە بەتوندی سزا دراوە.

کەتمانکردن و پێشێلکردنی زمانی دایک لە سیستەمی پەروەردەی کۆماری ئیسلامی تەنیا بۆ زمانی کوردی ناگەڕێتەوە و گەلانی دیکەی نێو جوغرافیای ئێران وەکوو بەلووچ و عەرەب و ئازەری و لوڕ و تورکەمەن و... لەو مافە بێبەشن و چەوساوەنەتەوە.

حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە هەموو کات هەوڵی داوە بە سیاسەتی هەڵاواردنی ڕەگەزی و جینسیەتی لە پرۆسەی خوێندن و خۆپێگەیاندن قوتابییان دوور بخاتەوە.

بەڵام بە هەوڵ و تێکۆشانی خەڵکی خۆڕاگر لە چوار دەیەی ڕابردوودا پێچەوانەی هەوڵەکانی ڕێژیم بووە و ئەم ئاواتەی ڕێژیم کە ئاسمیلەکردن و تواندنەوەی گەلانی دیکە لە فەرهەنگ و زمانی زاڵ واتە فارسییە، پووچەڵ کراوەتەوە و ڕۆژبەڕۆژ بەتایبەتی لەە کوردستان شاهیدی سەرهەڵدان و گەشەی زمانی دایک و ویستە نەتەوەییەکانین لەو بارەوە و نموونەکەشی ئەوەیە کە لە ڕۆژانی ڕابردوو خەڵکی کوردستان بەتایبەتی ژنان و کچان و دایکانی دڵسۆز و چاونەترسی کورد بە بڵاوکردنەوەی گرتە ڤیدیۆ و ئامادەکردنی پەیام باسیان لەوە کردووە کە "خوێندن و نووسین بە زمانی دایک ئەگەر تاوان بێ! ئەوە ئێمەش تاوانبارین و بە تاوانی پیرۆزی دادەنێین".

پاراستن و پشتیوانی کردن لە پرسی زمانی دایک لە کاتێکدایە کە بەپێی جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ، هەر کەسێک ئەو مافەی هەیە بە زمانی خۆی بخوێنێ و بنووسێ و بە زمانی خۆی پرۆسەی پەروەردە تێپەڕێنی، بەڵام منالانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەم مافە بێبەرین. تەنانەت ڕێژیم ئامادە نییە ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕەتی وڵاتەکەی جێبەجێ بکا. هەر چەند ئەم ماددەیە بەپێی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی ئینسان، دەرخەری پێشێلکردنی مافە کولتوورییەکانی نەتەوەکانە لە ئێران.

لە ئێران تەنیا زمانی فارسی بە فەرمی ناسراوە و باقی نەتەوەکانی دیکە جگە لە (فارسە)کان لە مافی خوێندن و چالاکیی کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بە زمانی دایک نە تەنیا بێبەش کراون، بەڵکوو هەر جۆر چالاکییەک بۆ ئازادی زمانی دایک بە تاوان بە ئەژمار دێ و زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی پڕن لەو کەسانەی تەنیا تاوانیان هەوڵ بۆ بەرگری لە زمانی دایک و کولتووری خۆیان بووە.

ئێستاکە یەکێک لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نیزامی پەروەردە و ڕاهێنانی ئێران دیاردەی دواکەوتن لە خوێندن و برینی قۆناغەکانی خوێندنە، بەپێی ئامارەکان زۆرترین ڕێژەی دواکەوتنی خوێندن لە ئێران لەو ناوچانەیە کە زمانی دایکیی ئەوان زمانی فارسی نییە و هەر لە سەرەتای منداڵی ناچار دەکرێن ئەلفوبێی ئەوان فێر بن (فارسی) و لە ئاکامدا ئەم گرفتە ساڵانە بە هەزاران منداڵ واز لە خوێندن دێنن.

خوێندن و نووسین بە زمانی دایک مافێکی ڕەوای هەموو کەسە سەر بە هەر نەتەوەییەکی جیاواز و شارەزایانی پەروەردە بەردەوام باس لە گرینگی خوێندن دەکەنەوە بە زمانی دایک، بەڵام خوێندکاران و قوتابیانی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەم مافە سەرەتاییە بێبەرین. سەرەڕای هەموو هەوڵەکان تا ئێستە ڕێژیم ئامادە نەبووە بە شێوەی شایستە وەڵامی خواستی خەڵک بداتەوە و ئەو دەرفەتە بچووکانەش کە کراوەتەوە، تەنیا بە تێچووی خەڵکی خۆڕسک و خەمخۆر بووە و جێی پەنجەشیان سەرەڕای کۆسپ و تەگەرەکان لەسەر پرسی گەشەی زمانی دایک لە کوردستان بە بەراوەرد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی نێو ئێران دیارو زیندووترە.

چەندین ساڵە ڕێژیم بە هەموو تواناکانیەوە هەموو کات هەوڵی بە پەراوێزخستنی هێزی کۆمەڵگە دەدا. ئەرکی مامۆستایان و وانەبێژانی زمانی کوردییە لە سەرانسەری کوردستان کە لەگەڵ جێبەجێکردنی ئەرکی ڕاهێنان و پەروەردەکردن و خوێندنی بە زمانی دایک، خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان ئامادە بکەن. بە پەروەردەکردن و بەڕێکخراو بوون شکست بە سیاسەتی دژە زانستی ڕێژیم ببهێندرێ، واتە ئەو سیاسەتەی کە دەیهەوێ هێزی ئێوە پرش و بڵاو بێت.

بەپێی پەسەندکراوی یونێسکۆ مافی خوێندن بە زمانی نەتەوەکان مافێکی سروشتییە و پێویستە کاری بۆ بکرێ و حکوومەت و دەوڵەتەکانیش لەسەریانە هەموو ئامادەکارییەک بکەن بۆ خوێندن و کارکردن بە زمانی دایک.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای جەختکردنەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجمان لە داهاتوودا بە شێوەیەکی دیمۆکراتیکی فیدراڵ ئەتوانین پێکەوە بژین کە هەر نەتەوە و مافی ئەوەی هەبێ بە زمانی خۆی بخوێنێ و بنووسێ و کار بکا و هەروەها لەسەر پشتیوانی کردنی کۆڕ و کۆمەڵی قوتابییان، خوێندکاران و مامۆستایان بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان، هەموو هەوڵە سەرکوتکارییەکانی ڕێژیم لەسەر ئەو توێژانە مەحکووم دەکەین و هیواخوازین خۆری ڕووناکیبەخشی زانست بە سەر تاریکی جەهل و دیکتاتۆریدا سەرکەوێ.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی**
**کوردستانی ئێران**
**٢١ی فێبریواری ٢٠٢١ی زایینی**
**٢ی ڕەشەممەی ١٣٩٩ی هەتاوی**

# ئایا مێژوو ڕێسامەندە؟


## ئاماندا ریس – ماموستای زانستی مێژوو لە زانکۆی یۆرک



و: شارۆخ حەسەنزادە

لە فێورییەی ٢٠١٠ ژینگەناسێک لە زانکۆی «کۆنیکتیکێت»(University of Connecticut) بەناوی «پیتر توورچین»(Peter Turchin) پێشبینیی ئەوەی کرد کە لە ساڵی ٢٠٢٠ شاهیدی پەرەسەندنی ئاڵۆزیی سیاسی و ئابووری لە دیمۆکراسییەکانی ڕۆژئاوایی دەبین. ناوبراو ئەو قسانەی لە دژی شیمانەی خۆشبینانە؛ لەهەمبەر پێشکەوتنی زانست لە گۆڤاری «نیچر»دا بڵاو کردەوە و تێیدا دەڵێ، ئەمریکا دەگاتە خاڵی ئەوپەڕ ئاڵۆزییەکی‌تر لە مێژووی خۆیدا (لێنزیک بە شێوەی بەردەوام ئەم ئاڵۆزییانە هەر پەنجا ساڵ جارێک ڕوو دەدا)، شەپۆلی مەزنی گەشەی ئابووری دەکەویتە لێژی و ئەم ڕەوشە لە پەنا هەندێک بژاردەی کۆمەڵایەتی ئاماژە بەوە دەکەن کە کێشە و گرفتەکە خەریکە سەر هەڵبدا. کێشەی قووڵ و زۆرتر بەدخیم و بێ‌چارەسەری کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی کە لەم دە ساڵە لە ئەمریکای باکووری و ئورووپا سەریان هەڵداوە. ئەمانە شرۆڤەی توورچینیان بە شێوەیەکی سەیروسەمەرە و مەزەندەیی هێنایە دی!

دوو ساڵ پێش ئەو قسانەش، لە ژوئییەی ٢٠٠٨، توورچین داخۆیانی سەرنجڕاکێشی لەهەمبەر بوون و دوارۆژی مێژوو هێنابووە بەر باس. ئەو بە هەڵسەنگاندنی دووسەد شرۆڤە؛ بۆ چۆنیەتیی دارمانی ئیمپراتۆریی ڕۆمی کەون، سەرسوڕمانی خۆی دەربڕیبوو کە چۆنە توێژەرانی مێژوو نەیانتوانیوە بە ڕێکەوتنێک بگەن کە «کامە شرۆڤە ماقووڵە و کامە نا»! ئەو دەیگوت، ئەم پرسە ئەوەندە گەوجانەیە کە لە فیزیا، بۆچوونی «فلووجیستۆن» و تێرمۆدینامیک لە ڕەوشی یەکسان پێکەوە بوونیان هەبێ». توورچین دەیەویست بڵێ کە، وەک هەوڵەکانی کە لە پزشکی و زانستەکانی ژینگە بۆ چێ‌کردنی لەش و ژینگە ساغتر بووە، دەکرێ هیندێک هەوڵ بدرێ هەتا بتوانین کۆمەڵگەی ڕاوەستاو دابمەزرێنین؟ بێگومان کاتی ئەوە هاتبوو کە «مێژوو وەک زانستێکی شیکاری و تەنانەت کاڤشکییانەی لێ بێ». ئەو کە دەیزانی وێناچێ مێژووزانان بۆخۆیان وەها شێوازێکی شیکارانە لەمەڕ ڕابردوو بسەلمێنن، بەشێکی نوێی لە زانستی مێژوو پێشنیار کرد بەناوی «زانستی شیکارانەی مێژووی کۆمەڵ» یان «کێلیۆدینامیک».



نەریتی بەشێوازکردنی مێژووی زانستی و خوێندنەوەی ڕابردوو بە مەبەستی شکڵدان بە دوارۆژ ڕابردوویەکی درێژی هەیە، یوسیتیوستی فەرانسەوی، ئاگۆست کۆنت «یاسای سێ قۆناخی»ی پێشنیار دەدا کە دەیگوت، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دوای تێپەڕینی قۆناخی «ئایینی» و «بانخۆزاو(مێتافیزیکی) گەیشتووەتە خۆئاگایی زانستی هەتا لەو ڕێگایەوە کۆمەڵگەیەکی باشتر دابمەزرێنن. ئەمە هەندێک هەڵوێستی بەدوای خۆیدا هێنا لەوانە داروینیسمی کۆمەڵایەتی هێربێرت سپێنسێر، کە ڕاڤەی «مانەوەی باشترینەکان» (بقای اصلح)ی جێ خست. سپێنسێر زۆر کەمتر لە کۆنت بە دوارۆژی مرۆڤایەتی خۆشبین بوو و پێی‌وابوو کە مرۆڤ لەخۆیدا بوونەوەرێکی خۆخوازە. کاری پڕکاریگەر و زۆر ناسراوی سپێنسێر بۆ هەڵسەنگاندنی بنەڕەتی نێوان گەشەی بایۆلۆژی (ژیانی) و کۆمەڵایەتی هەڵچنرابوو کە بووە هەوێنی لێکۆلەرانی چاخی ویکتۆریایی و سەرنجی ئەوانی ڕاکێشا، زۆرتر بەو شێوازەی کە ئەمڕۆ بە ئاشکرا یان نهێنی ڕەگەزپەرەستانە دەژمێردرێ. هەموو ئەو شێوازانە لە بۆچوونی «پێشکەوتن» هاوبەش بوون؛ ئەو بۆچوونەی کە دەیگوت مرۆڤ و کۆمەڵگەی ئینسانی بە تێکچندراوتر بوون، باشتر–ئاوەزمەندتر، لیبراڵتر، مۆدێرن‌تر و بەتواناتر لە هەوسار کردنی سرووشت– دابوونە. هەروەها هەر هەموویان ئەو بۆچوونەشیان هەبووە کە دوارۆژێکی باشتریش چاوەڕوان دەکرێ، چ بە شێوازی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی کارڵ مارکس، چ شایستەسالاری لەسەر بنەمای چاکسازی ڕەگەزی فرانسیس گالتۆن و چ ئارمان شاری سوسیالیستی ئێدوارد بلۆمی.

ئەم بۆچوونە کە پێشکەوتن ناگوزیرە، بە ژینۆساید و توتالیتاریسمی نێوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم خەتی خوار کرد و بە ئاقارێکی تردا ڕۆیشت، بەڵام وێنای یاسای گشتی گەشەی کۆمەڵایەتی لە نووسراوەکانی توێژەرانی مۆدێرن زۆر پڕسێبەر بوو. لە ساڵی ١٩٢٥ ئابووریناسێکی سۆڤییەت بە ناوی «نیکۆلای کۆندراتیڤ» داوای ئەوەی کرد کە شەپۆڵگەلێکی لە ئابووری جیهان دۆزیوەتەوە کە هەر ٤٠ یان ٦٠ ساڵ دووپاتە دەبێتەوە و، ئێرنێست مێندێل لە وتارێکدا لەسەر ئابووریی نێئوکاپیتالیستی ئەم بۆچوونەی بە تەواوی پشتڕاست کردەوە. بەڵام بە ڕوانگەی بەشی هەرە زۆری توێژەرانی دیرۆک «ڕاستییەکانی مێژوویی» شتگەلی جیا نین کە سەربەخۆ بوونیان هەبێ و چاوەڕێ بکەن توێژەرێک بێ و ڕاویان بکا و کۆیان بکاتەوە و بە شێوەیەکی ساغ و خاوێن ڕێکوپێکیان بکا.

بەڵگەی مێژوویی سنوورێکی بێدەرەتانی هەیە، چوونکە دەستوێڕاگەیشتن بە ئەزموونی هەندێک لە گرووپەکان هاسانتر لەوانی دیکەیە. کێلیۆمێتریک–شیوازێک بۆ هەڵسەنگاندنی مێژوو کە وێکچوونی دەگەڵ کێلیۆدینامیکی توورچێن هەیە– ئەم سنووربەندییە بە جوانی خۆیا دەکا. کێلیۆمێتریک کە لەژێر کاریگەری کارداگلاس، نۆرس و ڕۆبێرت فۆگێل (ئەو زانایانەی کە لە ساڵی ١٩٩٣ پێکەوە خەلاتی نۆبێلی مێژووی ئابووریان وەرگرت)، بۆچوونی ئابووری و شێوازی هەژماری لە مێژوو بەکار دەهێنن. ئەم بەشە بە کردنی مێژووی ئابووری لە کارێکی ڕیوایەت‌تەوەر ڕا دەکاتە چالاکییەک لەسەر بنەمای بیرکاری و ئەو متمانەیەی پێ دەبەخشێ، بەڵام بۆتە جێگەی مشتومڕ و ئاڵۆزییەکەی زۆریش، هەروەک لە بیرمەندانی سەدەی نۆزدەهەم بینیمان. لێرەشدا ڕەگەز ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێ، فۆگڵ لە نووسینە گرینگەکەی خۆی بەناوی «کات لەسەر خاچ»(١٩٧٤) کە توێژینەوەیەکی چەندایەتی لەسەر کۆیلەداری لە ئەمەریکایە، لە بەڵگەی وەک چاندن و کار، کەلکی وەرگرتووە هەتا پێشان بدا کە کۆیلەداری لە بواری ئابووری کەرەسەیەکی بەرهەمهێنەری باش بووە و کۆیلەکانی باشوور زۆر باشتر لە بەشی هەرەزۆری مزبەرانی باکووری بوونە. هەڵوێستێکی توندی پێشبینیکراو کە ئەم بۆچوونە هەڵایساند هەتا ڕادەیەکی زۆر لەسەر خاڵێک تەکووزی دەکرد(ئەوان باسیان کردبوو بەڵام سەرنجیان نەدابوویێ)، ئەوەیکە بەڵگەی چاندن و کاری سرووشتی کۆیلەدارییان بە تەواوەتی تۆمار نەکردبوو جا چۆن دەیانتوانی شتێکی وەها بکەن، کاتێک گروپێک لە مرۆڤەکان بە چەوساندنەوە و لێکێشانی گروپێکی دیکە ئەوان پێک بێنن؟ زمانی پۆزیتویسمی زانست–زمانی هەڵسەنگاندنی شیمانەکان بە پێدراوەکان– بە چەتوونی دەگەڵ ڕێگای مێژوو دەبێتە هاودەم. کیلیۆمێتریک مێژوو وەک تاقیکارییەک دەبینێ کە کۆمەڵێک پێدراوی(دادە) بەردەوامی هەیە کە دەکرێ بۆچوونی ئابووری جۆربەجۆری تێدا تاقی بکەیتەوە، بەڵام لە ڕوانگەی «ئێمیل دۆرکیم» هیچ کات نابێ دەگەڵ ڕاستییە مێژووییەکان وەک شتومەک بنوارێ، جا ئەمە ڕێک ئەو کارەیە کە توورچین لە ساڵی ٢٠٠٣ کردی. ئەو کە لە بنەڕەتەوە ژینگەناسێکی حەشیمەتی بوو، کاتێک بەو ئاکامە گەیشت کە هەموو پرسگەلێکی جێ سەرنجی ئەم بەشە پێشتر چارسەر کراون، وازی لێ هێنا، توورچین بە ئیلهاموەرگرتن لە کاری کۆمەڵناسی ئەمریکایی «جەک گۆڵدێستۆن» کە لە دەیەی ١٩٩٠ هەوڵی دا فەلسەفەی «ئالێکسی دۆتۆکوێل» بکاتەوە هاوکێشەکانی بیرکاری، دەستی کرد بە پیوەندی‌دانی ڕادەی حەشیمەت بە دەرکەوتنی ئابووری (بە ڕوانگەیەکی ڕخنەگرانە، بە ئاستی نابەرانبەری ئابووری) هەروەها ناجێگیری کۆمەڵایەتی و سیاسی. توورچین بە دەرخستنی زانیاری وەک قەبارەی خانووبەرە ڕادەی پاشەکەوتی پووڵ و شتگەلی تر، گوتی کە دەتوانێ شوێن‌پێی ئاڵوگۆڕی سیاسی، ئابووری و حەشیمەتی لە ماوەی هەزاران ساڵ بدۆزێتەوە. بەتایبەت ئەو دوو پارادایمی دووپاتەکەرەوەی دیتەوە کە لە دەرکپێکردنی مێژووی سیاسی گرینگیەکی زۆریان هەبوو. خولی درێژماوەی کۆمەڵایەتی–حەشیمەتی و سووڕی باوک–کوڕ.

یەکەمیان ئاماژە بۆ دەورانی زەمەنی سەدە دەکا کە لەوێدا شەپۆلی ئاڵۆزی و قەیرانی کۆمەڵایەتی سیاسی بە گەشەی حەشیمەت هەڵدەکشێ و دادەکشێ، کاتێک حەشیمەت دەگاتە دێرانە(ظرفیت)ی بەرگەی زەوی، ستاندارەدکانی ژیان دادەبەزێ و ئەو گرووپانەی پێشتر سەردەست بوون، لێ دەکەون و شۆڕشێک بە دژی سیستەمی سیاسی بەرپا دەبێ. لە بگرە و بەردەی ئەو شەڕ و شووڕانەدا حەشیمەت دادەبەزێ و هەتا ئەو دەمیش تێکنۆلۆژێ زیاتر پێش دەکەوێ و دۆخێکی تازە بۆ ژیان سەر هەڵدەدا. ماوەی ئەم خولە زیاتر لە سەدەیەکە. خولی باوک ـ کوڕ: ئەمە سووڕێکە کە ماوەکەی نزیک پەنجا ساڵە. بەگوێرەی بۆچوونی توورچین بۆ نموونە کاتێک بەرەیەک (بەرەی باوک) شەڕ و توندوتیژی ئەزموون دەکا، بەرەی دواتر(بەرەی کوڕ) نەفرەت لە شەڕ دەکا و ژیانێکی ئارام تاقی دەکاتەوە، بەڵام بەرەی سێیەم (بەرەی نەوە) کە ڕاستەوخۆ توندوتیژیی ئەزموون نەکردووە، دیسان حەزی بۆ شەڕ و پێکدادان دەبێتەوە. بنەمای سەرەکیی پێشبینییەکانی توورچین ئەم خولە بوو کە تێیدا باسی ئاڵۆزییەکانی ٢٠١٠ی کردووە.

لە ٢٠١٠ بڵاڤۆکی «کێلیۆدینامیکیس» کە ئاڵاهەڵگری ئەو بەشە نوێیە بوو دەستی بە کار و چالاکی کرد و توورچینیش بەو ئاراستەیەدا و دەگەڵ باسەکانی پێشووی ئاگۆست کۆنت لە هەمبەر قۆناخی بەردەوامیی تێکچڕژاوی زانستی (لە فیزیکەوە هەتا شیمی و ژینگەناسی هەتا کۆمەڵناسی) لێبڕاوانە ئەم وێنایەی ڕەد کردەوە کە تێکچڕژاوی دەبێتە هۆی ئەوەیکە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نەتوانی بە شێوەی چۆنیەتی ڕاڤە بکەی و ئەزقەزا هەر ئەو ئاڵۆزی و تێکچندراوییەیە کە کەلک‌وەرگرتن لە زانستی بیرکاری بە پێویست دەزانێ. هاوکات دەگەڵ پەرەسەندنی دیجیتاڵیی زانیارییەکان و هێزی دەیتا کە ئیمکانی ڕاڤەی بیرکاری زیاتر دەکا، کێلیۆدینامیستەکان هەڵوێستی خۆیان گۆڕی. لەژێر ناوی بڵاوکراوەکەیان، چوار ساڵ دوای دامەزراندن، بڵاوکراوەی دیرۆکی تیۆری و بیرکاری بوو بە «مێژووی چۆنیەتی و گەشەی فەرهەنگی». توورچین لە سەروتارەکەیدا نووسی، ئامانج لەم هەوڵە دانانی کلیۆدینامیک لە پانتاییەکی بەربڵاوتری شیکاریی گەشە بووە. ئەم سووڕانەی بەئاشکرا بەرەو ڕوانگەی گەشە و فراژ وەرسووڕانێکی مەزنی لێ کەوتەوە کە لەودا بەشێک لە زانستی ئینسانی ڕوویان لە زانستی سرووشتی هێنا. شێوازی هزری نوێ بەناوی «مێژووی قووڵ» یان «دیرۆکی فرە»(تاریخ کلان) گوورا. کە تایبەتمەندییەکەیان کەلک‌وەرگرتن لە لێڕوانینی فراژی چەند بەشیی بە شێوازی چۆنایەتی و چەندایەتی بوو. ئەم بەشە نوێیانە، بە تێکەڵ بوونی زانستە سرووشتیەکان و زانستە مرۆییەکان بە مەبەسی خولڤاندنی ڕیوایەتێک لە سەربوردەی مرۆڤ کە لە سەرەتاوە دەست پێ دەکا و هەتا دەگاتە قۆناخی پاش مرۆڤی(پسا انسانی)، پسپۆڕی گونجاو و باوی مرۆڤناسانە و جوگرافیایی لە بەستێنی مێژووی کلاسیک و نەریتی بەرهەڵستی بۆوە. بەتایبەت ئەوان بە تاقیکاری ئەزموونی و چوارچێوەی تیۆری کە لە شیکاری قۆناخە جیاوازەکان و سەردەمە زەمەنییەکان هەرچەند درێژتر یارمەتی دەکردن و ئەوەندی کە دەگەڵ کەسانی پسپۆڕ و شارەزا پیوەندیان دەگرت ڕێک بەو ڕادەیەش کەسانی ناشارەزاش ئۆگری دەقەکانیان دەبوو. لە «سێهەمین شامپانزە»(١٩٩١) جێرد دایمۆند هەتا «مرۆڤی ئاوەزمەند»(٢٠١١)ی هێراری، ئەو نووسەرانەی کە لەم نەریتە خامە دەجووڵێنن، شرۆڤەیەکی ڕوون و هاسان دەخەنە بەرچاو کە مرۆڤ لەکوێوە هاتووە و ڕەنگبێ، دەچێتە کوێ؟ کە ئەمە بەڕوونی لەسەر بناخەی گێڕانەوەی چالاکییەکانی فراژ و گەشە دەچێتە پێش.

---

# هەڵبژاردەی شاخ و شۆڕش



## محەممەد زولفەقاری

## هەڵمەتبەر و گەمارۆشکێن



برایم چووکەڵی

شەهید محەممەد زولفەقاری کە لە «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەمجارەدا باسی دەکەین، ڕۆڵەیەکی خەباتکاری ناوچەی هەوشار بوو کە لە ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجی زەحمەتکێشان‌دا شۆڕشگێڕانە خەباتی کرد و سەربەرزانە سەری نایەوە.

ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی محەممەدی زولفەقاری لەنێو بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشی ئاوایی» ئەمیرئاوا»ی سەر بەشارستانی زەنجان چاوی بە دنیای ڕوون پشکووت. محەممەد کە بەر لەوەی چاو بە ژیان هەڵێنێ باوکی لەدەست دابوو، بە دەرد و ژان و بێبەشییەکانی نەتەوەکەی فرچکی گرت. قۆناغی سەرەتایی ژیانی لە شاری تیکاب تێپەڕاند و بۆ درێژەدانی خوێندن ڕووی کردە زەنجان. محەممەد پۆلی سێی ناوەندی بوو کە شۆڕشی گەلانی ئیران سەرکەوت و بە چاوی خۆی هێرشی بەربڵاوی سوپای هێرشبەری ڕێژیمی بۆ سەر کوردستانی بینی.

محەممەد لەسەر هەستی کوردایەتی تکاب گیرا و ماوەی ٣ مانگ لە بەندیخانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئازار و ئەشکەنجە درا. پاش ئازادبوونیشی، ئەو تازەلاوە کە بەهۆی دراوسێ‌بوونی گوندەکەیان لەگەڵ شاری زەنجان و ئەو بێحورمەتییەی کاربەدستانی ڕێژیم دەرحەق بە کوردەکانی ناوچەی زەنجان دەیانکرد، ستەمی نەتەوایەتی و زوڵم و زۆری ڕێژیمی پتر هەست پێ کرد و هەربۆیەش بڕیاری دا ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات هەڵبژێری.

شەهید محەممەد ساڵی ١٣٥٩ چەکی کوردایەتی و دیفاع لە کەرامەتی گەلەکەی لەشان کرد و لە هێزی شەهیدانی هەوشاردا دەستی بە تێکۆشان کرد. زۆری پێ نەچوو ئازایەتی و شۆڕشگێڕبوونی خۆی نیشان دا. ئەو کوڕێکی لەسەرەخۆ، پێشمەرگەیەگی ئازا، لەخۆبوردوو، بەنەزم و دیسیپلین بوو، بە چەشنێک کە تەواو جێی باوەڕی هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچەی هەوشار بوو. بۆیەش بە سەرپەلی پەلێک لە پێشمەرگەکانی ناوچەی هەوشار دیاری کرا. قارەمانەتی ئەم ڕۆڵە تێکۆشەرە لە شەڕی فەیزوڵلابەگی لە ساڵی ١٣٦١دا بۆ هاوسەنگەرانی زیاتر دەرکەوت. لەم شەڕەدا محەممەد قارەمانانە هەڵیکوتایە سەر دوژمن و سەنگەر بە سەنگەر لەگەڵ دوژمنانی کوردستان شەڕی کرد و ئەگەرچی بریندار بوو، بەڵام کۆڵی نەدا. هێزەکانی دوژمن لەم شەڕەدا دوو هاوسەنگەری برینداری محەممەدیان گەمارۆدا بوو، هەرچەند محەممەد خوێن لە برینەکانی دەچۆڕا، بەڵام شێرانە بۆ ڕزگارکردنی ئەم دوو هاوسەرنگەرەی هێرشی بردە سەر دوژمن وبە فیداکارییەکی کەم وێنە کە تەنیا لە بوێر و قارەمانەتیی کوڕی دێموکرات دەوەشێتەوە، توانیی دوو هاوسەنگەرە بریندارەکەی لە گەمارۆی دوژمن ڕزگار بکا.

شەهید محەممەد بێجگە لە ئەرکی سەرپەلی کاری دەرمانییشی دەکرد. لە سەنگەردا و هەر لەو کاتدا کە شەڕی دەکرد و هێرشی دوژمنی بەرپەرچ دەدایەوە، هاوسەنگەرە بریندارەکانیشی دەرمان دەکرد. ئەو لە مەیداندا نیشانی دا کە چەندە لێوەشاوە و چەندە لە خزمەت گەلەکەی‌دایە، تەنانەت نیشانی دا کە ئامادەیە گیانیشی پێشکەشی ڕێگای ڕزگاریی گەلەکەی بکا. بەهۆی تایبەتمەندییە شۆڕشگێڕانەیەی لە وجوودی ئەم تێکۆشەرەدا هەبوو، بە فەرماندەی لکی شەهید هەڵۆ لە هێزی شەهیدانی هەوشار دیاری کرا. ئەو لکە بە فەرماندەریی لاوی تێکۆشەر محەممەد زولفەقاری دەیان عەمەلیاتی کەم‌وێنەی لە ناوچەکانی زەنجان، هەوشار، ڕێگای سەقز– سنە بەڕێوە برد.

ڕۆژی ٣٠ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی دوژمنی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی هێزێکی زۆری لە شارەکانی هەمەدان، زەنجان، کامیاران، مەریوان، تیکاب، ساین‌قەڵا، سنە، دیواندەرە، بیجاڕ، سەقز و بۆکان کۆ کردەوە و پەلاماری دڕندانەی بۆ سەر ناوچەی فەیزوڵلابەگی هێنا. کوڕە قارەمانەکانی مەڵبەندی هەوشار حەماسە خولقێنەکانی چیاکانی ماینبلاغ و سووروسات سینگیان کردە قەڵغانی دیفاع لە شەرەف و کەرامەتی گەلەکەیان و دەستیان کرد بە بەرگرییەکی سەخت و قارەمانانە. هێزەکانی کۆنەپەرستی بە ئاور و ئاسن سەنگەری کوڕە دلێرەکانی دێموکراتیان دەکوتا و ناوچەی فەیزوڵلابەگییان بەتەواوی گەمارۆ دابوو. پارێزەرانی ئازادی سەنگەر بە سەنگەر لەگەڵ بەکرێگیراوان شەڕیان دەکرد و خەڵکی زەحمەتکێشی ناوچەی هەوشار چاویان بڕیبووە تێکۆشەرانی دێموکرات کە چۆن لە ناوچەی فەیزوڵلابەگی پارێزگارییان دەکرد. دوژمن ئاڵقەی گەمارۆی هەر توند و توندتر دەکرد. پێشمەرگەکان کە بەڵێنیان دابوو لەڕێگای گەل و ئامانجیاندا سەردانێن بەڵام تەسلیمی دوژمنانی گەلەکەیان نەبن، زۆر ئازایانە هێرشیان دەکردەوە سەر دوژمن و سەنگەرەکانیان لێ دەستاندنەوە. لەو شەڕەدا قارەمانانی دێموکرات توانیان زیاتر لە ٢٠٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن بکوژن و ژمارەیەکی زیاتریش بریندار بکەن.

لەو شەڕەدا محەممەد زولفەقاری ئازایەتییەکی دیکەشی نواند. ئەو لە جەنگەی شەڕدا کە چاوی بە دەستەیەک لە پێشمەرگەکان کەوت کە لە گەمارۆی دوژمن دان، بۆ تێکشکاندنی ئەو گەمارۆیە هەڵمەتی قارەمانانەی بۆ سەر دوژمن برد و بە ئازایەتیی هاوسەنگەرانی توانیان گەمارۆی دوژمن بشکێنن. لەم هێرشەدا بوو کە سینگی لاوی کۆڵنەدەر و تێکۆشەر محەممەد زولفەقاری بە گوللەی جینایەتکاران پێکرا و دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت.

لەم شەڕە خوێناوییەدا خوێنی محەممەد تێکەڵ بە خوێنی ١٨ پیشمەرگەی قارەمانی دیکەی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی هەوشار بوو کە لە سەنگەردا شەهید بوون، بەڵام تەسلیمی دوژمن نەبوون و ئاڵای دێموکرات و کوردایەتییان بەخوێنی سوور و گەشیان شەکاوە ڕاگرت.

# ڕوانگەی تاران: ڕێبازی میلیشیایی ئێران

## (٢-١)

**ئەنستیتۆی تۆنی بلەیر بۆ ئاڵوگۆڕی جیهانیی – سەعید گۆلکار، کەسرا ئەعرابی**



و: کەماڵ حەسەنپوور

**[ئەو وتارە بەشێکە لە ڕاپۆرتێکی ٦٢ لاپەڕیی لەبارەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران، دەوری ئایدۆلۆژیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەو ڕێژیمە و دروستکردنی تاقمی میلیشیا بۆ برەودان بەو ئایدۆلۆژییە. وەرگێڕ]**

لە ١٠ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٠، چەند ڕۆژ پێش کۆتاییهاتنی ئابلۆقە ١٣ ساڵەکەی چەکوچۆڵ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دژی ئێران، فەرماندەیەکی پلەبەرزی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی لە لێدوانێکی خۆهەڵکێشانەدا باسی ڕایەڵەی میلیشیاکانی وەفاداری خۆیانی کرد. موحەممەدڕەزا نەقدی ڕایگەیاند کە، " ئەو هێزەی ئێمە ڕێکمان خستووە [کە لە سەرانسەری جیهان بە ئەندام گرتوونی] زۆر لە هاوپەیمانی لەگەڵ هەر هێزێکی سەربازی ترسناکترە چونکە... ئەو خەڵکە بڵاوەی پێکراوە و نەناسراوە". ناوبراو ئەوەشی زیاد کرد کە، کاتێک ئەو هێزە نەناسراوانە هێرش دەکەن، "دوژمن نازانێ کێ هێرشی کردۆتە سەریان". قسەکانی نەقدی ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە مەزنترین سامانی کۆماری ئیسلامیی دژی وڵاتانی ناوچە و خۆرئاوا و هەروەها ماکەی گیروگرفتی بەناو بەکرێگیراوانی ئێران ئەوەیە: ئەگەری حاشاکردن.

نەقدی سەرۆکی ڕایەڵەی شەرکەرە ڕاهێنراوەکانی ئێران بوو کە سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی، سوپای ئایدولۆژیکی ڕێژیمی مەلایان، ماوەی چوار دەیەیە بۆ برەودان بە ئامانجە ستراتێژیک و ئایدۆلۆژیکییەکانی کۆماری ئیسلامی کەلکی لێ وەرگرتوون. ئەو ئامانجانە لەسەر سێ کۆڵەکە دامەزراون: هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی، پشتگیری لە جووڵانەوە ئیسلامی و دژە ئەمریکاییەکان و لەنێوبردنی ئیسرائیل. بۆ وەدیهێنانی ئەو ئامانجانە، دەوری سوپای پاسداران بۆ پەروەردەکردنی توندئاژۆیی لە بەرهەمهێنانی میلیشیای هاوتەریب لەگەڵ ئایدۆلۆژییەکەی، وەک حیزبوڵڵا لە لوبنان، تا پشتیوانی لە تاقمی جەماوەریی خاوەن بەرژەوەندیی هاوبەش یان تاکتیکی، لە حەماس ڕا بگرە تا تالیبان دەگرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای پەرەگرتنی هەرەشەی پشتگیریی ئێران لە تاقمی چەکداری بەرهەڵستکار، دەوڵەتان و داڕێژەرانی سیاسەت نەیانتوانیوە بڕیار بدەن کە ئاخۆ ئەو ئەکتەرە ناحوکومییانە تا چ ڕادەیەک گوێڕایەڵی تارانن و سوپای پاسداران چەندە کۆنترۆڵی بەسەر ئاکارەکانیانەوە هەیە. ئەو بۆشایی زانیارییە ئاسەواری سیاسیی گەلێک بەرچاوی لێ کەوتوونەوە، کە ئێزنیان داوە بە ڕێبەرانی ئێران تا لەو میلیشیایانە بۆ بەئامانجگرتنی دەوڵەتانی ناوچە و هێرش بۆ سەر بنکەکانی خۆرئاواییان کەلک وەرگرن و بتوانن خۆ لە وەئەستۆگرتنی بەرپرسیاریی ببوێرن و لەو ڕێگایەوە پێش بە بەرپەرچدانەوەی نێونەتەوەیی بگرن.

ناڕوونییەکانی ئاشکرا لە پێوەندیی لەگەڵ مەودای دەستڕۆیشتوویی دەرەکیی ئێران هەر جۆرە هەڵسەنگاندنی مەترسیی لە ئەگەری کێشە لەگەڵ ئەو ڕێژیمەی گەلێک ئاڵۆز کردووە. هەڵسەنگاندنی دەستڕۆیشتوویی جوگرافیای بەناو بەکرێگیراوانی ئێران گەلێک دراماتیکە و لە هەموو دۆخێکدا یان زیدەڕۆیی تێدا کراوە یان زۆر بە کەم گیراوە.

کاتێک خۆرئاوا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان هەوڵی کۆنترۆڵکردنی میلیشاکانی سەر بە ئێرانیان داوە، ئەوان لە پێش هەموو شتێکدا لە سۆنگەی ئابلۆقە ئابوورییەکانی دژی تاران ئەو کارەیان کردووە، بەو گریمانەیە کە نەبوونی پارە بەدەست کۆماری ئیسلامییەوە لە کۆتاییدا پێش بە پشتگیری لە تاقمە میلیشیاکان دەگرێ. بەڵام لە کاتێکدا کە گەمارۆ ئابوورییەکان ئابووریی تەریککەوتووی ئێرانیان بە شێوەیەکی بەرچاو لاواز کردووە، ئەوان نەبوونە هۆی گۆڕینی پێشترییەتیدانەکانی ڕێژیم. ژمارەی میلیشیاکانی پشتیوانیکراو لە لایەن ئێران زیادیان کردووە و هێرشەکانیان بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان درێژەی هەبووە.

گرینگترین خاڵ ئەوەیە کە هەڵوێستی یەک شێوە گەمارۆ بۆ گشت کێشەیەک ئەو ڕاستییە پاشگوێ دەخا کە لە کاتێکدا کە پێوەندیی نێوان ڕێژیمی ئێران و بەشێک لەو تاقمانەی کاریان لەگەڵدا دەکا لەسەر سوودی کەلوپەل و بەرژەوەندیی هاوبەش دامەزراوە، هێندێک تاقمی دیکە پێوەندییەکی گەلێک قووڵتریان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ ئایدیۆلۆژی، کولتوور و ڕوانگەی جیهانیی هاوبەش. تاقمەکانی دەستەی دواتر نەتەنیا لەلایەن سوپاوە دامەزراون، بەڵکو لێکدانەوەی بەرتەسکی تاران لەمەڕ چەمکی ویلایەتی فەقێی ئیسلامی شیعەیان، پرەنسیپێک کە لەویدا ڕێبەری گەورەی ئێران ڕێبەری سەرجەم شیعەکانی جیهانە، قەبووڵ کردووە. لە ئاستی جیاجیادا، ئەو تاقمانە ڕێبەرایەتیە ئایدۆلۆژیکیی ڕێبەری گەورە و سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامییان قەبووڵ کردووە.

تێگەیشتن لە ڕیشەی پێوەندیی نێوان ئێران و ڕایەڵەی میلیشیاکانی، و سروشتی هەنووکەیی ئەو پێوەندییە، دەتوانێ تیشک بخاتە سەر کەمایەسییەکانی ئەو هەڵوێستە کە تەنیا پشتی بە گەمارۆی ئابووری بەستووە. خورئاوا و هاوپەیمانە ناوچەییەکانیان، پێویستیان بە هەوڵی مەزنتر و هاوئاهەنگتر بۆ ئاشکرا کردن و پچڕاندنی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەو میلیشیایانە هەیە کە هۆی پێوەندییەکانیان لە بەرژەوەندیی کەلوپەل تێپەڕ دەبن.

کوشتنی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی هێزی قودسی سوپای پاسداران، کە بەرپرسی ڕایەڵەی میلیشیاکانی تارانە، لە جانیوەری ٢٠٢٠ نەبووە هۆی کەمبوونەوەی توندئاژۆیی پشتیوانیکراو لە لایەن ئێران. زیاتر لە دوو دەیە، سولەیمانی وەک داڕێژەری مەیدانیی لە پشت خولیای ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی بۆ بە میلیشیایی کردنی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و ئافراندنی دەوڵەتێکی پان شیعە بە ڕێبەرایەتی خۆی وەک ڕێبەری گەورەی سەرجەم موسڵمانانی شیعە بوو. بۆ ئەو مەبەستە ناوبراو توندئاژۆیی شیعەی لە سەرانسەری ناوچە و ئەولاتر، بە دروستکردن و پشتیوانیکردنی میلیشیای غەیرە حوکومیی، پەرە پێ دا.

تۆنی بلەیر بۆ ئاڵوگۆڕی جیهانی بەرنامەیەکی بۆ کارکردن لەسەر سوپای پاسداران و میلیشیا شیعەکان بە نێوی ئەندامگیریی، ڕادیکاڵ کردن و بەکارهێنان دەست پێ کرد: سوپای پاسداران و بە حیزبوڵڵاکردنی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست. ئەو بەرنامەیە ئاشکرای دەکا کە چۆن سوپا دەستڕۆیشتوویی خۆی لە چەند شوێن پەرە پێ داوە و چۆن پێشترییەتی بە میلیشیا جیاوازەکان دەدا و پشتیوانییان دەکا. بە کەلکوەرگرتن لە سەرچاوەی ڕەسەنی سەرەتایی، ئەو پرۆگرامە سروشتی پەیوەندییەکانی سوپای پاسداران لەگەڵ ژمارەیەک لەو مییشیایانە ئاشکرا دەکا کە سوپا پشتیوانییان لێ دەکا. بە شێوەیەکی تاقانە، ئەو بەرنامە میلیشیا شیعەکانی سەر بە ئێران لە لێنزی سوپای پاسدارانەوە شەنوکەو دەکا تا لە ئامانجەکانی ئێران لە ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی نزیک تێبگا.

ئەوە یەکەم ڕاپۆرت لە ئاڵقەیەکی لێکدانەوەی ڕێبازی میلیشیایی ئێرانە، بناغەی سیاسەتی دەروەی کۆماری ئیسلامیی کە بەو ڕێبازەوە تاران ویستوویەتی دەستڕۆیشتوویی، نفووز و توانایە سەربازییەکانی خۆی پەرە پێ بدا. ڕێبازەکە لە پرۆسەی تاقیکاریی و هەڵە لە ١٩٧٩ بەولاوە گەشەی کردووە و بە لەبەرچاو گرتنی ڕاستییەکانی جوگرافیای سیاسی و ئەزموونەکانی فەرماندەی سەربازیی جۆراجۆر داڕێژراوە. ڕێبازی میلیشیایی کورتکراوەی هۆگریی درێژمەودای تاران بۆ بە میلیشیاییکردنی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست وەک ئامرازێک بۆ ناسەقامگیرکردنی ناوچە بۆ وەدیهێنانی ئامانجە ئایدۆلۆژیکەکانی سیاسەتی دەرەوەیە. ڕێبازەکە ژێرخانەکانی سیاسی، ستراتێژیکی، تاکتیکی و بەڕێوەبردن دەگرێتە خۆ کە سوپای پاسداران بۆ پەرە پێدانی



دوای کوژرانی سولەیمانی، ئەو چاودێرانەی گوتیانە کە کۆماری ئیسلامیی و میلیشیاکانی سەر بە ئێران تا ڕادەیەکی بەرچاو لاواز بوون و لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە پاشەکشەدان، پەرە ئەستاندنی پێشووی ڕایەڵەی میلیشیاکانی ئێرانیان تەنیا بە هی سولەیمانی دەزانی. بەڵام لە کاتێکدا کە ڕێبەریی سولەیمانی دەورێکی سەرەکیی لە ڕۆچوونی هێزی قودس لە قووڵایی گۆڕەپان، لە ئەفغانستان و عێراق تا سووریە و یەمەن هەبوو، ئەوە ڕێبازی میلیشیایی هەردەم لە گەشەی ئێرانە کە ڕێنوێنیکەری چالاکییەکانی ئەو هێزەیە، و درێژە بەو چالاکییانە دەدا. بە بێ لەبەر چاوگرتنی مردنی سولەیمانی و ئەو گورزە ستراتێژیکییەی لە تاران درا، بەڕێوەبردنی ئەو ڕێبازە شێوەی هەڵسوکەوتی سەرەکیی ئێران لە دەروەی سنوورەکانی دەمێنێتەوە. هیچ نیشانەیەک بۆ گۆڕانی سەرنجی ڕێژیم، سەرەڕای گوشارەکانی ناوخۆیی بەدی ناکرێ.

### لێکدانەوەی ڕێبازی میلیشیایی ئێران

سیاسەتێکی کاریگەر بۆ سنووردارکردنی هەڕەشەی میلیشیاکانی سەر بە ئێران، بە لاوازکردنی ڕێژیمی ئێران یان بە بچووکتر کردنەوەی سامانەکانی ژێردەستی سوپای پاسداران، پێویستە دوو فاکتەران لەبەر چاو بگرێ. یەکەمیان پلەی خاوەن مافی تایبەتی سوپای پاسداران و هێزی قودس لە سیاسەتی دەرەوە و دامودەزگا ئەمنییەتییەکان و ڕێژەی پشتیوانیی ڕاستەوخۆ کە لە ناوەندە دەسەڵاتەکانی نەرم و ڕەقی تاران بۆ وەدیهێنانی ڕێبازی میلیشیایی ئێران پێیان دەدرێ. دووهەم فاکتەر لە پێوەندیی نێوان سوپای پاسداران و خودی میلیشیاکان و سروشتی دەسەڵاتی ئەو پێوەندییە بەسەر ئاکارەکانیاندا.

بۆ لەبەر چاو گرتنی ئەو دوو فاکتەرە، ئەنستیتۆی دەستڕۆیشتوویی ئێران، پشتگیریی لە توندئاژۆیی و برەودان بە پرسە شۆڕشگێڕانەکەی لە ڕێگای ڕایەڵەی میلیشیا، خانەی پێکهاتوو لە توندئاژۆیان و سیخوڕان، گەشەی پێداون.

تێگەیشتن لە ژێریی ئەو ڕێبازە توانایی ئەوتۆ دەدا بە لێکۆڵەران و داڕێژەرانی سیاسی تا ئاراستەی ڕووداوەکان دەستنیشان بکەن و شێوەی بەڕێوەبەریی کارەکان بدۆزنەوە. بەڵام لە بنەڕەتدا، ڕێبازەکە ئەرکێکە کە بە مانەوەی کۆماری ئیسلامییەوە گرێ دراوە و توانیویەتی چوار دەیە بەردەوام بێ و چەند قەیران، ڕووداوی سیاسی و کێشە تێپەڕ بکا.

ڕێبازی میلیشیایی بە دەسەڵاتی ڕەقی ئەکتەرەکانەوە سنووردار نەکراوە، بەڵکوو کەلک لە ڕێکخراوەکانی خاوەن دەسەڵاتی نەرم و چالاکییەکانی تارانیش لە پەنا شەڕاشۆیی بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی ڕێژیم وەردەگرێ. ئەوە هاوکاریی نێونەتەوەیی لەگەڵ، یان بە ئامراز کردنی، ئاژانسە پەروەردەیی، کولتووری، مرۆڤدۆستانە و سیاسییەکانی تاران دەگرێتەوە کە دەوری سەرەکی لە یارمەتیدان، بە ئەندامگرتن و توندئاژۆ کردنی میلیشیاکان و پشتیوانیکردن لە ئۆپەراسیۆنە نهێنییەکان دەگێڕن. ئەو ڕێبازە تارانی گەیاندۆتە ئاستێک کە کەلک لە بۆشاییەکانی دەسەڵات و کێشە وەرگرێ و ڕایەڵەیەکی لەو شوێنانە دروست کردووە کە ئێران بەبێ ئەوان نەیدەتوانی لەوێ بوونی هەبێ. ئەوەی هەستیارە ئەوەیە کە تێکەڵکردنی ڕێبازی میلیشیایی وەک کۆڵەکەیەکی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوە و ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامیی، توانایی ئەوەی بەو ڕێژیمە داوە کە کەڵک لە تاقمە میلیشیاکانی دەستەمۆی خۆی وەرگرێ تا هاوکات خولیا ئایدۆلۆژییەکانی برەو پێ بدا و دۆخی ترسێنەریی خۆی بەهێز بکا. **درێژەی هەیە ...**

دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# پیرۆزبایی خێرای هەشتی مارس لە ئێرانەوە

ئێران زۆر سەیرە. پیاو ناوێرێ ڕستەیەکی لە دەمی دەربچێ، ئەم دادە ئێرانەی دراوسێمان لە خۆی دەکەوێتە گومان و وادەزانێ هەرچی تەپ و توانجە بۆ سەری ئەو کۆکراوەتەوە. ئێمەی ئێرانی تۆزقاڵێکیش حەزمان لە تەپ و توانج نییە و بەردەوام بە ڕستەی ڕاست و ڕەوان هەست و بۆچوونمان دەدەبڕین. لێرەوە پڕ بە دەم هاوار دەکەم ئەی خەڵکینە بڕوا بکەن لەم قسانەم هیچ مەبەستم دادە ئێرانی دراوسێمان نەبوو. زمانم بە بڕین بچێت، خۆ هەر ئەم "دادە ئێرانە" تووشی کێشەیەکی گەورەم دەکا. ئێستا کە لە دەمم دەرچوو و گوتم "دادە"، وا دەزانێ عەرز و عاسمان بەسەر یەکدا ڕووخاوە و من پێموایە ئەو لە خۆم بە تەمەنترە. بڕوا بکەن ئەمەیانم بەئەنقەست نەگوت و تازە لە دەمم دەرپەڕی، دەنا ئێران خانمی دراوسێمان ئەوەندە جوان و ڕێکوپێکە، هەر مەپرسە. خۆ ئەگەر سەیری ئەو ڕوومەت و دەم و لێوەی دەکەی، وادەزانی یەک دنیا تەزریقی لێو و گۆنای کردووە. باسی لووتی هەر مەکە. دەڵێی سەرکەوتووترین پزیشکی جوانکاری بۆی ڕێکخستووە. هەموو کچۆڵەی گەڕەکێ و ئەوانەی لە ئارایشگا و دووکانی کوتاڵفرۆشان و پارکەکەی بەرماڵیان دەیبینن، هەزار سوێندیشیان بۆ بخۆی وادەزانن خۆی خستووەتە بەر دەستی پزیشکانی جوانکاری.

ئەوە دەمویست باسی شتێکی دیکە بکەم، ئێران خانم ئەویشی لەبری بردمەوە. ئەرێ بۆچی باسی ئێران خانمم کرد؟.... ئەها! ئەوە باسی "ئێران"م دەکرد. لەبەرخۆمەوە دەمگوت ئەم ئێرانە پان و بەرینە خەڵکێکی سەیر و سەمەرەی تێدایە. زۆر جار لەبەر خۆمەوە بە دەستەواژەی گەلانی ئێران پێدەکەنم. ئەوەندە پێدەکەنم چاوم گوڕ گوڕ ئاویان پێدا دێتە خوار و سکئێشە دەگرم و چرکەمیزەش لەوێ ڕاوەستێ.

ئەو ئێرانەی دانیشتووانەکەی پاڵ وە ٩٠ میلیۆن کەس دەدەن، لە ڕوانگەیەکەوە زۆر باشن. ئەویش ئەمەیە لەم هەشتا بۆ نەوەد میلیۆن کەسە کەسیان بۆ خۆی ناژی. بۆ یەکتریش ناژین. یانی چۆن بڵێم؟ ئاها دەمهەوێ بڵێم هەرکەس بۆ ئەوەی دیکە دەژی و وا نییە بە هەموویانەوە بۆ یەکتر بژین. ئەم ڕازەیە کردوونی بە گەلانی ئێران. هەڵپەڕکێشیان هەر ئاوایە. کەمتر هەڵدەکەوێ بە ڕێکوپێکی بە یەکەوە هەڵپەڕن. دەسەڵاتداران هەر دژی هەڵپەڕینن و قینیان لە وشەکەش دەبێتەوە و لە جیاتی "هەڵپەڕین" پێی دەڵێن "حرکت موزون". "ئێرانیانی ڕەسەن" ئەم ڕەسەنایەتییەیان لە یەک شتدا کۆبۆتەوە، ئەویش درۆیە. بە درۆش دەژین. بەیانییش یەکەم دەستەواژەی دەبیستن درۆیە. هەر ئێرانییەک کاتێک بۆ لەخەو هەستان بانگ دەکرێ، پێی دەگوترێ "هەستە ئەوە نوێژی نیوەڕۆیە" بە زمانی گەڵەگا دەگوترێ: "بلند شو صلات ظهره". دیارە ئەم ڕستەیەی زمانی کەڵەگا نیوەی ڕاستی هی زمانێکی گەڵەگاترە. مەبەستم "صلاة ظهر"ەکەیەتی. دیارە فارسان خۆیان بە "حەزرەتی عەباس" و "ئیمام عەلی" سوێند دەخۆن کە فارسی شەکەرە. دیارە حەزرەت و ئیمامەکانیش هی خۆیان نین و ئەوانیش بە جۆریک شەکەرن. ئەم درۆیە ئەوەندە بەربەرینە پەلی هاویشتۆتە نێو ژیانەوە، خەڵک لەگەڵ خۆشیان درۆ دەکەن. دەبێ چەندە خۆش بێت خۆت درۆ بکەی و هەر خۆت بڕوای پێبکەی؟

ئەمەی باسی دەکەم چوونکە بڕوام پێیەتی، درۆ نییە. ئێرانییە ڕەسەنەکان هەندێکجار تووشی هەڵوێستی ناخۆش دەبن و لەوێدا درۆ و ڕاستی وا تێکەڵ دەبن سەگ سێحەبی خۆی ناناسێتەوە. بۆ نموونە ئەگەر ساڵی کۆچیی مانگی وا بکەوێ ئەمڕۆ ساڵڕۆژی چلەی شەهیدکردنی ئیمام حوسێن و بۆ سبەی ئاخرین چوارشەمەی ساڵی کۆچیی هەتاوی بێت (تکایە مانگ و هەتاوتان لێ تێکنەچێ)، ئەم دوو ڕۆژە پێشاندەری ڕەسەنایەتییەکی تەواون. یانی تەواو-کەری یەکترین. تەنیا ئەم ڕۆژە دەتوانێ ڕەسەنایەتیی ئێرانیبوون بەیەکەوە کۆ بکاتەوە. دیارە چەند ڕۆژ پێشتر کاردروستایەتیی ئەم دوو بۆنە پیرۆزە دەکرێ و کەرەستەی تایبەت بۆ هەردوو بۆنەکە ئامادە دەکرێ. من ناوی کەرەستەکان بە تێکەڵی دەڵێم، ئێوە ئەگەر ئێوە پێتان خۆشە بە جیای دابنێن. کەرەستەی ئەم دوو ڕۆژە بریتین لە: دەستەچیلەی ئاگر، شەڵواری سترێتی تەسکی کورت بۆ خانمان، بلۆوزی ڕەشڕەش و کراسی سوور و زەرد و ئاڵاوواڵا، مەقنەعە و ڕووسەریی تاریک و قژی لوول و پەخش و پەرێشانی زەرد و نەرم و زنجیری لە خۆدان و ڤیسکی و بیرە و ئەگەر نەبێت ئارەقی دەستساز و گیتاری ڕۆژئاوایی و دەهۆڵ و نەقارەی تازیەداری. لەگەڵ کاسێت، سی دی یان میمۆریی نەوحەخوێنی مەدداحانی ئەهلی بەیت و "جونیجوونەم"ی لەیلا فروهەر و گۆرانیی تێکەڵەی "بەریباخ ئەی بەری باخ"ی مەنسوور. ئەم کەرەستانە بە گوێرەی زەوق و سەلیقەی خێزان و گەڕەکی جیاواز گۆڕانیان بەسەر دادێ. دیارە بەشێک لەم کەرەستانە بۆ ڕۆژی چڵلەی شەهادەتی ئیمامی دووهەمن و بەشێکیشیان بۆ چوارشەممە سوورین. جیاکردنەوەی پێداویستییەکانی ئەم دوو بۆنەیە بۆ هەر ئێرانییەکی ڕەسەن وەک ئاوخواردنەوەیە، بەڵام کێشەکە لەمەیاندایە، بەکاربەرانی کەرەستەکان لە کاتی زنجیرلێدان و بیستنی دەنگی نەوحە سەرخۆش دەبن و هەڵدەپەڕن و لەکاتی خواردنەوە و بیستنی "بەریباخ های بەریباخ"یشدا هەر وادەکەن. بەڵام لە بۆنەی یەکەمدا ناوێرن پێبکەنن.

ئەگەر ئێوەش پێم پێنەکەنن، لەنێو کەرەستەکانی ئەم دوو بۆنە پیرۆزەوە زۆر خێرا دەڵێم جەژنی هەشتی مارستان پیرۆز بێت.

***

# لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی

## (مەترسییەکانی دیکتاتۆرییەکی تازە)

هەر وەک لە ژمارەکانی پێشدا باس کرا و لە ژمارەکانی داهاتووشدا وەک زنجیرە باس بەرچاوتان دەکەوێ، لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی ناوی توێژینەوەیەکی "جین شارپ"، بیرمەندی ناوداری بواری خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژە. شارپ ساڵی ١٩٢٨ لە ئۆهایۆی ئامریکا لەدایک بووە، دوکتۆرای فەلسەفەی سیاسیی بووە و جیا لە مامۆستایەتی لە زانکۆکانی ئامریکا، بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر خەباتی ناتوندوتیژ سەردانی زۆر وڵاتی کردوە و تەنانەت زۆر جاریش بۆ پەروەردەکردنی خەڵک سەری لە وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو هەڵێناوە و لەوە گرینگتر لە چەند وڵاتێک خۆی گەیاندووەتە ریزی پێشەوەی نارازییان و تێکەڵ بە خەڵکی ئازادیخوازی ئەو وڵاتانە بووە. کاکڵی ئیدەکانی جین شارپ ئەوەیە کە ''دیکتاتۆرەکان هێزی سەرەکیی خۆیان لە گوێڕایەڵی و ملکەچیی خەڵکەوە وەدەست دێنن، ئەگەر خەڵک ئاوا ملکەچ و گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران نەبن دەتوانن دیکتاتۆرەکان بە چۆکدا بێنن یا دەنا مەجبوور بە ئاڵوگۆڕیان بکەن.'' لەم زنجیرە باسەدا باس لە بنەما فیکرییەکانی "جین شارپ" بۆ خەبات دژی دیکتاتۆری دەکرێ:



و: مەنسوور مرووەتی

ئەرەستوو زۆر پێش لە ئێستا وریایی ئەوەی دابوو کە "ئیستبداد دەتوانێ دیسان ببێتەوە ئیستبداد...". نموونەی وا لە مێژوودا زۆرە، بۆ وێنە ژاکۆبینەکان و ناپلئۆن لە فەرانسە، بولشویکەکان لە ڕووسیە، مەلاکان لە ئێران، ئسلوورکەکان لە برێمە و و زۆر وڵاتی تر کە ڕووخانی ڕێژیمێکی دیکتاتۆر بۆ هەندێ کەس دەبێتە دەرفەت بۆ ئەوەی خۆیان بگەنە دەسەڵات. ڕەنگە هەرکام بە مەبەستێک بۆ دەسەڵات تێبکۆشن، بەڵام ئاکامەکەی بۆ هەموویان تەقریبەن وەکوو یەکە.

تەنانەت لەوانەیە دیکتاتۆری تازە ستەمکارتر و لە ڕێژیمی پێشوو پاوانخوازتر بێ. یا تەنانەت لەوانەیە ئەندامانی ڕێژیمی پێشوو پێش لە ڕووخانی دیکتاتۆری هەوڵ بدەن لە ڕێگای کوودەتاوە هەم وەپێش هێزە ئازادیخوازەکان بکەون و هەم خەبات بۆ دێموکراسی ڕابگرن. ئەم کوودەتایە لەوانەشە ئیدیعای لابردنی دیکتاتۆری بکا بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا لە هەوڵی داسەپاندنی مودێلێکی نوێتر لە ڕێژیمی پێشوو بێ.

### پێشگرتن لە کوودەتاکان

هەندێ ڕێگا هەیە کە کۆمەڵگە تازە ئازادکراوەکان دەتوانن بە کەلکوەرگرتن لەوانە شکست بە کوودەتا بهێنن. زانیارییەکی باش لەم ڕێگایە دەتوانێ دەتوانێ پێش بە کوودەتا بگرێ، ئامادەبوون دەتوانێ هۆکارێک بێ بۆ پێشگرتن لە کوودەتا. کوودەتاچییەکان ڕێک دوای کوودەتا، پێویستیان بە مەشرووعیەتە، واتە قەبووڵکردنیان لە لایەن کۆمەڵگەوە بۆ حکوومەت کردن. کەوابوو یەکەم هەنگاو بۆ بەرپەرچدانەوەی کوودەتا، قەبووڵنەکردنی مەشرووعیەتی کوودەتاچییەکانە. کوودەتاچییەکان هەروەها دەیانەوێ کە ڕێبەرە مەدەنییەکان و خەڵک لە بەرانبەر ئەواندا بێدەنگ و خەسیو بن. کوودەتاچییەکان بۆ قایمکردنی دەسەڵاتی خۆیان و کۆنترۆڵی کۆمەڵگە پێویستیان بە هاوکاریی کەسانی پسپۆڕ و ڕاوێژکار و مەئموور و کارمەندەکانی دەوڵەت و بەڕێوەبەر و قازییەکان هەیە. کوودەتاچییەکان هەروەها دەیانەوێ ئەو کەسانەی کە توانایی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکان و ئابووری کۆمەڵگە و هێزەکانی پۆلیسیان هەیە، بەپێی فەرمانی ئەوان کارەکانیان بۆ جێبەجێ بکەن.

شتی دیکە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی کوودەتا، ڕاوەستانی خەڵکە لە بەرانبەریاندا لە ڕێگەی خەبات و هاوکاری نەکردنەوە کە دەبێ هاوکاری و یارمەتی نەکرێن. لە ڕاستیدا دەبێ لەم شێوازانە کە بۆ خەبات بە دژی دیکتاتۆری کەلکیان لێ وەردەگیرا، بە دژی کوودەتاچییەکانیش کەڵکی لێوەربگیرێ، بەڵام دەبێ ئەمەیان زۆر بەخێرایی جێبەجێ بکرێ. ئەگەر هاوکاری نەکرێن و مەشرووعیەتیان پێ نەدرێ، کوودەتا بە مردوویی لەدایک دەبێ و شانس بۆ دامەزرانی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیک دەگەڕێتەوە.

### ڕەشنووسی یاسای بنەڕەتی

سیستمی دێموکراتیکی نوێ پێویستی بە یاسایەکی بنەڕەتی وەهایە کە چوارچێوەی داواکراوی دەوڵەتی دێموکراتیکی لەسەر بینا بکرێ. یاسای بنەڕەتی دەبێ ئامانجەکانی دەوڵەت، بەربەستەکانی دەوڵەت، شێواز و دیاریکردنی کاتی ئەو هەڵبژاردنانەی کە بەرپرسانی دەوڵەتی و یاسادانەرانی تێدا هەڵدەبژێردرێن، مافە بنەڕەتییەکانی خەڵک و شێوازی پێوەندیی دەوڵەت لەگەڵ چینەکانی خوارەوەی خۆی دیاری بکا.

ئەگەر دەوڵەت بیەوێ دێموکراتیک بمێنێتەوە دەبێ دەسەڵات بە شێوەیەکی ڕوون و ڕاشکاو لە نێوان پارلمان و دەوڵەت و دەزگای قەزایی دابەش کرابێ. هەروەها دەبێ بەربەستی زۆر بەهێز بۆ پۆلیس و ڕێکخراوە هەواڵگرییەکان و هێزە چەکدارەکان دابنرێ تا ڕێگای هەرچەشنە دەستێوەردانێکی سیاسییان لێ بگیرێ.

بۆ پاراستنی سیستمی دێموکراتیک و ڕێگرتن لە دروستبوونی ڕێژیمێکی دیکەی دیکتاتۆری، دەبێ یاسای بنەڕەتی بە جۆرێک بێ کە سیستمێکی فیدراڵ بە هەموو مافەکانیەوە بۆ هەموو ناوچەکان لە بەرچاو بگیرێ. هەندێ جار دەکرێ سیستمی کانتۆنەکانی سوئیس بکرێتە نموونە، کە لەوێدا هەندێ ناوچەی بچووک بە مافی زۆرەوە خۆیان بەڕێوە دەبەن و هاوکاتیش وەکوو بەشێکیش لە وڵاتی سوئیس دەمێننەوە.

ئەگەر پێش لە دیکتاتۆر، لەو وڵاتەی کە تازە ئازاد بووە، یاسا بنەڕەتییەکەی هەندێ لەو تایبەتمەندییە دێموکراتیکانەی تێدابووە، باشتر وایە کە چاکی بکەنەوە و کاری پێ بکەن. ئەگەریش شتی وا نییە پێویستە یاسایەکی بنەڕەتیی کاتی دابنێن تا ئەو کاتەی کە یاسایەکی بنەڕەتیی تازە ئامادە دەکرێ. ئامادەکردنی یاسایەکی بنەڕەتیی نوێ پێویستی بە کات و بیرلێکردنەوەی زۆرە. لەم کارەدا پێویستە هەمووان لە پەسندکردنی یاسای نوێدا بەشداری بکەن.

دەبێ وریا بن کە هەندێ پاشکۆ بۆ قانوون دیاری نەکرێ کە جێبەجێکردنەکەی لە داهاتوودا زەحمەت بێ. یان هەندێ بڕیار نەدرێ کە جێبەجێکردنەکەی پێویستی بە دەوڵەتێکی زۆر داخراو بێ. چونکە هەردووکیان کارئاسانی بۆ دروستبوونی دیکتاتۆرییەکی نوێ دەکەن.

دەقی یاسای بنەڕەتی دەبێ بە جۆرێک بێ کە زۆربەی خەڵک لێی تێبگەن. یاسای بنەڕەتی نابێ هێندە نارۆون و پێچەڵپێچ بێ کە تەنیا پارێزەران و یاساناسان بتوانن لێی تێبگەن.

### سیاسەتی بەرگریی دێموکراتیک

وڵاتی تازە ئازادکراو لەوانەیە هەڕەشەی دەرەکیی لەسەر بێ کە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو مەترسییە پێویستی بە توانایی بەرگرییە. هەروەها لەوانەشە مەترسیی ئەوەی لەسەر بێ کە وڵاتانی دیکە بیانەوێ دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری یان چەکداریی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن.

بە مەبەستی پاراستنی دێموکراسیی نێوخۆیی، دەبێ سەرنجی تایبەتی بدرێتە بنەما سەرەتاییەکانی خەباتی سیاسی بۆ ئەوەی پێویستییەکانی بەرگرییەکی نەتەوەیی بێتە دی.

ئەگەر توانایی و هێزی بەرگری ڕاستەوخۆ درایە دەستی خەڵک و ڕۆڵیان تێدا هەبوو، وڵاتی تازە ئازادکراو هێزە چەکدارەکانی تێدا باڵادەست نابن و دێموکراسی ناکەوێتە مەترسییەوە. هەروەها پێشگیری دەکرێ لەوەی کە سامان و ئابوورییەکی زۆر کە دەکرێ لە شوێنێکی باشتری وڵات خەرج بکرێ، لە کیس بچێ.

نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە هەندێ تاقم و گرووپ بەئانقەست خۆیان لە دانانی یاسای بنەڕەتی دەدزنەوە، تا بەڵکوو بتوانن دەسەڵات پاوان بکەن و ببنە دیکتاتۆرێکی تازە.

بۆیە ڕۆڵێکی هەمیشەیی دەکەوێتە ئەستۆی خەڵک کە ئەویش بریتیە لە خەباتی سیاسی و هاوکاری‌نەکردنی دیکتاتۆرە ئیحتمالییەکان و پاراستنی پێکهاتە و ماف و ئازادیەکان و ڕەوتی دێموکراتیزەکردنی کۆمەڵگە.

### بەرپرسایەتییەکی شیاو

کاریگەریی خەباتی ناتوندوتیژ تەنیا لاوازکردن و لەبەین‌بردنی دیکتاتۆرەکان نییە بەڵکوو هێزبەخشین بە خەڵکی ستەملێکراو و چەوساوەشە. بەم تکنیکە، ئەو خەڵکەی کە پێشتر خۆیان پێ پیادەیەکی بێدەسەڵاتی شەترەنج بوو، ورە و هێزێکی وا وەردەگرن تا بە هەوڵ و تەقەللای زیاتر، هێزی خۆیان ڕاستەوخۆ بۆ وەدەست‌هێنانی ئازادی و دادپەروەیی زیاتر بەکار بێنن.

ئەم ئەزموونە لە خەبات دەرەنجامێکی ڕەوانیی باش و گرینگی هەیە کە دەتوانێ بایەخ و باوەربەخۆبوونێکی زۆر لە نێو ئەو خەڵکەدا دروست بکا کە پێشتر بێدەسەڵات بوون.

یەکێک لە ئاکامە سوودبەخش و درێژخایەنە گرینگەکانی کەڵکوەرگرتن لە خەباتی ناتوندوتیژ بۆ دامەزرانی دەوڵەتی دێموکراتیک ئەوەیە کە تواناییەکی زۆر دەداتە کۆمەڵگە بۆدرێژەپێدانی ڕێگا و بەرنگاربوونەوەی کێشەکانی داهاتوو. کێشەگەلێک وەکوو گەندەڵی، ناعەدالەتیی ئابووری، هەڵسوکەتی خراپی بەرپرسان و بەرتەسک‌کردنەوەی دێموکراسی لە وڵاتدا. خەڵکێک کە لە خەباتی سیاسیدا باش لە کڵ دەرهاتبێتن، لە بەرانبەر دیکتاتۆرەکانی داهاتوودا زۆر باش خۆ ڕادەگرن.

دوای ئازادی وڵات لە چنگی دیکتاتۆری، ئاشنایەتی لە گەڵ خەباتی ناتوندوتیژ هەندێ شێواز و ئەزموونی باشی لێ بەرهەم دێ بۆ پاراستنی دێموکراسی، ئازادییە مەدەنییەکان، مافی کەمینەکان و مافەکانی ناوچە فیدراڵەکان و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان. ئەم شێوازانە هەروەها هەندێ ڕێگا دەکاتەوە کە لەودا خەڵک و گرووپە جۆربەجۆرەکان دەتوانن تەنانەت ڕادیکاڵترین بیروباوەڕەکانی خۆیان بخەنە بەرباس کە پێشتر گرووپە نارازییەکان و دژبەرانی دیکتاتۆری بۆ باس کردنی ئەو جۆرە بۆچوونانە تەنانەت پەنایان بردبووە بەر خەباتی چەکداری و توندوتیژی.

بە هیوای ئەوەی ئەم فکر و بیروبۆچوونانەی کە لەم توێژینەوەیەدا لە سەر خەباتی سیاسی یان خەباتی ناتوندوتیژ باس کرا، یارمەتیی هەموو ئەو کەس و گرووپانە بکا کە وەدووی نەهێشتنی زوڵم و زۆری دیکتاتۆری لەسەر خەڵکی خۆیان و دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیک کەوتوون کە تێیدا ڕێز لە ئازادییەکانی مرۆڤ و تێکۆشانی خەڵک بۆ باشترکردنی کۆمەڵگە بگیرێ.

ئەم بۆچوونانە کە باس کرا سێ ئاکامی گەورەی تێدایە:

١ ئازادی لە دیکتاتۆری نامومکین نییە.
٢ گەیشتن بەوە پێویستی بە پلاندانانی ستراتێژیک و بیروفکری ورد و دەقیقە و
٣ گەیشتن بەوە پێویستیی بە تێکۆشان و خەباتی ڕێکوپێک و تەنانەت تێچووی قورس هەیە.

ئەو قسە بەناوبانگە ڕاستە کە " ئازادی بە خۆڕایی نییە". هیچ هێزێکی دەرەکی نایە ئازادی پێشکەش بە خەڵکی چەوساوە بکا. خەڵک دەبێ فێر بن کە چۆن ئازادی بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن، و ئەمەش وا بە ئاسانی وەدەست نایە.

ئەگەر خەڵک ئەوەی بۆ ئازادیی خۆیان پێویستە وەدەستی بێنن، دەتوانن هەندێ کارو پلان- ئەگەرچی بە ڕەنجی زۆر- ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی بە ئازادی بگەن. ئەو کات دەتوانن بە تێکۆشان و ماندوویی نەناسانە سیستمێکی دێموکراتیکی نوێ دابمەزرێنن و بەرگریشی لێ بکەن. ئازادییەک کە لە ڕێگای وەها خەباتێکەوە وەدەست بێ، دەتوانێ سەقامگیر بێ. ئەم ئازادییە لە لایەن خەڵکانێکی زەحمەتکێش کە پابەندن بە پاراستن و دەوڵەمەند کردنی، دەپارێزرێ.

# کۆبوونەوەی بەشی پێوەندییەکانی حیزب لەگەڵ جێگری بەرپرسی داکۆکی لە مافی کورد لە پارلەمانی فینلاند

بەشی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە فینلاند ، دەگەڵ جێگری بەرپرسی گرووپی داکۆکیکار لە مافی کورد لە پارلەمانی فینلاند، کۆ بوونەوە.

ڕۆژی ٢٢ی فێوریەی ٢٠٢١ ی زایینی بەرانبەر بە ٤ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ی هەتاوی لەسەر داوای بەشی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند ، کۆبوونەوەیەک دەگەڵ سارا سۆفیا سیرێن ئەندامی پارلەمانی فینلاند و جێگری بەرپرسی گرووپی داکۆکیکار لە مافی کوردان لە پارلمانی فینلاند، پێکهات. لەم دیدارەدا بەڕێزان قادر مەکلاوەیی بەرپرسی کۆمیتەی وڵات، کەریم ڕەسووڵی و هاوار فەرخەپوور ئەندامانی کۆمیتەی حیزب بەشدار بوون.

سەرەتا هاوار فەرخەپور بەرپرسی بەشی پێوەندییە نێونەتەوەییەکان باسێکی لە ڕەوەندی کوردی نیشتەجێ لە وڵاتی فینلاند بەگشتی و تێکۆشانی کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەیەی ٩٠ی زایینی بەولاوە و ڕۆڵ و دەوری کوردان و تێکەڵاویان لەگەڵ کۆمەلگەی فینلاندی و دام و دەزگا حکومەتییەکان کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە بەشیکی زۆر لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات نیشتەجێ لە وڵاتی فینلاند لە ڕەوتی ئینتێگراسیۆندا چالاک و جێگە و پێگەی خۆیان کردۆتەوە و جێ پەنجەیان دیارە.

دواتر کەریم ڕەسووڵی بەرپرسی تەشکیلات و هاوکاری بەشی پێوەندیەکان ، باسێکی لەسەر بارودۆخی ئێستای کورد بە گشتی و کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەلانی دیکەی ئێران، ڕەشبگیری چالاکانی مەدەنی و ژینگەپارێزی کورد، گوشارەکانی ڕێژیم بۆ سەر کاسبکاران ، کۆڵبەران و کوشتنیان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەتی ڕەشبگیریی پتر لە سەد کەسی دوو مانگی ڕابردووی چالاکانی مەدەنی و لاوانی کورد لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و لیستی گیراوانی بە زانیاری و بەڵگەوە دایە دەستی خاتوو سار سۆفیا سیرێن جێگری بەرپرسی گرووپی داکۆکیکار لە مافی کوردان لە پارلەمانی فینلاند.

لە درێژەی باسەکەیاندا کەریم ڕەسولی ئاماژەی بە ئاڵ و گۆر لە ئەگەری گەڕانەوەی ئێران و ئامریکا بۆ ڕێککەوتنی بەرجام و هەروەها نیگەرانییەکانی کوردەکان لە وەپشتگوێ خستنی زیاتر لە لایەن دام و دەزگا نێونەتەوەییەکان کرد، کە پرسی کورد زیاتر بخرێتەو پەراوێزەوە و سەرەڕۆییەکانی ئێران باسی لەسەر نەکرێ و کورد و مافەکانی لە سات و سەودای ئەواندا لە بەرچاو نەگیرێ و فشارەکان بۆ سەر گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان زیاتر بن.



هەر لەو پەیوەندییەدا هەیئەتی حیزبی دێموکڕات داوای لە خاتوو سارا سۆفیا کرد کە لە لایەن گرووپی داکۆکیکار لە مافی کورد، پشتیوانی لە مافەکانی گەلی کورد بکەن و پرسی کورد بە گشتی و دۆخی نالەباری کورد لە ئێران بە تایبەتی، چی دیکە پشتگوێ نەخەن و لە کات و شوێنی پێویستدا لە ڕێگای پارلەمانی فینلاند، و پارلمانی ئورووپا و ئەو نەهاد و ڕێکخراوە نێونەتەوەییانەی لەگەڵیان لەپێوەندی دان؛ دەنگی کپکراوی کوردانی ڕۆژهەڵات بن.

خاتوو "سارا سۆفیا " ، وێرای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی لە پێکهاتنی ئەم دیدارە، بەڵێنی دا بەدواداچوون بکات بۆ ئەو باسانەی کە دەگەڵی کراون و ئاماژەی بەوەش کرد کە ئەوان لە نیگەرانییەکانی کورد تێدەگەن و ئەوەی لە توانایاندا بێ لە ڕێگای پێوەندییەکانیانەوە هەوڵ دەدەن ئەو کێشانە بێننە بەرباس بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لە پروسەی باسە ناوکییەکانی ئێراندا، مافی مروڤ لە ئێران بە تایبەت کوردان نەخرێتە پەراوێزەوە.

لە کۆتاییدا خاتوو سارا سۆفیا، وێرای دەستخۆشی بۆ پێکهێنانی ئەم دیدارە ، پەیوەندیی گرووپی داکۆکیکار لە مافی کوردان لە پارلەمانی فینلاند و حیزبی دێموکراتی کوردستانی بەرز نرخاند و هیوای هاوکاری دوولایەنە و پتەوی بۆ داهاتوو خواست.

کوردستان
● ژمارە: ٧٩٣
١٥ی ڕەشەمەی ١٣٩٩ _ ٥ی مارسی ٢٠٢١

# زمان و دەسەڵاتەکانی



ڕەسووڵ سوڵتانی

زمان، وەکوو خەسڵەتی ناوازە و تاقانەی ئادەمیزاد، دەکرێ بڵێین گرینگترین خەسڵەتی ئەو بوونەوەرەیە. تایبەتمەندییەک، کە توانیویەتی لەسۆنگەیەوە، چوارچێوەی ژیان دابڕێژێ و سەرلەبەری کەلەپووری مرۆڤایەتی و ئەزموونەکانی ژیانی هەزاران ساڵەی خۆی لە چوارچێوەی زماندا ڕاگوێزێ و بیگەیەنێتە ئەمڕۆ و بۆ داهاتوویشی ڕاگوێزێ.

محەممەدڕەزا باتنی لەسەر گرینگیی زمان دەڵێ:

زمان تاقە ئامرازی کاریگەری پرۆسەی پەروەردەیە. بەبێ زمان هیچ پێوەندییەک لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا دروست نابێ و بەبێ پێوەندی، هیچ پەروەردەیەک نایەتە ئاراوە و بەبێ پەروەردەش ناتوانین میرات و کەلەپووری کولتووری و شارستانییەتی مرۆییمان بۆ نەوەکانی دواتر ڕاگوێزین.

کەوابوو زمان، پارێزەری کەلەپوور و کولتوور و شارستانیەت و مێژووە، کە سەرجەمی ئەوانە، ناسنامەی میللەتیان لێ پێکدێ. هەر بۆیەش داگیرکەر، لەگەڵ داگیرکردنی وڵاتێک، هەوڵ دەدا، ئەگەر زمانی گەلی بندەست قەدەغەش نەکا، وردە وردە لە ژێر هێژموونی زمانی خۆیدا بیچەوسێنێتەوە، سووکی بکا، لە ڕەونەق و برەوی بخا و دواجار بیخەسێنێ و وای لێ بکا، تاکەکانی گەلی بندەست کەلکوەرگرتن لە زمانەکەی خۆیان بە شەرم و شوورەیی بزانن و بەکارهێنانی زمانی گەلی زاڵ و سەردەست، بە نیشانەی پێشکەوتوویی و ڕووناکبیری دابنێن.

یەکێک لە چەکە هەرە بەهێزەکانی داگیرکەر بۆ داگیرکردنی وڵاتێک و دواتر پاساودانی داگیرکەری و جەنایەتەکانی کەلکی لێ وەردەگرێ، زمانە. زمان، چەکی ترسوەبەرنان، تەماحوەبەرنان و سووکایەتیپێکردن و هەڕەشە و لەلایەکیشەوە گفت و بەڵێنە.

لێرەدا ئێمە وەکوو کورد، وەکوو گەلێکی بندەست گرینگە بزانین داگیرکەر چەکی زمان چۆن بەکار دێنێ و گەلی داگیرکراو یان بندەست، چۆن دەتوانێ لە پێناو مانەوەی خۆیدا کەلک لە زمانەکەی وەرگرێ.

دوو نموونەی مێژوویی دێنینەوە:

یەکەم: فارسەکان، کە پاش هێرشی عارەبان تا هاتنە سەرکاری بنەماڵەی پالەوی لە ئێران، چەندین قۆناغ لەلایەن تورک و غوز و مەغۆلەکانەوە داگیر کراون و لە بەرانبەر هیچ کام لەو هێرشانەدا فارس دەستێکی وای نەکردۆتەوە. ئەی چۆنە لەنێو نەچووە و نەچەوساوەتەوە؟ ئەوەی فارسی لە توانەوە پاراستووە، زمانە. لێرەدا مەسەلە گرینگی و دەوڵەمەندیی زمانی فارسی نییە، بەڵکوو مەسەلە زمانە، کە لە سۆنگەی پاراستنەکەیەوە، میللەتێکی سەدان ساڵ داگیرکراو، نەک ناتوێتەوە، بگرە دیسان سەر هەڵدێنێتەوە.

کەچی لەولاوە، گەلی میسر و بەشێک لە دانیشتووانی فەلەستینی ئێستا کە بە ڕەچەڵەک عەرەب نەبوون، بە وازهێنان لە زمانەکەی خۆیان و قبووڵکردنی زمانی عەرەبی، ناسنامە قیبتییەکەی خۆیانیان بۆ تاهەتایە بەلاوە نا و بوون بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب. بۆچی؟ چونکە تۆ بە قبووڵکردنی زمانی ئەوی دی، ڕاستەوخۆ دەچیتە ژێر کاریگەریی بیر و باوەڕ و جیهانبینی و کولتوورەکەیەوە و ئیتر دەبیتە بەشێک لە سیستەمەکەی ئەو.

## زمان و هزر کامیان بەرهەمهێنەری کامیانن؟

مشتومڕی زمانناسان لەسەر ئەوەی کە ئاخۆ زمان بەرهەمی هزرە یان هزر بەرهەمی زمانە، هێشتا بە تەواوی یەکلا نەبووەتەوە. بەڵام ئەوەی مسۆگەر و ڕوونە، هەم هزر کاریگەریی لەسەر زمان هەیە و هەم زمان کاریگەریی لەسەر هزر هەیە. شێوازی هزرین و بیرکردنەوەی ئێمە، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر دەربڕین و بڕیاردانمان هەیە.

با ئەم کاریگەرییەی هزر و زمان لەسەر یەکتر، بێنینە بوارێکی بەرفرەوانتری وەکوو گوتاری سیاسییەوە. کە تۆ بیرت لە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی کردبێتەوە، ئەوا دەربڕین و گوتار و تەنانەت شێوازی خەباتەکەشت ئاراستەیەکی دیار و جیاواز دەگرێتە خۆی. وەک چۆن بیرکردنەوەی تاقمی حەوت کەسی کە پێیانوابوو دەتوانن بەبێ چەک و لە نێو هەناوی کۆماری ئیسلامیدا خەبات بکەن، لە سۆنگەی ئەو تێفکرینەوە ڕێچکە و گوتار و هەڵوێست و تەنانەت چارەنووسیشیانی لە حیزبی دێموکرات جیا کردەوە.

زمانیش بەو شێوەیە کاریگەریی لەسەر بەرهەمهێنانی هزرە. کە تۆ لە ڕاگەیاندنی حیزبەکەتدا، لە گوتاری سیاسیی حیزبەکەتدا بەهێز و تین و گوڕەوە قسەت کرد، وێنەیەکی بەهێز لە خۆت و خەباتەکەت دەخەیە نێو زەینی بیسەرانتەوە. کاتێک، لە ئەندامێکی سەرکردایەتیی حیزبی دیموکرات دەپرسن، باشە ئێوە بەو چەند سەد پێشمەرگەیەی هەتانە، چۆن بەربەرەکانێی کۆماری ئیسلامی دەکەن و ئەو لە وەڵامدا دەڵێ: ئەوەی لێرە دەیبینی، دڵۆپەیەکە لە دەریای هێزی حیزبی دێموکرات. ئەوە ئەندامە ئاشکراکانی حیزبی دێموکراتن و هێزی ڕاستەقینەی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی وڵاتە.“ تۆ بەو دەربڕینە، بەو زمانە، جگە لەوەی هیوا و هومێدێکی گەورەت لە دڵی نیشتمانپەروەرانتدا چاندووە، ترسێکیشت خستووەتە دڵی دوژمنەکەتەوە. جیا لەوەش، سەیر دەکەین، بیرۆکەی کورتەباس، زمانێکی نوێ و ئەدەبیاتێکی نوێ بەرهەم دێنێ، بە دوای ئەوەشدا تێفکرینێکی تازە دێنێتەوە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەوانە هەموو نیشانەی کاریگەریی زمان و هزرن لەسەر یەکتر.

بۆ کاریگەریی زمان لەسەر هزر، پێویستە ئاماژە بە شەڕی دەروونی بکەین، شەڕێک، کە چەکە بەهێزەکەی زمانە و تێیدا زمان ئەوپەڕی کاریگەریی خۆی دەردەخا. بۆ نموونە لەو ڤیدیۆیانەدا کە دامودەزگای پڕوپاگەندەکەری ڕێژیم دژی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕێژیمیان بەرهەم هێناون، پێویستە لەو وشە و دەستەواژانە ورد بینەوە کە ئەوان چۆن هەڵیانبژاردوون، لە حاڵێکدا بەشی هەرە زۆری قسەکەیان بوختان و تۆمەتی بێ بەڵگە و بنەمان. ئەوە، نیشانەی ئەوەیە، بەرانبەرەکەت لە گرینگیی زمان گەیشتووە. لێرەدایە تۆش دەبێ ئەوەندە بە گرینگییەوە ئەم چەکی زمانە بەکار بێنیتەوە.

ئەگەر لەو حەفتا و پێنج ساڵەی ڕابردوودا، حیزبی دیموکرات بەردەوام پێی لەسەر مافی خوێندنەوە و نووسین بە زمانی کوردی داگرتۆتەوە، نیشانەی وردبینی و حیکمەتی ڕێبەرانی ئەو حیزبەیە. ئەگەرچی زۆر کەس بە تەوس و توانجەوە لەو هەوڵەی حیزب دەڕوانن، چونکە ئەو کەسانە لە فەلسەفەی زمان نەگەیشتوون.

## زمان و بەهاکان

لێکۆڵەران ئەوەیان سەلماندووە، ئەگەر لە ئینگلیزی زمانەکان ورد بینەوە، کە ئەوان زمانەکەیان لە چەپەوە بۆ ڕاست دەنووسرێ و ئێمەش لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسین، جا چەند وێنەیەکی کەسێکمان بدەنێ، لە منداڵی تا پیری و پێمان بڵێن ئەو وێنانەمان بۆ ڕیز بکەن، ئەوان لە چەپەوە بەرەو ڕاست دایاندەنێن، ئێمە لە ڕاستەوە بەرەو چەپ.

ئەوە بەو مانایەیە، کە زمان و شێوازی داڕشتن و نووسینەکەی، کاریگەریی لەسەر داڕشتنەوەی چەمکەکان و چۆنیەتیی بیرکردنەوە و بگرە بەهابەخشینەکانیش هەیە.

با ئاوڕێک لە وشەی پێشمەرگە بدەینەوە. تۆ، وەک کوردێکی نیشتمانپەروەر کە ناوی پێشمەرگە دەبیستی، کۆمەڵێک واتا و وێنە دێنە زەینت، واتای خەبات، ئازادی، ڕزگاری، بەرەنگاری، سەنگەر، شوناس و نیشتمان و حیزب و کۆمار و پێشەوا و دژەدیوەکانی ئەو چەمکانەت، وەکوو، هێرشی داگیرکەر و زوڵم و چەوساندنەوە و کوشتنی خەڵک و کاولکردنی گوند و شارەکانی نیشتمانەکەت و مافخوراویی میللەتەکەت دێنێتەوە بەر زەین.

لێرەوە دەگەڕێینەوە بۆ تیۆرییەکەی زمانناسی سویسری فێردینان سۆسۆر، کە باوەڕی وابوو زمان لە دوو بەش پێکهاتووە، کە پێی دەگوترێ، لانگ و پارۆڵ. لانگ، لە زمانی کوردیدا کۆی ئەو سیستەمەیە، کە زمانی کوردی پێک دێنێ، بەڵام پارۆڵ دەربڕین و هەڵێنجانی هەر کام لە ئێمەیە لەو زمانە. تۆ زمانی کوردی بە ڕووبارێک بچوێنە، ئەو ڕووبارە لانگی زمان واتە سیستەمە گشتییەکەیەتی، بەڵام هەر کام بە دەفرێکی تایبەتی خۆمان لێی هەڵدێنجین و بەپێی توانای گۆکردن و پەیڤ و تێگەیشتنی خۆمان وشە و دەستەواژەکانی ئەو زمانە بەکار دێنین، کە بەوەیان دەگوترێ پارۆڵ. کاتێک دەگوترێ فلانی زمانێکی شیرین و پاراو و دەوڵەمەندی هەیە، ئەوە واتە توانیویەتی لە بەحری لانگی زمان بەشی خۆی باش هەڵێنجێ. جا با لێرەوە بگەڕێینەوە سەر ئەو بەشەی کە دوژمنانی زمانی کوردی دەیانەوێ کەلکی لێ وەرگرن. دوژمنانی میللەتی کورد لەسەر هەر دوو بەشی لانگ و پارۆڵ خەریکن کار دەکەن. لە باکووری کوردستان، لەسەر لانگ کار کرا و سەرلەبەری سیستەمی زمانەکەیان قەدەغە کرد و گوتیان شتێک نییە بە ناوی کورد و زمانی کوردی. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەشی سیستەمی لانگی زمانی کوردی هێرشی ڕاستەوخۆی نەکراوەتە سەری، بەڵکوو ئەوەی هێرشی کراوەتە سەر، پارۆڵ واتە ئاخافتنی زمانی کوردییە. واتە نەگوتراوە زمانی کوردی نییە و نابێ ببێ، بەڵام هەوڵ دراوە، ئەو بەشەی ڕۆژانە کاری پێ دەکرێ، بەشێوەیەک گەڵاڵە بکرێت و داڕێژرێ، کە لە خزمەتی سیستەمی دەسەڵات و ڕێژیمە داپڵۆسێنەرەکەدا بێت. لەلایەکی دیکەوە، ئەوان بە پەراوێزخستنی سیستەمە گشتییەکەی زمانی کوردی، هەوڵیان داوە بەشی ئاخافتن واتە پارۆڵی زمانی کوردی لاواز بکەن. چونکە ئەوان باش دەزانن، زمان وەکوو دەریایەک، کە لە کۆمەڵێک سەرچاوەی بێهەژمارەوە ئاوی دەڕژێتە ناوی و لەبەریشی دەڕوا، دەبێ ئەو ڕەوتەی لێ بستێننەوە. واتە لەلایەکەوە نەهێڵن هیچ ڕووبار و کانی و سەرچاوەیەکی بێتەوە سەری و لەبەریشی بڕوا، بەو شێوەیە ببێتە گۆلێکی بۆگەن و ئیتر شیاوی کەلک لێوەرگرتن نەبێ. با ڕوونتری بکەمەوە، سیستەمی گشتیی زمان، بە کارپێکرانی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی زانست و ئەدەب و فەلسەفە و کۆمەڵناسی و ئابووری و ئایینی و هتد...دا بەهێز و دەوڵەمەند دەبێ. ئەو بوارانە پارۆڵەکانی زمانن، لک و پۆیەکانی زمانن و کارپێکرانیان وەکوو وەرزش و ڕاهێنان وایە و دەبنە هۆی دەوڵەمەندبوونی. بەڵام ڕاگرتنی ئەو سەرچاوانە و هەوڵدان بۆ ئەوەی نەهێڵن لە هیچ بوارێکدا کاری پێ بکرێ، وردەوردە بەرەو لاوازبوونی دەبا و وای لێ دێ ئیتر توانای بەخشین و بەرهەمهێنانیشی نەمێنێ. کەوابوو ئەوەشیان شێوازێکی دیکەی تواندنەوەی لەسەرخۆی زمانەکەیە، بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ جاڕی دوژمنایەتیی ئەو زمانەیان دابێ. ئێمە ئەو دوژمنایەتییە لەژێر تیشک و ڕۆشنایی تێکۆشان و هەوڵ و خەباتی نووسەران و داوای میللەتەکەماندا ئاشکرا دەکەین. چۆن؟ ئەو کاتەی، کە ئێمە باسی خوێندن و نووسین وەکوو مافێکی سەرەتایی دەکەین، یان نەخێر کاتێک ئیدئۆلۆگێکی دەسەڵاتدار لەسەر زمانەکەی ئێمە دێتە ئاخافتن، ئەوان یەکسەر ڕوخساری دوژمنانەیان دەردەکەوێ و ئاشکرای دەکەن. بۆچی چونکە ئەوان لە گرینگیی زمان تێگەیشتوون و دەزانن، میللەتێک، تا ئەو دەمەی زمانێکی زیندوو و بەهێزی هەبێ، بەرگری لە خۆی دەکا و پێناسەیەکی جیاواز لەوی داگیرکەر لە خۆی دەخاتە ڕوو. ئەوان هەر بۆیە هەوڵی یەکزمانکردنی وڵات دەدەن، یەکزمانکردنی وڵات لە دەفری زمانی فارسیدا و بە مەبەستی نەهێشتنی زمانەکەی من. داگیرکەر دەزانێ، تۆ ئەگەر زمانێکی زیندوو و چالاک و بەگوڕ و بەتوانات هەبێ، شوناسێکی جیاوازت لە شوناسی ئەو هەیە. تەعبیر و لێکدانەوە و شرۆڤەکانت لەسەر کەسایەتی و شوناسی خۆت، جیاوازن لە شرۆڤە و لێکدانەوەی ئەو. کاتێک ئەو تۆ پێناسە دەکا، تۆ لە زمانەکەی خۆتدا و بە زمانەکەی خۆت لێی وەدەنگ دێی و بەرپەرچی دەدەیەوە و دەڵێی نەخێر، ئەو پێناسەیەی تۆ لە منی دەکەی، من ئەوە نیم. وەک چۆن لەو ساڵانەی ڕابردوودا بەختەوەرانە دەبینین، کاتێک داگیرکەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستەواژەی ”کوردها مرزبانان ڕشید و غیور“ بەکار دێنن، تووشی دژکردەوەی بەربڵاوی ڕووناکبیرانی کورد دەبن. چونکە ئەوە پێناسەی داگیرکەرە لە تۆی کورد. ئەو پێت دەڵێ تۆ بەکرێگیراوی من و سنوورپارێزە ئازاکەی منی، ئەوە پێناسەکەی ئەوە. بەڵام چونکە تۆ گەوهەری زمانەکەتت پاراستووە، جیهانبینی و لێکدانەوەی خۆتت هەیە و ئەودیوی دەستەواژەکەی ئەویشت خوێندووەتەوە و پێی دەڵێی، من سنوورپارێزی تۆ نیم. من میللەتێکم و تۆ داگیرت کردووم، ئەو کوردزمانانەش کە سنوور بۆ تۆ دەپارێزن، کۆمەڵێک خۆفرۆشی نیشتمانفرۆشی خیانەتکارن.

هەر وشەی خیانەتکار، لە ڕوانگەی فارسێک و کوردێکی نیشتمانپەروەردا باری واتاییەکەی جیاوازە. ئەو کەسێک بە خیانەتکار دەزانێ، کە پاسدار بکوژێ، کەچی تۆی کوردی نیشتمانپەروەر، کەسێک بە خیانەتکار دەزانی، کورد و نیشتمانەکەی بفرۆشێ و خیانەت لە گەلەکەی بکا. بەڵام ئەگەر تۆ زمانەکەت نەمابایە و بە فارسی قسەت کردبایە و ببایتە خاوەنی ناسنامەیەکی تر، ئەودەم تۆ لە دەفری ئەودا توابوویتەوە و شتێکت بە ناوی کورد لێ نەدەماوە و بە چاویلکەی ئەو لە جیهانت دەڕوانی.

ساڵی ٢٠١٠ توێژەرانی بواری زمان گەیشتنە ئەو ئەنجامە، کە خۆشویستن و خۆشنەویستنی شتێک، پێوەندیی بەو زمانەوە هەیە کە تۆ قسەی پێ دەکەی.

تۆ ئەگەر کەسێکی فارسزمان بیت، یان کوردێک بیت و لە دەفری فارساندا توابێیتەوە، وێنەیەکی جوانت لە کوردستان و پێشمەرگە و ئاڵاکەی نایەتە پێش چاو. وەک چۆن تۆی کورد، ئێستا بە دیتنی ئاڵای ئێران، هەستێکی ناخۆش و پڕ لە نەفرەت و بێزاری دات دەگرێ. کەوابوو ئەو زمانەی قسەی پێ دەکەی، دەکرێ دیاریکەری حەز و ناحەزانت بێ. هەڵبەت لەوەیاندا ئێمە نیشتمانپەروەرانمان مەبەستن، ئەگینا کوردی نیشتمانفرۆش زۆرن بە کوردییش قسە دەکەن و دەنووسن و دژی کوردیشن.




***

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:793 5 March 2021

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312


## بەر لە ماڵاوایی

# بەرگری لە شوناس و ئازادیی مرۆڤ، دوورکەوتنەوە لە دروشم

**ڕێبوار قازی**

پاراستنی شوناس لە جیهانی ئەوڕۆدا هەم کارێکی ئەستەم و پێچیاو و هەم ئەرکێکی گرینگ و نەتەوەییە. یەکێک لە ڕێگاکانی پاراستنی ئەو بابەتە هەستیار و کێشە لەسەرە بواری هونەر و ئەدەبیاتە. بیرمەندانی پۆست کلۆنیال لەمێژە ئەو خاڵەیان زەق کردووەتەوە و بە یەکێک لە گرینگترین فاکتەرەکانی ڕاوەستان و خۆڕاگری لەبەرانبەر سەردەستەکان هێناویانەتە ئەژمار. ئەو دەلاقەیە دەتوانێ چەند دیمەن بە مەبەستی جوداوە بخاتە بەر چاومان، کە بریتین لە ڕاگرتنی متمانەبەخۆیی نەتەوەیی لەنێو ئەو نەتەوە بندەستانەی کە بە هەموو شێوەیەک ئەدەبیاتی سەردەست دەیهەوێ متمانەبەخۆیی کولتووریيان لێ بستێنێتەوە. واتە هەر ئەو بەستێنە، بەستێنێکە بۆ جۆرێک خۆڕانان لەبەرانبەر زمان و ئەدەبیاتێک کە بە شێوەیەکی مەبەستمەند بۆ سووک و شێواندنی بنەما کولتووری و بەها نەتەوەییەکانی نەتەوەی ژێردەست وەکار خراوە. لە لایەکی دیکەوە لەو دەلاقەیەوە نووسەران و هونەرمەندان دەتوانن بە شێوەیەکی هونەری بە خستنە ڕووی لایەنی جوانیناسانە لە دەقەکانیاندا، ڕەوایی بە شێوەیەک لە خەبات و بەرخۆدان بدەن کە لە لایەن نەیارەوە هەوڵ بۆ شاردنەوە و ناحەز نواندنی دەدرێ. ئەوە کارێکە کە هونەرمەندان و ئەدیبانی وڵاتانی بندەستی سیستەمە دیکتاتۆرییەکان لە ئاست و شێوازی جوداوازدا تاقییان کردووەتەوە و هەر بەو شێوەیە نە تەنیا ڕەواییەکی جیهانییان بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی خۆیان دەستەبەر کردووە، بەڵکوو کۆمەڵێک دەقی بەبایەخیشیان خوڵقاندووە کە ئەدەبی جیهانی پێ دەوڵەمەند بووە و وەک بەشێک لە میراتی کولتووری و دژە ستەمکاری لە دونیادا ناسراوە. بۆ وێنە ئەوەی نووسەران و هونەرمەندانی وڵاتانی وەک فەلەستین لەسەردەمی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا خوڵقاندیان، دەنگیانی لە ڕۆچنەیەکی دیکەوە بە دونیا گەیاند. لە وڵاتانی دیکەش زۆرن ئەو هونەرمەند و شاعیرانەی حەولیان لەو بوارانەدا داوە و ئاکامەکەی وەک میراتێک لە بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاردا و هێمایەک بۆ دەنگی ئازادی و مافخوازی لە جیهانی ئەدەبیاتدا تۆمار کراوە.

لە چەند دەیەی ڕابردوو دا هەست دەکرێ لە کوردستان هێندێک لە دەستەواژە و زاراوە فکری و ئەدەبییەکان بە خراپ وەردەگیرێن. هەر ئەوەش کاریگەری لەسەر ڕەوتی نووسین و داهێنانی بەشێک لە نووسەران و شاعیرانی داهێنەر داناوە. بۆ وێنە یەکێک لەو دەستەواژانە ئەدەبیاتی بەرگرییە کە لە لایەن زۆر کەسەوە وەک چەشنێکی سووک لە ئەدەب هەڵدەسەنگێندرێ. دووپاتبوونەوەی هێندێک لە بیرۆکە و باسە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان لە فەزای گشتیدا و سازکردنی کەشێک بۆ چینی نوێ، جاری وایە زەمینە بۆ تێگەشتنێکی گشتی و کاری بەهەرەوەز پێکدێنێ لە بواری ئەدەبدا، کە ئاکامەکانی بە گشتی لە بەرژەوەندیی داهێنان وئەدەبیاتدا نین.

ئەدەبی زیندوو بەردەوام دەلاقەی جیاوازی بۆ دوان لەسەر بابەتە گرینگەکان هەیە و ڕێگای جوداش بۆ بەرهەمهێنانی دەقی ئەدەبی دەدۆزێتەوە و خۆی بە شێوە بیرکردنەوەیەکەوە نابەستێتەوە. بە خوێندنەوەی ئەزموونی شێعری کوردی لەدونیای ئێستادا، ئاکامەکانی ئەو جۆرە ڕوانینە دەبینینەوە. بێ ئەوەی ڕەوتێک دەستنیشان بکرێ پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ؛ زۆرینەی تواناکان لە بیست ساڵی ڕابردوو دا بە دوای خوێندنەوە و تێگەیشتنێک لە شێعر و ئەدەبەوە بوون کە کەمتر ئاوڕی لە لایەنی نەتەوەیی داوەتەوە. وە نەبێ ئەو خوێندنەوەیە دەقی باشی بەرهەم نەهێنابێ. بەڵام ئەو ڕەوتە وای کردووە دیاردەی لاسایی‌کردنەوە لە دەربڕیندا پەرە بستێنێ و ڕاوێژەکان بەرتەسک بنەوە.

لە لایەکی دیکەوە لەو ساڵانەدا کەمتر ئاوڕ لە بواری مانایی دراوەتەوە و شێعر لە ڕەوتی ڕووداوەکانی کوردستان دوور کەوتووەتەوە.

بۆ ئەو دوور کەوتنەوەیەش هۆکاری زۆر باس کراون. شێعری زمان تەوەر، تەنیا جۆری شێعرە و باقی تێگەیشتنەکانی دیکە لە شێعر ناهونەرین. وەک ئەوەی بڵێی کەسانی وەک «سان ژۆن پێرس» لە «ئاناباز»دا و «ئۆکتاویوپاز لە «بەردی تاو»دا شاعیر نەبن. دواتر ئەو باسەش هاتووەتە ئارا؛ شێعرێک کە ڕووی لە کێشەکانی نەتەوەیی بێ، زۆر سنوەردار و دروشم ئاسایە و ناشێ شاعیر لەو چوارچێوە تەنگانەدا بمێنێتەوە. وەک بڵێی گۆرانی «گاردی سیویلی»ی، شاعیری گەورە «لۆرکا» شتێک نەبێ تایبەت بە دۆخێکی تایبەتیی وڵاتێکی تایبەت و «تا شکۆفەی سووری کراسێک»ی «شاملوو» بۆ دۆخی سەردەمی سەرکوتی دەیەکانی سی و چلی هەتاوی ئێران نەگەڕێتەوە.

هۆکارێکی دیکە ئەوەیە کە ئەو چەشنە لە نووسین بەرەو دروشم دادەگەڕێ و دیارە دروشمیش بەتاڵە لە جوانی هونەری. ئەو هۆکارە ڕاستە و دەکرێ هەڵوەستەی لەسەر بکرێ.

بەڵام هیچ کام لەو هۆکارانە ناتوانن ئەوە بسەلمێنن شێعرێک کە دژ بە نەیاری نەتەوەیی و دژ بە پێشێلکەرانی ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ دەنووسرێ ناتوانێ شێعر بێ.

ئەدەبی بەرگری ئەگەر بیرهێنەرەوەی شێوەیەکی دروشم ئاسایە، ڕەنگە بەشێکی هی لاوازی بەشێک لەو دەقانە بێ لەو بوارەدا بەرهەم هاتوون و بەشێکیشی خراپ تێگەشتن لە واتای ئەدەبی بەرگرییە. ئەو ئەدەبیاتەی لە دۆخی داگیرکاریدا دژ بە داگیرکەر و هەموو سیماکانی دەنووسرێ و ڕۆڵی ڕۆشنگەریی هەیە لە هەموو دونیادا دەتوانێ هەڵگری ئەو وەسفە بێ. جا ئەو شاعیرە ئەگەر «ماندلشتایم» بێ لە ڕووسیە بە دژی «شۆڕشی کولتووری» بنووسێ و ئەگەر «هێمن» بێ لە موکریان لە دژی دەستەڵاتی سەرمایەدار و داگیرکەر «ئێوارەی پاییز» داڕێژێ و...

## «سەمای ئەوین» خەڵاتی باشترین فیلمی بەڵگەیی ئەمریکای بردەوە





کورتە فیلمی بەڵگەیی "سەمای ئەوین" لە دەرهێنانی محەممەد فەرەجزادە، هونەرمەندی خەڵکی سەقز، خەڵاتی باشترین فیلمی دێکیۆمێنتیی لە پێنجەمین فێستیواڵی فیلمی زستانەی ئانلاینی وڵاتی ئەمریکا وەدەست هێنا.

فیلمی "سەمای ئەوین" باس لە فیداکاری، خۆشەویستی و بەهرەی هونەریی سدیق غەفاری، سیمای دیار و ناسراوی فەرهەنگی شاری سەقز دەکا کە حەوشەی خانوەکەی هەموو بە نەقش و نیگار و وێنە ڕازاندووەتەوە.

ئەم هونەرمەندە سەقزییە ئەم کارەی تەنیا لە بەر خۆشەویستیی هاوژینەکەی، کە ماوەی ١٥ ساڵە لەسەر جێگادایە کردووە و ئەم فێلمە کورتە بەڵگەمەندە بەم هۆیەوە خەڵاتی باشترین فیلمی ئەم فستیڤاڵەی بردووەتەوە.

## چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێبی «هەژار لە لووتکەدا»




"هەژار لە لووتکەدا"، نوێترین بەرهەمی نووسەر و لێکۆڵەر فەریدوون حەکیمزادە کە هەڵگری کۆمەڵێک بابەت و وتاری تایبەت بە مامۆستا هەژارە چاپ و بڵاوکرایەوە.

نووسەر توانیویەتی دوای نزیک بە حەوت ساڵ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی ٢٤ وتار، ٧ وتووێژ، ٢٢ نامە، ١٠ پێشەکی بۆ کتێبی نووسەران و چەندین نووسراوەی دیکە لە مامۆستا هەژار کۆ بکاتەوە کە کارێکی بەبایەخ و گرینگە لە ناسینی باشتری قەڵەم و زانستی مامۆستا هەژار موکریانیدا.

فەرەیدوون حەکیمزادە ساڵی ١٣٤٧ لە شاری سەردەشت لەدایک بووە، لیسانسی لە زانستی پەروەردەدا هەیە و نیزیک بە سی ساڵە چالاکیی فەرهەنگی و نووسینی هەیە و خاوەنی ٨ بەرهەمی توێژینەوە و وەرگێڕانە.

## ناوەندی ڤەژین: پەروەردە بە زمانی دایک مافی بێئەملاوئەولامانە

ناوەندی فەرهەنگی هونەریی ڤەژین، بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی، ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە. لەو ڕاگەیەندراوەدا هاتووە کە زمان وەک یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی نەتەوە، هێما و نیشانەی ناسینەوەی نەتەوەییە. بایەخدان بەو هێما و نیشانەیەش، پێشاندەری ڕادەی ئاستبەرزی و وشیاریی کۆمەڵایەتیی ئەو نەتەوەیە دەگەیەنێ؛ چوونکە زمان خەسڵەت و تایبەتمەندیی نەتەوە هەڵدەگرێ.

ناوەندی "ڤەژین" دەڵێ پەروەردە بە زمانی دایکی، مافێکی سروشتی و مرۆیی هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە بەبێ هیچ جۆرە جیاوازییەکی نەتەوەیی و ئێتنیکی. بێبەشکردنی منداڵانی نەتەوەیەکیش لە پەروەردە بە زمانی دایکی، بە پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکان دادەنرێ و پرۆسەی ئاشتی، تەبایی و پێکەوەژیان لە نێو نەتەوەکان لە جۆغرافیایەکی دیاریکراودا بەرەو ڕووخان و هەڵتەکاندن دەبا.

ناوەندی فەرهەنگی هونەریی ڤەژین بە ئاماژە بە سەپاندنی سزای ٥ ساڵ زیندان بەسەر زارا محەممەدی بە تاوانی گوتنەوەی خۆبەخشانەی زمانی کوردی، وێڕای دەربڕینی نارەزایەتی سەبارەت بەو حوکمە نارەوایە، داوای لە بەرپرسانی حکوومی و دادوەری لە پارێزگای سنە کردووە بەو حوکمە نارەوایە بچنەوە و بە زووترین کات زەمینەی ئازادی هەمیشەیی ئەو چالاکوانە زمانی و فەرهەنگییە بخولقێنن.




## «کچانی کۆبانی» بوو بە یەکێک لە باشترین کتێبەکانی وەرز لە ئەمریکا

کتێبی "کچانی کۆبانی" کە باس لە ژیانی کچانی جەنگاوەری کوردی ڕۆژئاوا لە بەرەکانی شەڕ لەگەڵ داعشدا دەکا، لەنێو باشترین کتێبەکانی وەرزی زستان لە ئەمریکادا خۆی دیتەوە.

بەشداری و ئازایەتیی ژنانی کورد لە بەرەکانی شەرەکانی داعش لە سووریە کە لە حەماسەی "کۆبانی"دا گەیشتە لووتکە، سەرنجی زۆربەی ڕاگەیەندراوەکانی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بە دەیان کتێب، فیلم و دێکۆمێنت لە بەربەرەکانێی ئەو کچانە ساز کراوە کە "کچانی کۆبانی" یەک لەوانە.

"کچانی کۆبانێ" بە قەڵەمی گایل لیمۆن، لە کۆمەڵگەی ئەدەبیی ئەمریکا، پێشوازییەکی بێوێنەی لێ کراوە و لەلایەن گۆڤارە بەناوبانگەکانی ئەمریکاوە خراوەتە لیستی باشترین کتێبەکانی وەرزی زستانەوە. نووسەری ئەم کتێبە بۆ نووسینی کتێبەکەی سەردانی ڕۆژئاوای کوردستانی کردووە و ئەم کتێبەی بە وتووێژ لەگەڵ فەرماندەرە ژنەکانی کورد نووسیوە و زیرکیی و بوێریی ژنانی کوردی هێناوەتە بەرباس.

